The Atlantic Ocean زەریای ئەتڵەسی

پێویستە ئامڕازی ناساندنی (the) بەکاربهێنین لەپێش ناوە جوگرافییەکانی وەکو : دەریاکان و گردەکان و دوورگەکان...هتد بە مەرجێک بە شێوەی کۆ بێن بە شێوەی دووناوی بەسەر یەکەوە هاتوو بێن و بە شێوەی تاک نەیەن بۆ نمونە:

The Rockies شاخەکانی ڕۆکی

The West Indies هندستانی ڕۆژئاوا

The Red Sea دەریای سوور

The Amazon هەڵەیە ئەم نوسینە چونکە بە شێوەی تاک هاتووە

The Amazon River ڕووباری ئەمازۆن

پێویستە ئامڕازی ناساندنی (the) بەکاربهێنین لەپێش ئاوەڵناوەکانی پلەی باڵا بۆ نمونە:

I am the best. من باشترینم

ناتوانین ئامڕازی نەناساندن (a) یان (an) بەکاربهێنین لەپێش ناوێکی تاکی ژمێرراودا لەکاتێکدا وشەی (by) لەپێش وشە تاکە ژمێرراوەکەوە بێت بۆ نمونە:

I went by a car. هەڵەیە ئەم ڕستەیە

I went by car. ڕاستە ئەم ڕستەیە (من ڕۆیشتم بە سەیارەیەک)

ناتوانین ئامڕازی ناساندن و نەناسین بەکاربهێنین لەگەڵ ئەو ناوانەی کە ڕاناوی خۆیەتی (ضمیر الملكية) یان لەپێشەوە هاتووە یان ڕاناوی ئاماژە (ضمير الإشارة) یان لەپێشەوە هاتووە بۆنمونە:

This the pen هەڵەیە

This is the pen ڕاستە

My a pen هەڵەیە

ناتوانین ئامڕازی ناساندن و نەناسین بەکاربهێنین لەگەڵ ناوەکانی وەکو : شارەکان و وڵاتەکان و شاخەکان و ڕووبارەکان و شەقامەکان و زمانەکان و ژەمە خواردنەکان و ڕۆژنامەکان و فرۆکەخانەکان و وێستگەکان بۆنمونە:

I had lunch with John. نانی نیوەڕۆم خوارد لەگەڵ جۆن

I bought Cosmopolitan at Paddington Station.

ناوی ڕۆژنامە ناوی وێستگە

ناتوانین ئامڕازی ناساندن و نەناسین بەکاربهێنین لەگەڵ ئەو ناوانەی کە ئامڕازی پەیوەندییان لەپێشەوە هاتووە بۆنمونە:

at home , at/to work , at/to school , at/to university , at/to sea , at/to college , at/to church , in/to bed , in/to class , in/to hospital , on foot…etc.

Examples:

She goes to a work by bus.

I was at the home yesterday.

ناتوانین ئامڕازی ناساندن بەکاربهێنین لەپێش (ناوی کۆ) و (ناوی نەژمێرراو) کاتێک دەمانەوێت قسە بکەین دەربارەی ئەو ناوانە بەشێوەیەکی گشتی بۆ نمونە:

Water boils at 100 °C. ئاو دەکوڵێت لە سەد پلەی سیلیزیدا

Milk is good for you. شیر باشە بۆ تۆ

I like potato. من حەزم لە پەتاتەیە

لە ڕستەی یەکەمدا (ئاو) بە شێوەیەکی گشتی مەبەستمانە نەک ئاوێکی دیاری کراو کە لە 100 پلەی سەدیدا بکوڵێت ، وە لە ڕستەی دووەمدا (شیر) مەبەستمان شیرە بەشێوەیەکی گشتی کە باشە بۆ تۆ ، وە لە ڕستەی سێیەمدا من حەزم لە پەتاتەیە بە شێوەیەکی گشتی مەبەستمان پەتاتەیەکی دیاری کراو نییە.

پێویستە ئامڕازی ناساندنی (the) بەکاربهێنین لەپێش ژمارە ڕیزکراوەکان بە مەرجێک ئەو ناوەی کە لەدوای ژمارەکەوە دێت ناسراو بێت بۆ نمونە:

The First Winner براوەی یەکەم

I am reading the second book. من کتێبی دووەم دەخوێنمەوە

ناتوانین ئامڕازی نەناسراو بەکاربهێنین لەپێش (somebody, someone, some-) چونکە ئەوانە لە بنەڕەتدا نەناسراون بۆ نمونە:

لە ڕستەدا لەگەڵ (go home) دا ئامڕازی نەناسین و ئامڕازی ناساندن و ئامڕازی پەیوەندی بەکارناهێنین بۆ نمونە:

I go to home. هەڵەیە

I went to home. هەڵەیە

I go home. ڕاستە

I went home. ڕاستە

parts of noun بەشەکانی ناو

یەکەم : ناوی تایبەتی (أسماء العلم) proper nouns :

ئەو ناوانەن کە بەکاردەهێنرێن بۆ ناونانی کەسەکان و شوێنەکان و ناوی مانگەکان و ناوی ڕۆژەکانی هەفتە و وڵاتەکان و شارەکان ، وە پیتی یەکەمی ئەم ناوانە بە پیتی گەورە (capital letter) دەنوسرێت جا لەهەر شوێنێکی ڕستەدا بێت ، وە ناتوانین ئامرازی نەناساندنی (a) و (an) بخەینە پێش ئەو ناوانەوە ، وە هەروەها ناشتوانین ئامرازی ناساندنی (the) بخەینە پێش ئەو ناوانەوە چونکە ئەو ناوانە لە بنەڕەتدا ناسراون بۆ نمونە:

Ali عەلی, Damascus دیمەشق, America ئەمەریکا, Friday (الجمعة) هەینی

دووەم : ناوی نەناسراو (أسماء النكرة) common nouns :

ئەو ناوانەن کە بەکاردەهێنرێن بۆ ئاماژە کردن بۆ جۆرێتی لە کەسەکان یان شتەکان یان شوێنەکان، وە پیتی یەکەمی ئەو ناوانە بە پیتی گەورە (capital letter) دەنوسرێن کاتێک کە لە سەرەتای ڕستەوە هاتن ، وە ئەگەر لە سەرەتای ڕستەوە نەبوو یان لە ناوەڕاست و کۆتایی ڕستەدا بوو ئەوا پیتی یەکەمی ئەو ناوانە بە پیتی بچوک (small letter) دەنوسین ، وە پێویستە ئامرازی نەناساندنی (a) یان (an) لە پێشیانەوە بێت کاتێک بە شێوەی تاکی نەناسراو دێن لە ڕستەدا ، وە یان ئامرازی ناساندنی (the) لەپێشیانەوە دێت کاتێک بە شێوەی ناسراو دێن ، هەندێک نمونە لە ناوی نەناسراو :

man پیاو , teacher مامۆستا , cat پشیلە , book پەڕتوک , city شار

سێیەم : ناوی ماددەکان (أسماء المادة) material nouns :

بریتین لە ناوی ماددەکان بەشێوەیەکی گشتی، وە پیتی یەکەمی ئەو ناوانە بە پیتی گەورە (capital letter) دەنوسرێن کاتێک کە لە سەرەتای ڕستەوە هاتن ، وە ئەگەر لە سەرەتای ڕستەوە نەبوو یان لە ناوەڕاست و کۆتایی ڕستەدا بوو ئەوا پیتی یەکەمی ئەو ناوانە بە پیتی بچوک (small letter) دەنوسین ، وە پێویستە ئامڕازی نەناساندنی (a) یان (an) لە پێشیانەوە بێت کاتێک بە شێوەی تاک دێن لە ڕستەدا ، وە یان ئامڕازی ناساندنی (the) لەپێشیانەوە دێت کاتێک بە شێوەی ناسراو دێن ، هەندێک نمونە لەسەر ناوی ماددەکان :

iron ئاسن, snow بەفر , water ئاو , sand لم , air هەوا , bread نان

چوارەم : ناوە کۆکراوەکان (أسماء الجمع) collective nouns :

ئەو ناوانەن کە دروستدەکرێن لە ناوی کەسەکان یان گیانلەبەرەکان یان شتەکان لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی ئەم کۆمەڵە ناوە یان یەک دەستە و کۆمەڵە بێت ، وە پیتی یەکەمی ئەو ناوانە بە پیتی گەورە (capital letter) دەنوسرێن کاتێک کە لە سەرەتای ڕستەوە هاتن ، وە ئەگەر لە سەرەتای ڕستەوە نەبوو یان لە ناوەڕاست و کۆتایی ڕستەدا بوو ئەوا پیتی یەکەمی ئەو ناوانە بە پیتی بچوک (small letter) دەنوسین ، هەندێک نمونە لەسەر ناوی کۆکراوە :

crowd قەرەباڵغی , army سوپا ، لەشکر , fleet کاروانی کەشتی ,

crowds قەرەباڵغییەکان , armies لەشکرەکان , fleets کاروانی کەشتییەکان

پێنجەم : ناوە واتاییەکان (أسماء المعنوية) abstract nouns :

ئەو ناوانەن کە دروستدەکرێن لە تایبەتمەندییەک یان ئەگەرێک (حالة) یان کاریگەرییەکی دیاریکراو، وە پیتی یەکەمی ئەو ناوانە بە پیتی گەورە (capital letter) دەنوسرێن کاتێک کە لە سەرەتای ڕستەوە هاتن ، وە ئەگەر لە سەرەتای ڕستەوە نەبوو یان لە ناوەڕاست و کۆتایی ڕستەدا بوو ئەوا پیتی یەکەمی ئەو ناوانە بە پیتی بچوک (small letter) دەنوسین بۆ نمونە:

joy خۆشی ، دڵخۆشی , laughter ئاسوودەیی , pleasure قاقای پێکەنین

ناوی ژمێرراو و ناوی نەژمێرراو (الأسماء القابلة للعد و غير القابلة للعد)

1-ناوی ژمێرراو : ئەو ناوانەن کە دەتوانرێ بژمێررێ و دەتوانین بەکاریان بهێنین بە شێوەی تاک و بەشێوەی کۆ، وە پێویستە ئامڕازی نەناساندنی (a) یان (an) لە پێشیانەوە بێت کاتێک بە شێوەی تاک دێن لە ڕستەدا ، وە یان ئامڕازی ناساندنی (the) لەپێشیانەوە دێت کاتێک بە شێوەی ناسراو دێن ، وە گوزرارشت دەکرێن بە هۆی وشەی (many) کاتێک زۆر بێت ، وە کاتێکیش کەم بێت وشەی (few) بەکاردەهێنین بۆ نمونە:

a man پیاوێک , many men پیاوانێکی زۆر , a few men پیاوانێکی کەم

many of men زۆرێک لە پیاوان , a few of men کەمێک لە پیاوان

2-ناوی نەژمێرراو : ئەو ناوانەن کە ناتوانرێ کۆبکرێنەوە ، وە ناشتوانرێ بەکاربهێنرێ بە شێوەی تاک و بە شێوەی کۆ ، وە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین بە شێوەی تاک ، وە لەدوای ئەم ناوانەوە (is, was, has,...etc) دێت ، وە ناتوانین ئامڕازی نەناساندنی (a) یان (an) لە پێشیانەوە دابنێین کاتێک بە شێوەی تاک دێن لە ڕستەدا ، بەڵام دەتوانین ئامڕازی ناساندنی (the) لەپێشیانەوە دابنێین کاتێک بە شێوەی ناسراو دێن لە ڕستەدا ، وە لەگەڵ بڕە زۆرەکەی

وشەی (much) بەکاربهێنین ، وە لەگەڵ برە کەمەکەی وشەی (little) بەکاردەهێنین ، وە نمونەی ئەو ناوانە وەکو ناوی ماددەکان و ناوی واتایی (معنوی) ، بۆ نمونە:

1- ناوی ماددەکان materials :

Material: cotton, cloth, silk, wool, nylon, gold, silver…etc.

Food: flour, rice, bread, wheat, rye, sugar, salt, pepper…etc.

Other: butter, cheese, jam, fur, skin, hair, ice, snow, rain, soil, grass, land, ground, wood, plastic, leather, coal, rock, sand, paper, cement, chalk, plaster, paint…etc.

2- ناوی شلەکان liquids :

water , milk , coffee , tea , oil , petrol , gasoline , juice , alcohol…etc.

3- ناوی گاز و هەوا gases :

air , smoke , steam , oxygen , hydrogen…etc.

4- ناوی شتی تر :

music , luggage , baggage , pay , noise , traffic , furniture , accommodation , homework…etc.

5- ناوی واتایی :

water ئاو , much water ئاوێکی زۆر , a little water کەمێک ئاو

sugar شەکر , much sugar شەکرێکی زۆر , a little sugar کەمێک ئاو

water ئاو , much of water بڕێکی زۆر ئاو , a little of water کەمێک لە ئاو

sugar شەکر , much of sugar بڕێکی زۆر شەکر , a little of sugar بڕێکی کەم شەکر

تێبینی : هەندێک ناو هەیە کە لە هەمان کاتدا ژمێرراو و نەژمێرراوە ، بۆ نمونە وشەی (coffee) واتا (قاوە) ، وە ئەگەر لە ڕستەدا وشەی (coffee) مەبەستی خودی قاوە بێت ئەوە نەژمێرراوە ، بەڵام ئەگەر مەبەست پێی کوپێک قاوە بێت ئەوە ژمێرراوە ، وە بۆ وشەی (tea, potato,…etc.) هەر وایە بۆ نمونە :

I want a coffee. کوپێک قاوەم دەوێت (ژمێرراوە)

I like coffee. حەزم لە قاوەیە (نەژمێرراوە)

Examples:

1-She has much of gold and a little of beauty. ئەو کچە بڕێکی زۆر ئاڵتونی هەیە و بڕێکی کەم جوانی هەیە

2-This water is sterilized. ئەم ئاوە پاکژ کراوە

تێبینی : هەندێک ناو هەیە کە ژمێرراوە، بەڵام دەتوانین بیکەین بە نەژمێرراو لە ڕستەدا بەڵام بە واتایەکی جیاواز بۆ نمونە :

Examples:

1-The boy threw a stone. کوڕەکە بەردێکی هەڵدا (ژمێرراوە)

2-This wall is made of stone. ئەم دیوارە دروستدەکرێ لە بەرد (نەژمێرراوە)

تێبینی : هەندێک ناوی واتایی هەن کە دەتوانرێ بکرێن بە ژمێرراو بەڵام بە شێوەی کۆ ئەویش بە زیاد کردنی پیتی (s) بۆ کۆتایی ناوەکە بۆ نمونە :

ideas بیرۆکەکان , opinions بۆچوونەکان (آراء) , truths ڕاستییەکان

تێبینی : لە هەندێک حاڵەتی تایبەتی دا کە ئەویش ئەوەیە کە هەندێک ناوی تایبەتی هەن کە دەتوانرێ بکرێن بە کۆ ئەویش بە زیاد کردنی پیتی (s) بۆ کۆتایی ناوەکە بۆ نمونە :

I met three Omars yesterday. دوێنێ سێ کەسم بینی کە ناویان عمر بوو

gender (ڕەگەز (نێر و مێ

لە زمانی ئینگلیزیدا ڕێسایەکمان نییە بۆ جیاکردنەوەی نێر و مێ ، وە لە زمانی ئینگلیزیدا ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە دەکرێ بە چوار بەشەوە :

1-نێر : ئەم ناوە دەتوانرێ بنوسرێ بە شێوەی بکەر (he) و هەروەها بە شێوەی تەواوکەر (him) بنوسرێ ، وە ئەم چەند ناوەی لای خوارەوە تەنها بۆ حاڵەتی نێر بەکاردەهێنرێ بۆ نمونە:

son (إبن) کوڕ , boy (ولد) کوڕ , man پیاو , father باوک , brother برا , uncle مام یان خاڵ ,nephew (کوڕ) برا یان خوشکەزا, prince میر ، میرزادە , king پادشا

Actor/æktə/ /ئاکتە/ (نێر) ئەکتەر ، نوێنەر, host/həʊst/ /هەوست/ (نێر) میواندارێکەر, lion/laiən/ /لایەن/ شێری نێر, male/meil/ /مەیڵ/ نێر, cock/kɒk/ /کۆک/ کەڵەشێر, husband/hʌzbənd/ /هەزبەند/ مێرد

2-مێ : ئەم ناوە دەتوانرێ بنوسرێ بە شێوەی بکەر (she) و هەروەها بە شێوەی تەواوکەر (her) بنوسرێ ، وە ئەم چەند ناوەی لای خوارەوە تەنها بۆ حاڵەتی مێ بەکاردەهێنرێ بۆ نمونە:

daughter (إبن) کچ , girl (بنت) کچ , woman ئافرەت , mother دایک , sister خوشک ,aunt پور , niece (کچ) برا یان خوشکەزا, princess میرخاتوون , queen شاژن, actress/æktrəs/ /ئاکترەس/ (مێ) ئەکتەر ، نوێنەر (مێ), hostess/həʊstes/ /هەوستێس/ (مێ) میواندارێکەر, lioness/laiənəs/ /لایەنەس/ شێری مێ, female/fi:meil/ /فیمەیڵ/ مێ, hen/hen/ /هێن/ مریشک, wife/waif/ /وایف/ ژن

3-بێ گیان ، ناژیر ، غیر العاقل : ئەم ناوە دەتوانرێ بنوسرێ بە شێوەی بکەر و تەواوکەر دەنوسرێ بە (it) ، وە هەندێک ناوی ئاژەڵان و بێ گیانەکان بۆ نمونە:

pen پێنوس , table مێز , door دەرگا , book پەڕتوک , city شار , cat پشیلە , dog سەگ

4-تێکەڵ ، مختلط : ئەم ناوە دەتوانرێ بەکاردەبهێنرێ بۆ هەردوو ڕەگەزەکە (نێر و مێ) بۆ نمونە:

ژمارە	ناوی ئینگلیزی	واتاکەی بە کوردی
1	child	منداڵی کوڕ ، منداڵی کچ
2	friend	هاوڕێ ی کوڕ ، هاوڕێ ی کچ
3	doctor	پزیشکی نێر ، پزیشکی مێ
4	judge	دادوەری نێر ، دادوەری مێ
5	cousin	کوڕی مام ، کچی مام ، کوڕی خاڵ ، کچی خاڵ
6	artist	هونەرمەندی ئافرەت ، هونەرمەندی پیاو
7	teacher	مامۆستای پیاو ، مامۆستای ئافرەت

بەکارهێنانی چەند وشەیەکی ئینگلیزی بۆ مەبەستی جیاکردنەوەی نێر لە مێ بۆ نمونە:

ژمارە	نێر	مێ
1	boy کوڕ	girl کچ
2	brother برا	sister خوشک
3	bull گا ، جوانەگا	cow مانگا
4	cock کەڵەشێر	hen مریشک

5	dog گۆڵ ، سەگی نێر	bitch دێڵ ، مێیەی سەگ
6	father باوک	mother دایک
7	fox ڕێوی نێر	vixen ڕێوی مێ
8	horse ئەسپ	mare ماین
9	husband مێرد	wife ژن
10	king پادشا	queen شاژن
11	lord گەورە (پیاو)	lady گەورە (ئافرەت)
12	man پیاو	woman ئافرەت
13	monk ڕەبەن ، ڕاهیب	nun ڕاهیبە
14	nephew کوڕی برا یان کوڕی خوشک	niece کچی برا یان کچی خوشک
15	ram بەران	ewe مەڕ
16	sir گەورە	madam خانم
17	son کوڕ (کەسێک کوڕی هەبێت)	daughter کچ (کەسێک کچی هەبێت)
18	uncle مام ، خاڵ	aunt پور (خوشکی باوک یان خوشکی دایک)

case of nouns حاڵەتەکانی ناو لە زمانی ئینگلیزیدا

1-حاڵەتی بکەر (واتە دەبێت بە بکەر بۆ فرمانەکە) بۆ نمونە:

The boy broke the window. کوڕەکە پەنجەرەکەی شکاند

2-حاڵەتی تەواکەری ڕاستەوخۆی فرمان و تەواکەری بەیاریدەی فرمان بۆ نمونە:

1-The boy broke the window. کوڕەکە پەنجەرەکەی شکاند

2-Put your cup on the table. کوپەکەت دابنێ لەسەر مێزەکە

3-حاڵەتی خۆیەتی (Genitive) بۆ نمونە:

أ-ڕێگای کورتکردنەوە :

a-حاڵەتی تاک (مفرد) ئەویش بە زیاد کردنی ('s) بۆ کۆتایی ناوەکە بۆ نمونە:

1-The girl's robe. ڕۆبەی کچەکە

2-Shakespeare's plays. شانۆگەرییەکانی شکسپیر

b-حاڵەتی کۆ (جمع) ئەویش بە زیاد کردنی (s') بۆ کۆتایی ناوەکە بە مەرجێک ناوەکە بە (s-) یان بە (es-) کرابێت بە کۆ بۆ نمونە:

1-The girls' robes. ڕۆبەکانی کچەکان

2-The boys' books. کتێبەکانی کوڕەکان

بەڵام ئەگەر ناوە کۆیەکە بە (s-) و (es-) نەکرابوو بە کۆ ، ئەوا بە شێوەی تاک مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین و ('s) دەخەینە دوای ناوە کۆیەکەوە بۆ نمونە:

1-The men's room. ژووری پیاوەکان

2-The children's teacher. مامۆستای منداڵەکان

تێبینی : ڕێگای کورتکراوە بەکاردەهێنرێت بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە :

1-لەگەڵ ئەو ناوانەی کە ئاماژە دەکەن بۆ بوونەوەری زیندوو (الكائنات الحية) بۆ نمونە:

1- The cat's tail. کلکی پشیلەکە

2-The men's room. ژووری پیاوەکان

3-The women's society. کۆمەڵەی ئافرەتان

2-لەگەڵ ئەو شتانەی کە بەرجەستەن ، کە وێنای تایبەتمەندییەکی مرۆڤایەتی دەکەن بۆ نمونە:

The Beauty's queen. شاژنی جوانی (ملكة الجمال)

ب-ڕێگای درێژ کردنەوە : ئەویش بە هۆی دانانی وشەی (of) لەنێوان تەواوکراو و تەواوکەری ناودا بۆ نمونە:

1-Names of the engineers ناوی ئەندازیارەکان

2-The legs of the table قاچەکانی مێزەکە

تێبینی : ڕێگای درێژ کردنەوە بەکاردەهێنرێت بۆ ئەم مەبەستانەی لای خوارەوە :

1-لەگەڵ ئەو ناوانەی کە ئاماژە دەکەن بۆ بوونەوەری نازیندوو (الكائنات غير حية) بۆ نمونە:

1-The legs of the table قاچەکانی مێزەکە

2-My key of door. کلیلی دەرگاکەم (دەبێت و دروستە)

3-My door's key. کلیلی دەرگاکەم (دەبێت و باشترە)

2-لەگەڵ هەندێک سیفەتی بەکارهێنراو لەسەر شێوەی ناو وە دەتوانرێ بە شێوەی کورتکراوەیی بەکاربهێنرێ بۆ نمونە:

names of the engineers OR the engineers' name.

فرمانەکان لە زمانی ئینگلیزی دا

هەموو فرمانێکی تەواوی زمانی ئینگلیزی سێ شێوەی هەیە کە بریتین لە چاوگ (infinitive) و ڕابردووی سادە (past simple) و شێوەی سێیەم (past participle) .

شێوەی یەکەم کە بریتییە لە (infinitive) بەکاردەهێنرێ بۆ کاتی ئێستا (حاضر) ، وە شێوەی دووەم کە بریتییە لە ڕابردووی سادە (past simple) ، وە شێوەی سێیەم (التصریف الثالث) (past participle) بەکاردەهێنرێ بۆ دروستکردنی بکەرنادیار و ڕانەبردووی تەواو (لە دواتر بە جوانی ڕوونکراوەتەوە).

فرمانەکانی زمانی ئینگلیزی دابەش دەکرێن بۆ دوو بەش :

1-فرمانە ڕێکەکان (یاساییەکان) : ئەم جۆرە لە فرمان شێوەی ڕابردووی سادەکەی وەکو شێوەی سێیەمی وایە ، وە بۆ کردنی بە ڕابردوو و شێوەی سێیەم پێویستە (ed) زیاد بکەین بۆ کۆتایی فرمانەکە بۆ نمونە:

play ⟶ played ⟶ played

2-فرمانە نارێکەکان (نایاساییەکان) : ئەم جۆرە لە فرمان شێوەی یەکەم و شێوەی دووەم و شێوەی سێیەمی جیاوازە ، واتە کاتێک فرمانێک لە چاوگەوە دەگۆڕین بۆ ڕابردووی سادە دەگۆڕێت ، وە کاتێک ڕابردووەکە دەگۆڕین بۆ شێوەی سێیەم دووبارە شێوەکەی دەگۆڕێت واتە لە هەر سێ شێوەکەدا جیاوازن (وە ئەم جۆرە فرمانانە پێویستە لەبەر بکرێن) بۆ نمونە:

ژمارە	infinitive شێوەی یەکەم	Past simple شێوەی دووەم	Past participle شێوەی سێەم
1	eat	ate	eaten
2	drink	drank	drunk

هەموو فرمانێک لە زمانی ئینگلیزیدا سێ کاتی هەیە:

1-شێوەی ڕابردوو (past) : فرمانی ڕابردوو کارێکە (ئیشێکە) کراوە لە ڕابردوودا وەکو (خواردی ، خواردیەوە ، دانیشت ، یاری کرد) .

لە زمانی ئینگلیزیدا زۆربەی فرمانەکان بۆ گۆڕینیان بۆ ڕابردوو (ed) وەردەگرن وە بەم جۆرە فرمانانەش دەوترێ (فرمانە ڕێکەکان) (regular verbs) .

ئەم فرمانانە بگۆڕە بۆ ڕابردوو کە فرمانی یاسایین : love, cry

لەوانەیە لە سەدا نەوەد (90%) ی خەڵک بڵێن بەم شێوەیەی لێدێت loveed, cryed

بەڵام ئەوانە هەڵەن و ڕاستییەکەشیان بریتییە لە loved, cried

2-شێوەی ڕانەبردوو (present) : شێوەی ڕانەبردوو هەمان شێوەی کاتی ئێستای هەیە بۆ فرمان کە شێوەی یەکەمە و چاوگە بۆ نمونە:

eat	دەخوات
drink	دەخواتەوە
sit	دادەنیشێت
play	یاری دەکات

3-شێوەی فەرمان کردن (أمر): شێوەی فەرمان کردن هەمان شێوەی کاتی ئێستای هەیە بۆ فرمان کە شێوەی یەکەمە بۆ نمونە:

Eat	بخۆ
Drink	بخۆرەوە
Sit	دانیشە
Play	یاری بکە

یاسای زیاد کردنی پاشگری (-s) بۆ ناوەکان و فرمانەکان

1-پاشگری (-s) زیاد دەکەین بۆ ناوەکان و ئەو فرمانانەی کە چاوگ (infinitive) ن بەتەنها.

2-ئەگەر وشەکە کۆتایی هاتبوو بە یەکێک لەمانە (s, ss, ch, sh, o, z) ئەوا کاتێک پاشگری (-s) ی بۆ زیاد دەکەین دەبێت بە (-es) بۆ نمونە:

bus ⟶ buses

بێجگە لەمانەی لای خوارەوە کە تەنها پیتی (s) وەردەگرن :

تاک	کۆ
photo	photos
video	videos
kilo	kilos
piano	pianos

3-ئەگەر وشەکە کۆتایی هاتبوو بە پیتی (y) ئەوا لەکاتی زیاد کردنی (s) دا ، پیتی (y) لادەبەین و (ies) ی بۆ زیاد دەکەین کاتێک پێش پیتی (y) ەکەی کۆتایی ، پیتی نەبزوێن هاتبێت بۆ نمونە:

worry ⟶ worries

جگە لە ناوی شوێن و کەسەکان کە پیتی (y) بەهیچ شێوەیەک دەستکاری ناکەین بۆ نمونە:

Harry ⟶ Harrys

شێوازی زیاد کردنی (ing) بۆ وشەکان

1-پاشگری (ing) زیاد دەکەین بۆ فرمانێک کە لەسەر شێوەی (infinitive) بێت.

2-ئەگەر فرمانێک کۆتایی هاتبێت بە پیتی (e) و لەپێشیەوە پیتێکی نەبزوێن هەبێت ، ئەوا لەکاتی زیاد کردنی (ing) ، پیتی (e) لادەبەین زۆربەی جار بۆ نمونە:

come ⟶ coming

جگە لەم دوو وشەیەی لای خوارەوە بۆ نمونە:

be ⟶ being

dye ⟶ dyeing

3-ئەگەر فرمانەکە کۆتایی هاتبوو بەم شێوەیە (پیتی نەبزوێن + پیتی بزوێن + پیتی نەبزوێن) ، ئەوا لەکاتی زیاد کردنی (ing) ، پیتی کۆتایی دەبێت بە دووان (double) زۆربەی جار بۆ نمونە:

run ⟶ running

ڕێسای زیاد کردنی پاشگری (ed) بۆ فرمانەکان

1-پاشگری (ed-) زیاد دەکەین بۆ ئەو فرمانانەی کە لەسەر شێوەی (چاوگ) ن ، دوای ئەوە فرمانەکە دەبێت بە (ئاوەڵناو) یان (ڕابردووی سادە) یان (شێوەی سێیەمی فرمان) ئەگەر فرمانەکە یاسایی بێت.

2-ئەگەر فرمانێک کۆتایی هاتبێت بە پیتی (e) و لەپێشیەوە پیتێکی نەبزوێن هەبێت ، ئەوا لەکاتی زیاد کردنی (ed) ، پیتی (e) لادەبەین و (ed-) بۆ زیاد دەکەین بۆ نمونە:

use ⟶ used

3-ئەگەر فرمانەکە کۆتایی هاتبوو بە پیتی (y) ئەوا لەکاتی زیاد کردنی (s) دا ، پیتی (y) لادەبەین و (ied) ی بۆ زیاد دەکەین کاتێک پێش پیتی (y) ەکەی کۆتایی ، پیتی نەبزوێن هاتبێت بۆ نمونە:

study ⟶ studied

4-ئەگەر فرمانەکە کۆتایی هاتبوو بەم شێوەیە (پیتی نەبزوێن + پیتی بزوێن + پیتی نەبزوێن) ، ئەوا لەکاتی زیاد کردنی (-ed) ، پیتی کۆتایی دەبێت بە دووان (double) زۆربەی جار بۆ نمونە:

stop ⟶ stopped

5-ئەگەر فرمانێک کۆتایی هاتبێت بە پیتی (w) یان (y) و لەپێشیەوە پیتێکی بزوێن هەبێت ، ئەوا لەکاتی زیاد کردنی (ed) ، پیتی (y) ناگۆڕێت بە هیچ شێوەیەک بۆ نمونە:

play ⟶ played

ڕستە لە زمانی (ئینگلیزی) دا

هەروەک دەزانین لە زمانی عەرەبیدا دوو جۆر ڕستەمان هەیە کە ئەوانیش ڕستەی ناوی و ڕستەی فرمانییە (الجملة الإسمية والجملة الفعلية) ، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا تەنها یەک جۆر ڕستەمان هەیە کە ئەویش ڕستەی فرمانییە (الجملة الفعلية) .

لە حاڵەتی ئاساییدا ڕستەی ئینگلیزی پێکدێت لە :

Subject (بکەر) + verb (فرمان) + object (تەواوکەر)

دەتوانین تەواوکەر (مفعول بە)ەکەمان بریتی بێت لە (ناو ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵفرمان ، جارومجرور) بۆ نمونە:

1-She is a teacher. (Noun)

2-He is smart. (Adjective)

3-Hiwa is there. (Adverb)

4-I go to school. (جار و مجرور)

ئەگەر بکەرەکە بریتی بێت لە ئەو (نێر) (He) یان ئەو (مێ) (She) یان ناژیر (ئاژەڵان و بێ گیانەکان) (It) یان (ناوێکی تاک) بۆ ڕانەبردووی سادە ئەوا (s-) دەخەینە کۆتایی فرمانەکەوە.

ئەگەر بکەرەکە بریتی بێت لە من (I) یان ئێمە (We) یان تۆ ، ئێوە (You) یان ئەوان (they) یان (ناوێکی کۆ) بۆ ڕانەبردووی سادە ئەوا هیچ شتێک ناخەینە کۆتایی فرمانەکەوە و بە (چاوگ) دەینوسین بۆ نمونە:

1-لەم نمونەیەی خوارەوەدا (Ali) بریتییە لە بکەر ، وە فرمانەکە بریتییە لە (eats) ، وە تەواوکەر (مفعول بە) ەکە بریتییە لە (the apple) ، وە فرمانەکە (s-) ی وەرگرتووە چونکە بکەرەکە تاکە و ڕستەکە ڕانەبردووە.

Ali eats the apple. عەلی سێوەکە دەخوات

2-لەم نمونەیەی خوارەوەدا (They) بریتییە لە بکەر ، وە فرمانەکە بریتییە لە (play) ، وە تەواوکەر (مفعول بە) ەکە بریتییە لە (football) ، وە فرمانەکە (چاوگ) ە چونکە بکەرەکە کۆیە.

They play football. ئەوان یاری تۆپی پێ دەکەن

3-لەم نمونەیەی خوارەوەدا (The cats) بریتییە لە بکەر ، وە فرمانەکە بریتییە لە (play) ، وە تەواوکەر (مفعول بە) ەکە بریتییە لە (in a street) ، وە فرمانەکە (چاوگ) ە چونکە بکەرەکە کۆیە.

The cats play in a street. پشیلەکان یاری دەکەن لە شەقامێکدا

The cats play in the street. پشیلەکان یاری دەکەن لە شەقامەکەدا

4-لەم نمونەیەی خوارەوەدا (He) بریتییە لە بکەر ، وە فرمانەکە بریتییە لە (drinks) ، وە تەواوکەر (مفعول بە) ەکە بریتییە لە (water) ، وە فرمانەکە (s-) ی وەرگرتووە چونکە

بکەرەکە تاکە ، وە ئامڕازی نەناساندنی (a) بەکارنەهاتووە لەپێش تەواوکەرەکەوە چونکە تەواکەرەکە ناوێکە ناکرێ بە کۆ و نەژمێرراوە.

He drinks water. ئەو کوڕە ئاو دەخواتەوە

لە حاڵەتی ڕستەی فەرمان کردندا یاسای ڕستەکە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Verb (base) (چاوگ) + object ((تەواوکەر (مفعول به یان جارومجرور)).

تێبینی ئەم نمونانەی لای خوارەوە بکە:

Eat lunch. نانی نیوەڕۆ بخۆ

Drink the water. ئاوەکە بخۆرەوە

Be sure of that. دڵنیابە لەوە

Be careful. وریا بە

Give it to me. ئەوەم بدەرێ

Give me the pen. قەڵەمەکەم بدەرێ

You go. تۆ برۆ

Do what you want. چیت دەوێت بیکە

وە بۆ دڵنیا کردنەوە فرمانی (Do) دەکەینە سەرەتای ڕستەکەوە بۆ نمونە:

Do eat lunch. نانی نیوەڕۆ بخۆ

Do drink the water. ئاوەکە بخۆرەوە

Do be careful. وریا بە

وە بۆ نەرێ کردن فرمانی (Don’t) دەخەینە سەرەتای وشەکەوە بۆ نمونە:

Don’t eat lunch. نانی نیوەڕۆ مەخۆ

Don’t drink the water. ئاوەکە مەخۆرەوە

Don’t be careless. کەمتەرخەم مەبە

وە ئێستا با سەرنجی ئەو نمونەیەی لای خوارەوە بدەین

Ahmed is a hero.

وەک وتمان کە لە زمانی ئینگلیزیدا ڕستەی ناویمان نییە ، وە با بزانین چۆن وەری دەگێڕینە سەر زمانی کوردی ، بکەرەکەی بریتییە لە (Ahmed) ، وە تەواوکەر (مفعول بە) ەکەی بریتییە لە (a hero) ، وە فرمانەکەشی برتییە لە (is) .

فرمانی (is) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ ڕاناوەکانی (he, she, it, singular noun) .

وە فرمانی (are) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ ڕاناوەکانی (we, you, they, plural noun) .

وە فرمانی (am) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ ڕاناوی (I) .

وە فرمانەکانی (am, is, are) واتا (دەبێت) ، وە واتای ڕابردووەکانیان کە (was, were) ە بریتییە لە (بوو).

هەندێک کورتکردنەوە لە زمانی ئینگلیزیدا:

He is	He’s
She is	She’s
It is	It’s
Ali is	Ali’s
I am	I’m

Omer is	Omer’s
You are	You’re
They are	They’re
We are	We’re

هەندێک نمونە :

(You are/You're) careless. تۆ کەمتەرخەمیت

The cats are beautiful. پشیلەکان جوانن

The (cat is/cat's) beautiful. پشیلەکە جوانە

(He is/He's) smart. ئەو کوڕە زیرەکە

(She is/She's) smart. ئەو کچە زیرەکە

(We are/We're) smart. ئێمە زیرەکین

(They are/They're) smart. ئەوان زیرەکن

(It is/It's) lazy. ئەو (ناژیر) تەممەڵە

(I am/I'm) busy. من سەرقاڵم

تێبینی ئەوە بکە کە (cats are) کورت ناکەینەوە بۆ (cats’re) لەبەرئەوەی وشەی (cats) ڕاناو نییە و ناوێکی کۆیە.

وە هەروەها ئامڕازی نەناسراوی (a) ناخەینە پێش ناوەکانی (smart , busy , lazy , beautiful , careless) چونکە ئەم وشانە ئاوەڵناون و ناو نین.

نوسینی کاتژمێر o’clock

1-لە زمانی بەریتانی دا (British Language) :

1-X:30 half past x نیوی لاداوە لە ئێکس

9:30 half past nine o’clock. نیوی لاداوە لە نۆی تەواو

12:30 half past twelve o’clock. نیوی لاداوە لە دوانزەی تەواو

2-X:15 quarter past X چارەکی لاداوە لە ئێکس

11:15 quarter past eleven o'clock. چارەکی لاداوە لە یانزەی تەواو

22:15 quarter past twenty two "10" o'clock. چارەکی لاداوە لە دەی تەواو

3-15:45 quarter to sixteen "four" o'clock. چارەکی دەوێت بۆ چوار

21:45 quarter to twenty two "ten" o'clock. چارەکی دەوێت بۆ دە

4-Others کاتی تر

10:32 ten and thirty two o'clock. دە و سی و دوو دەقیقەیە

14:05 fourteen and five o'clock. دوو (چواردە) و پێنج دەقیقەقەیە

2-لە زمانی ئەمەریکی دا (American Language) :

وەکو خاڵی چوارەمی لە زمانی بەریتانی دا دەخوێنرێتەوە بۆ نمونە:

10:15 ten and fifteen o'clock. دە و پانزە خولەکە

9:30 nine and thirty o'clock. نۆ و سی خولەکە

20:45 twenty and forty five o'clock. بیست و چل و پێنج خولەکە

تێبینی : واتای (and) واتە (و) بۆ نمونە:

Ahmed and Ali. أحمد و علی

He and she are smart. ئەو کوڕە و ئەو کچە زیرەکن

تێبینی ئەوە بکە کە (are) مان بەکارهێنا چونکە بوونە دوو کەس و بوونە کۆ (جمع).

نوسینی بەروار (تأريخ) date

واتای هەندێک وشە دەنوسین کە لە نوسینی بەرواردا بەکاردەهێنرێ بۆ نمونە:

century	سەدە
year	ساڵ
month	مانگ
week	هەفتە
day	ڕۆژ

واتای ڕۆژەکانی هەفتە:

Saturday	شەممە
Sunday	یەک شەممە
Monday	دوو شەممە
Tuesday	سێ شەممە
Wednesday	چوار شەممە
Thursday	پێنج شەممە
Friday	هەینی

ڕۆژ و مانگ دەخوێنرێتەوە بە شێوەیەکی ئاسایی ، دەتوانین ساڵەکان دوو ژمارە دوو ژمارە بخوێنینەوە ، وە دەشتوانین بە شێوەی هەزار بیخوێنینەوە ، وە باشتر وایە دوو ژمارە دوو ژمارە بیخوێنینەوە بۆ نمونە:

1999 nineteen-ninety nine

2000 twenty-zero zero

1631 sixteen-thirty one

لەدوای بەرواری لەدایک بوون (الشمسی) ەوە (AD) دەنوسرێ ، بەڵام لەدوای بەرواری کۆچی (هجری) یەوە (AH) دەنوسرێ بۆ نمونە:

2/5/1320AD two/five/thirteen-twenty AD

3/12/1401AH three/twelve/fourteen-one AH

7th century سەدەی حەوتەم

1st century سەدەی یەکەم

auxiliary verbs (الأفعال المساعدة) (یارمەتیدەرەکان) فرمانە یاریدەدەرەکان

جیاوازی لەنێوان فرمانی ئاسایی و فرمانی یارمەتیدەردا ئەوەیە کە فرمانی یارمەتیدەر هەرگیز پاشگری (-s) و (-ing) بۆ زیاد ناکرێ ، وە هەرگیز ئامرازی پەیوەندی پێش ناکەوێت بۆ نمونە ناڵێین (to must) یان ناڵێین (musts) یان ناڵێین (musting) ، جگە لەو فرمانە یاریدەدەرانەی کە لە ڕستەدا فرمانی ئاسایی (سەرەکی) ن وە ئەوانەش تەنها ئەم سیانەن (be, have, do) وە دەتوانین ئەو سیانە پاشگری (-s) و (-ing) بۆ زیاد بکەین وە دەتوانین ئامرازی پەیوەندی بخەینە پێش ئەو سیانەوە بە مەرجێک لە ڕستەکەدا فرمانێکی ئاسایی (سەرەکی) بێت و فرمانێکی یارمەتیدەر نەبێت ، وە جیاوازی سەرەکی لەنێوان فرمانی ئاسایی و فرمانی یارمەتیدەر ئەوەیە کە فرمانی یارمەتیدەر چەند تایبەتمەندییەکی هەیە و پێش فرمانی ئاسایی دەکەون ، وە فرمانی یارمەتیدەر فرمان دەبەستێتەوە بە تەواوکەر (مفعول بە) ەوە ، وە فرمانی یارمەتیدەر دەتوانرێ بکرێ بە شێوازی نەرێ ، وە فرمانی یارمەتیدەر دەتوانرێ بکرێ بە شێوازی پرسیاری ، وە فرمانی یارمەتیدەر دەتوانرێ بکرێ بە

شێوازی داهاتوو (المستقبل) ، وە فرمانی یارمەتیدەر دەتوانێت کاتەکانی فرمانەکان دیاری بکات...هتد بۆ نمونە:

He wills go. **هەڵەیە**

He will go. **ڕاستە**

وە پێویستە ئەو فرمانە سەرەکییەی کە بەدوای فرمانە یاریدەدەرەکەوە دێت لەسەر شێوەی چاوگ (infinitive) **بێت واتە لەسەر شێوەی یەکەمی فرمان بێت ، وە نابێت** (-s) **و** (-ing) **پێوە بێت بۆ نمونە:**

He will going. **هەڵەیە**

He will go. **ڕاستە**

هەندێک فرمانی یاریدەدەر

(be)-1

أ-بۆ کاتی ڕانەبردوو

(is) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ (he, she, it, singular noun)

(are) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ (you, we, they, plural noun)

(am) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ (I)

(be) واتە **(ببە)** لەکاتی شێوازی فەرمان کردندا

ب-بۆ کاتی ڕابردوو

(was) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ (I, he, she, it, singular noun)

(were) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ (you, we, they, plural noun)

ت-شێوەی سێهەمی فرمانی (be) بریتییە لە (been) و لەگەڵ (I, you, they, we, he, she, it, singular noun, plural noun) بەکاردەهێنرێ.

کاتێک کە (-ing) زیاد دەکەین بۆ فرمانی (be) دەبێتە (being)

بەکارهێنانەکانی فرمانە یارمەتیدەرەکانی (am, is, are)

1-دەبێتە فرمانی یاریدەدەر لە کاتی ڕانەبردووی بەردەوامدا بۆ نمونە:

1-I am playing football.

2-He is learning Quran.

3-They are swimming now.

2-دەبێتە هۆی بەستنەوەی بکەر بە تەواوکەرەکەیەوە بە مانای (دەبم ، دەبێت ، دەبین ، دەبیت ، دەبن) دێت بۆ نمونە:

1- (I am/I'm) lazy. من تەمەڵم ، من تەمەڵ دەبم

2- (He is/He's) lazy. ئەو کوڕە تەمەڵە ، ئەو کوڕە تەمەڵ دەبێت

3- (She is/She's) lazy. ئەو کچە تەمەڵ دەبێت ، ئەو کچە تمەڵە

4- (It is/It's) lazy. ئەو (ناژیر ، بێ گیان) ە تەمەڵە ، ئەو (ناژیر ، بێ گیان) ە تەمەڵ دەبێت

5- (You are/You're) lazy. تۆ تەمەڵیت ، تۆ تەمەڵ دەبیت

7- (We are/We're) lazy. ئێمە تەمەڵین ، ئێمە تەمەڵ دەبین

8- (They are/They're) lazy. ئەوان تەمەڵن ، ئەوان تەمەڵ دەبن

بەکارهێنانی دوو فرمانی was, were

1-دەبێتە فرمانی یاریدەدەر لەکاتی بەکارهێنانی بکەرنادیار و ڕابردووی بەردەوام بۆ نمونە:

1-The window was broken. (passive)

2-The doors were broken. (passive)

3-We were playing tennis. (past continuous)

4-He was eating an apple. (past continuous)

2-دەبێتە هۆی بەستنەوەی بکەر بە تەواوکەرەکەیەوە بە مانای (بووم ، بووین ، بوویت ، بوون ، بوو) دێت بۆ نمونە:

1-I was here.	من لێرە بووم
2-He was here.	ئەو کوڕە لێرە بوو
3-She was here.	ئەو کچە لێرە بوو
4-It was here.	ئەو (بێ عەقڵ) لێرە بوو
5-You were here.	تۆ لێرە بوویت
6-We were here.	ئێمە لێرە بووین
7-They were here.	ئەوان لێرە بوون

2-(have)

أ-بۆ کاتی ڕانەبردوو :

(has) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ (he, she, it, singular noun)

(have) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ (I, we, you, they, plural noun)

ب-بۆ کاتی ڕابردوو و شێوەی سێیەم :

(had) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ (I, we, you, they, plural noun, he, she, it, singular noun).

having	have + ing
has	have + s

دەتوانین (has) کورت بکەینەوە بە مەرجێک فرمانێکی یاریدەدەر بێت بۆ نمونە :

دوای کورتکردنەوە دەبێت بە	پێش کورتکردنەوە
He’s	He has
She’s	She has
It’s	It has
Omar’s	Omar has
Ali’s	Ali has

دەتوانین فرمانی (have, had) کورت بکەینەوە بە مەرجێک فرمانێکی یاریدەدەر بێت بۆ نمونە:

دوای کورتکردنەوە	پێش کورتکردنەوە
I’ve	I have
We’ve	We have
You’ve	You have
They’ve	They have
He’d	He had

She had	She’d
It had	It’d
I had	I’d
We had	We’d
You had	You’d
They had	They’d

بەکارهێنانەکانی دوو فرمانی have, has

1-دەبێت بە فرمانێکی یاریدەدەر و بەکاردەهێنرێ لە دروستکردنی ڕانەبردووی تەواو بۆ نمونە:

1-I have played football.

2-She has drunk the tea.

2-دەبێت بە فرمانێکی سەرەکی و بە واتای (هەمە ، هەمانە ، هەتە ، هەتانە ، هەیەتی ، هەیانە) بۆ نمونە:

1-He has a friend. ئەو کوڕە هەیەتی هاوڕێیەک

2-She has a friend. ئەو کچە هەیەتی هاوڕێیەک

3-It has a friend. ئەو (بێ عەقڵ) هەیەتی هاوڕێیەک

4-I have a friend. من هەمە هاوڕێیەک

5-You have a friend. تۆ هەتە هاوڕێیەک

6-We have a friend. ئێمە هەمانە هاوڕێیەک

7-They have a friend. ئەوان هەیانە هاوڕێیەک

3-دەبێت بە فرمانێکی ئاسایی و (to) ی بەدوادا دێت و دەبێت بە (has to) و (have to) بە واتای (پێویستە) یان (پێویستە لەسەری) دێت بۆ نمونە:

1-He has to go. ئەو کوڕە پێویستە بڕوات

2-She has to go. ئەو کچە پێویستە بڕوات

3-It has to go. ئەو (بێ عەقڵ) پێویستە بڕوات

4-I have to go. من پێویستە بڕۆم

5-You have to go. تۆ پێویستە بڕۆیت

6-We have to go. ئێمە پێویستە بڕۆین

7-They have to go. ئەوان پێویستە بڕۆن

بەکارهێنانەکانی فرمانی had

1-دەبێت بە فرمانێکی یاریدەدەر و بەکاردەهێنرێ لە دروستکردنی (ڕابردووی تەواو) دا بۆ نمونە:

1-I had played football.

2-She had drunk the tea.

2-دەبێت بە فرمانێکی سەرەکی و بە واتای (هەم بوو ، هەمان بوو ، هەت بوو ، هەتان بوو ، هەی بوو ، هەیان بوو) بۆ نمونە:

1-He had a friend. ئەو کوڕە هەی بوو هاوڕێیەک

2-She had a friend. ئەو کچە هەی بوو هاوڕێیەک

3-It had a friend. ئەو (بێ عەقڵ) هەی بوو هاوڕێیەک

4-I had a friend. من هەم بوو هاوڕێیەک

5-You had a friend. تۆ هەت بوو هاوڕێیەک

6-We had a friend. ئێمە هەمان بوو هاوڕێیەک

7-They had a friend. ئەوان هەیان بوو هاوڕێیەک

3-دەبێت بە فرمانێکی ئاسایی و (to) ی بەدوادا دێت و دەبێت بە (had to) و بە واتای (پێویست بوو) یان (پێویست بوو لەسەری) دێت بۆ نمونە:

1-He had to go. ئەو کوڕە پێویست بوو بڕوات

2-She had to go. ئەو کچە پێویست بوو بڕوات

3-It had to go. ئەو (بێ عەقڵ) پێویست بوو بڕوات

4-I had to go. من پێویست بوو بڕۆم

5-You had to go. تۆ پێویست بوو بڕۆیت

6-We had to go. ئێمە پێویست بوو بڕۆین

7-They had to go. ئەوان پێویست بوو بڕۆن

(do)-3

أ-بۆ کاتی ڕانەبردوو :

(do) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ (I, we, you, they, plural noun)

(does) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ (he, she, it, singular noun)

ب-بۆ کاتی ڕابردوو :

(did) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ (I, we, you, they, plural noun, he, she, it, singular noun).

ت-شێوەی سێیەمی بریتییە لە (done)

(done) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ (I, we, you, they, plural noun, he, she, it, singular noun).

دەبێت بە	زیاد کردنی (-ing) و (-s)
doing	do + ing
does	do + s

بەکارهێنانەکانی فرمانی (do, does, did)

1-دەبێت بە فرمانی یاریدەدەر لەکاتی کردنی ڕستە بە نەفی بۆ نمونە:

1-He doesn’t go to cinema.

2-We don’t play guitar.

3-They didn’t go to bazaar.

2-دەبێت بە فرمانێکی یاریدەدەر بۆ دروستکردنی پرسیار بۆ نمونە:

1-Does he go to hospital?

2-Do they play tennis?

3-Did she study English well?

3-دەبێت بە فرمانێکی یاریدەدەر لەکاتی دروستکردنی کلکە پرسیاردا و بە واتای (وانییە؟) یان (بەو شێوەیە نییە؟) دێت بۆ نمونە:

1-He plays football, doesn’t he?

2-It ran fast, didn’t it?

3-We go to school, don’t you?

4-دەبێت بە فرمانێکی یاریدەدەر لە ڕستەدا بۆ دڵنیا کردنەوە (توکید) ی فرمانی ڕستەکە بۆ نمونە:

1-He does seem well. ئەو کوڕە بەڕاستی وادیارە لە حاڵەتێکی باشدایە

2-She does seem well. ئەو کچە بەڕاستی وادیارە لە حاڵەتێکی باشدایە

3-It does seem well. ئەو (غیر عاقل) بەڕاستی وادیارە لە حاڵەتێکی باشدایە

4-I do seem well. من بەڕاستی وادیارم لە حاڵەتێکی باشدام

5-You do seem well. تۆ بەڕاستی وادیاریت لە حاڵەتێکی باشدایت

6-We do seem well. ئێمە بەڕاستی وادیارین لە حاڵەتێکی باشداین

7-They do seem well. ئەوان بەڕاستی وادیارن لە حاڵەتێکی باشداین

5-دەبێت بە فرمانێکی ئاسایی و بە واتای (کاردەکات ، جێبەجێی دەکات ، هەڵدەستێت بە) دێت بۆ نمونە:

1-He does his work well. ئەو کوڕە دەیکات ئیشەکەی بەباشی

2-She does her work well. ئەو کچە هەڵدەستێت بە ئیشەکەی بەباشی

3-It does its work well. ئەو (غیر عاقل) هەڵدەستێت بە ئیشەکەی بەباشی

4-I do my work well. من دەیکەم ئیشەکەم بەباشی

5-You do your work well. تۆ دەیکەیت ئیشەکەت بەباشی

6-We do our work well. ئێمە دەیکەین ئیشەکەمان بەباشی

7-They do their work well. ئەوان دەیکەن ئیشەکەیان بەباشی

(will)-4

أ-کاتی ڕانەبردوو :

(will) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ :

(He, She, It, You, They, plural noun, singular noun)

ب-کاتی ڕابردوو :

(would) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ:

(He, She, It, You, They, plural noun, singular noun)

فرمانی (will) بەکاردەهێنرێ بۆ کاتی داهاتوو بۆ نمونە:

He will find the problem.

(shall)-5

أ-کاتی ڕانەبردوو :

(shall) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ بکەرەکانی : (I, we)

ب-کاتی ڕابردوو :

(should) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ ئەم جۆرە بکەرانەی لای خوارەوە :

(I, we, He, She, It, You, They, plural noun, singular noun)

بەکارهێنانی فرمانی (shall) :

فرمانی (shall) بەکاردەهێنرێ بۆ کاتی داهاتوو بۆ نمونە:

I shall find the problem.

بەکارهێنانەکانی فرمانی (should) :

1-فرمانێکی یاریدەدەرە بۆ گوزارشت کردن لە کردارێک کە باش بوو ڕووی بدایە بەڵام لەکاتی ئێستادا ڕووی نەداوە بۆ نمونە:

The government should lower taxes. حکومەت پێویستە لەسەری کە باجەکان کەم بکاتەوە

2-ئەگەر لەسەر شێوەی (should + have + p.p.) بوو ئەوا بە واتای ئەوە دێت کە کردارێک کە هەرگیز ڕووی نەداوە بۆ نمونە :

1-You should have posted those letters. Why didn't you do?

واتاکەی : تۆ پێویست بوو کە ئەو نامانە بنێریت . بۆ نەت کردووە؟

2-He should have been home long ago. Where is he?

واتاکەی : ئەو پێویست بوو کە لە ماڵەوە بووایە بۆ ماوەیەکی زۆر. ئەو لەکوێیە؟

6-(may)

أ-کاتی ڕانەبردوو :

(may) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ :

(I, we, He, She, It, You, They, plural noun, singular noun)

ب-کاتی ڕابردوو :

(might) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ:

(I, we, He, She, It, You, They, plural noun, singular noun)

بەکارهێنانەکانی فرمانی (may) :

1-بەکاردەهێنرێ بۆ گوزارشت کردن لە ئیزن وەرگرتن (asking for permission) بۆ نمونە:

Examples:

1- May I come in? (ئەمە ئیزن وەرگرتنە) ئایا دەتوانم بێمە ژوورەوە؟

2- May I borrow this? ئایا دةتوانم ئەمە بە قەرز وەربگرم ؟

3- May I sit here? ئایا دەتوانم لێرە دابنیشم؟

وە باشتر وایە فرمانی (can) بەکاربهێنین لەجیاتی (may) بۆ نمونە :

Can I come in? (ئەمە ئیزن وەرگرتنە) ئایا دەتوانم بێمە ژوورەوە؟

2-بەکاردەهێنرێ بۆ گوزارشت کردن لە ڕێگا پێدان (giving permission) بۆ نمونە:

Examples:

1-You may take the day off. تۆ دەتوانیت ڕۆژێک نەیەیت

2-You may hand in the report tomorrow.

3-بەکاردەهێنرێ بۆ گوزارشت کردن لەوەی کە کەسێک دەڵێت ڕێگام پێدراوە (saying someone has permission) بۆ نمونە:

Examples:

1-Children may fly for free.

2-Our employees may use our company car.

4-بۆ گوزارشت کردن (التعبير) لە ئەگەر (احتمال) لەکاتی ئێستا و داهاتوو وە بە واتای (لەوانەیە – ربما) دێت بۆ نمونە:

1-The news may be true. هەواڵەکان لەوانەیە ڕاست بن

2-It may rain tomorrow. لەوانەیە باران ببارێت سبەینێ

5-ئەگەر لەسەر شێوەی (may + have + p.p.) بوو ئەوا بە واتای ئەگەر (احتمال) دێت لە ڕابردوودا بۆ نمونە:

1-He may have dead. ئەو لەوانەیە مردبێت

2-He may have been ill. ئەو لەوانەیە نەخۆش بووبێت

6-ئەگەر لەسەر شێوەی (may + be + v.ing) بوو ئەوا بە واتای ئەگەر (احتمال) دێت لەوەی کە ڕوو دەدات لەکاتی ئێستادا بۆ نمونە:

He may be coming to school on foot. ئەو لەوانەیە بێت بۆ قوتابخانە بە پێ

7-(can)

أ-کاتی ڕانەبردوو :

(can) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ :

(I, we, He, She, It, You, They, plural noun, singular noun)

ب-کاتی ڕابردوو :

(could) بەکاردەهێنرێ لەگەڵ:

(I, we, He, She, It, You, They, plural noun, singular noun)

بەکارهێنانەکانی فرمانی (can) :

1-دەبێتە فرمانی یاریدەدەر بۆ گوزارشت کردن (تەعبیر کردن) لە توانای ژیری (عقل) و لاشەیی (جسدي) وە بە واتای (دەتوانێت) دێت بۆ نمونە :

1-He can speak English. ئەو کوڕە دەتوانێت قسە بکات بە ئینگلیزی

2-You cannot smoke here. تۆ ناتوانیت جگەرە بکێشیت لێرە

2-بەکاردەهێنرێ بۆ گوزارشت کردن لە ئیزن وەرگرتن (asking for permission) بۆ نمونە:

Examples:

1-Can I use your pen?

2-Can I sit here?

3-بەکاردەهێنرێ بۆ گوزارشت کردن لە ڕێگا پێدان (giving permission) بۆ نمونە:

Examples:

1-You can borrow my shirt.

2-You can sit here.

4-بەکاردەهێنرێ بۆ گوزارشت کردن لەوەی کە کەسێک دەڵێت ڕێگام پێدراوە (saying someone has permission) بۆ نمونە:

Examples:

1-Students can use our computers at any time.

2-Teachers can use our resources for free.

بەکارهێنانەکانی فرمانی (could) :

1-دەبێتە فرمانی یاریدەدەر بۆ گوزارشت کردن (تەعبیر کردن) لە تواناى ژیری (عقل) و لاشەیی (جسدی) وە لە ڕابردوودا وە بە واتای (توانی) دێت بۆ نمونە :

He could learn English.   ئەو توانی فێری ئینگلیزی ببێت

2-بۆ گوزارشت کردن (التعبیر) لە کردارێک کە دەتوانرێ ڕووبدات بەڵام ئەگەری ڕوودانیشی زۆر دوورە بۆ نمونە:

It could rain tomorrow, but there are no clouds in the sky today.

واتاکەی : لەوانەیە باران ببارێت سبەینێ ، بەڵام هیچ هەورێک نییە لە ئاسمان ئەمڕۆ .

3-بۆ گوزارشت کردن لە پێشنیاری شتێک ، بڕوانە ئەم گفتوگۆیەی لای خوارەوە بۆ نمونە:

Student: What will I do to improve my English?
Teacher: Well, you could try some of these grammar exercises.

خوێندکار: چی بکەم من بۆ ئەوەی ئیینگلیزییەکەم باشتر بێت؟

مامۆستا: باشە ، پێویستە لەسەرت کە هەوڵ بدەیت لە هەندێک لەم ڕاهێنانە ئینگلیزییانەدا.

4-دەبێت بە فرمانێکی یاریدەدەر بە واتای (داوا کردنێک کە بە ڕەوشتەوە بێت) دێت بۆ نمونە:

1-Could you lend me your pen? ئایا دەتوانی قەڵەمەکەتم بدەیتێ بە قەرز؟

2 -could I have a day off?

3-could I sit here.

8-(must) : شێوەی ڕابردووی نییە و تەنها کاتی ڕانەبردووی هەیە.

بەکارهێنانەکانی فرمانی (must) :

1-دەبێتە فرمانێکی یاریدەدەر بۆ گوزارشت کردن لە پێداویستییەکی ئەوپەڕ (القصوى) یان پەیوەست بوون بۆ نمونە:

You must eat to live. تۆ پێویستە بخۆیت بۆ ئەوەی بژیت (ئەگەر نەخۆیت دەمریت)

2-دەبێتە فرمانێکی یاریدەدەر بۆ گوزارشت کردن لە کردارێکی نەزانراو (عمل غير معروف) ئەگەر ڕاست بێت یان نا ، بەڵام ئەگەری ئەوەی کە ڕاست بێت زیاترە لەوەی کە ناڕاست بێت ، سەرنجی ئەم دوو ڕستەیەی لای خوارەوە بدە :

This mosque is very old. ئەم مزگەوتە زۆر کۆنە (زانراوە کە ئەم مزگەوتە کۆنە)

This mosque must be very old. ئەم مزگەوتە لەوانەیە زۆر کۆن بێت (نازانرێ کە مزگەوتە زۆر کۆنە یان نا بەڵام شێوەی مزگەوتەکە وا پیشان دەدات کە زۆر کۆنە)

تێبینی :

1-فرمانی (must) بەهێزترە لە فرمانی (should) .

2-فرمانی (must) و (have to) هەمان واتایان هەیە ، وە دەتوانین بڵێین کە (must = have to)

3-ئەگەر ویستت گوزارشت لە ڕابردووی (must) بکەیت ئەوا ڕابردووی (have to) بەکاربهێنە کە بریتییە لە (had to).

(used to)-9

1-چەند شێوەیەکی هەیە و یاساکانیشی بریتیین لە :

بکەر + used to + base + تەواوکەر. (ئەرێ)

بکەر + didn't + use to + base + تەواوکەر. (نەرێ)

Did + بکەر + use to + base + تەواوکەر. (پرسیاری)

2-ئەم فرمانە شێوەی ڕانەبردووی نییە واتا ناتوانین بڵێین (use to) .

3-بەکارهێنانەکانی :

أ-بۆ گوزارشت کردن لە کارێک کە دەستی پێکردووە لە ڕابردوودا بەڵام ئێستا وا نییە (ڕاست نییە) ، وە هەردوو بەشەکەش یەک ڕستەیە بەڵام من جیام کردوونەتەوە بۆ زیاتر تێگەیشتن:

ڕانەبردوو (کاتی ئێستا)	ڕابردوو
but now she works in newspaper. بەڵام ئێستا ئەو کچە ئیش دەکات لە کاری ڕۆژنامەدا.	She used to be a teacher. ئەو مامۆستا بوو .

ب-بۆ گوزارشت کردن لە عادەت و عورف و ڕەوشتێک لە ڕابردوودا (past habit) بۆ نمونە:

1-When we were children, we used to play in that playground.

واتاکەی : کاتێک ئێمە منداڵ بووین ، ئێمە یاریمان دەکرد لەو یاریگایەدا (عادەتێکە (خوویەکە لە ڕابردوودا)).

2-He used to smoke 40 cigarettes a day.

واتاکەی ئەو وا ڕاهاتبوو کە ڕۆژانە 40 جگەرەی دەکێشا.

3-I used to watch T.V. a lot.

واتاکەی : من وا ڕاهاتبووم کە زۆر سەیری تەلەفزیۆنم دەکرد.

دوو ڕێگا هەیە بۆ نەرێ (نەفی) کردن کە بریتین لە:

1-ڕاستەوخۆ لەدوای بکەر (فاعل) فرمانی نەرێی (did not) یان (didn’t) دادەنێین و لەجیاتی (used to) بڕگەی (use to) دادەنێین بۆ نمونە:

She didn't use to be a teacher.

واتاکەی : ئەو کچە مامۆستا نەبووە (بەڵام ئێستا مامۆستایە)

2- وشەی نەرێی (not) دادەنێین ڕاستەوخۆ لەدوای (used to) بۆ نمونە:

She used not to be a teacher. ئەو کچە مامۆستا نەبووە (بەڵام ئێستا مامۆستایە)

دوو ڕێگا هەیە بۆ پرسیار کردن کە بریتین لە :

1-ڕاستەوخۆ لە سەرەتای ڕستەکەوە فرمانی (Did) دادەنێین و لەجیاتی (used to) بڕگەی (use to) دادەنێین بۆ نمونە:

Did she use to be a teacher?

واتاکەی : ئایا ئەو کچە مامۆستا بووە بەڵام ئێستا مامۆستا نییە؟

2-بە گواستنەوەی (used to) بۆ سەرەتای ڕستەکە بۆ نمونە:

Used she to be a teacher? ئایا ئەو کچە مامۆستا بووە بەڵام ئێستا مامۆستا نییە؟

بەڵام ڕێگای یەکەم لە شێوەی نەرێ و پرسیاری دا زیاتر باوە و بەکاردەهێنرێ لە ڕێگاکانی دووەم لە شێوازی نەرێ و پرسیاری.

تێبینی :

1-هەرگیز لەدوای ئەم فرمانە یارمەتیدەرانەوە (can , may , will , must , shall) ئامرازی پەیوەندی نایەت.

2-ناتوانین دوو فرمانی یارمەتیدەر بەسەر یەکەوە لە ڕستەدا بنوسین.

ئەو دوو ڕستەیەی خوارەوە بەراورد بکە :

1-He will ~~can~~ do that. ئەو دەتوانێت ئەوە ئەنجام بدات (ئەمە هەڵەیە چونکە دوو فرمانی یاریدەدەر بەسەر یەکەوە نایەن)

2-He will be able to do that. ئەو دەتوانێت (بەتوانایە) کە ئەوە ئەنجم بدات (ئەمە ڕاستە و بەم شێوە دەنوسرێ)

ڕاناوەکان لە زمانی ئینگلیزی دا English Pronouns

ڕاناوە کەسییەکان (الضمائر الشخصية) personal pronouns

بەکاردەهێنرێ بۆ نیشاندانی قسەکەر و گوێگر و لێرە نەبوو (غائب) وە دابەش دەکرێ لە حاڵەتی شوێنی لە ڕستەدا بۆ :

1-ڕاناوەکانی بکەر (nominative pronouns) : گوزارشت دەکات لە بکەر

(I) بۆ گوزارشت کردن لە قسەکەر بە واتای (من)

ڕاناوی (I) هەمیشە بە پیتی گەورە (capital letter) دەنوسرێ لە هەر شوێنێکی ڕستەدا بێت بۆ نمونە:

1-I play football. من یاری تۆپی پێ دەکەم

2-I am a hero. من پاڵەوانم

(We) بۆ گوزارشت کردن لە قسەکەرەکان بەکاردەهێنرێ لە حاڵەتی (کۆ – جمع) دا بە واتای (ئێمە – نحن) دێت بۆ نمونە:

1-We play football. ئێمە یاری تۆپی پێ دەکەین

2-We are heroes. ئێمە پاڵەوانین

(You) بۆ گوزارشت کردن لە گوێگری تاک و کۆی نێر و مێ ، بە واتای (تۆ (کوڕ) ، تۆ (کچ) ، ئێوە (دوو کەس جا هەردووکیان کوڕ بن یان هەردووکیان کچ بن یان کچ و کوڕێک بن) ، ئێوە (نێر) ، ئێوە (مێ) ، ئێوە (نێر و مێ پێکەوە)) دێت بۆ نموونە:

واتاکەی	ڕستە
تۆ (کوڕ) یاری تۆپی پێ دەکەیت. تۆ (کچ) یاری تۆپی پێ دەکەیت. ئێوە (دوو کەس) یاری تۆپی پێ دەکەن. ئێوە (کوڕان) یاری تۆپی پێ دەکەن. ئێوە (کچان) یاری تۆپی پێ دەکەن.	You play football.
تۆ (کوڕ) پاڵەوانیت. تۆ (کچ) پاڵەوانیت.	You are a hero.
ئێوە (دوو کەس) پاڵەوانن. ئێوە (کوڕان) پاڵەوانن. ئێوە (کچان) پاڵەوانن.	You are heroes.

(He) گوزارشت دەکات لە کەسێکی لێرە نەبوو (غائب) ی تاکی نێر بە واتای (ئەو) دێت بۆ نموونە:

1-He plays football. ئەو (کوڕ) یاری تۆپی پێ دەکات

2-He is a hero. ئەو (کوڕ) پاڵەوانە

(She) گوزارشت دەکات لە کەسێکی لێرە نەبوو (غائب) ی تاکی مێ بە واتای (ئەو) دێت بۆ نموونە:

1-She plays football. ئەو (کچ) یاری تۆپی پێ دەکات

2-She is a hero. ئەو (کچ) پاڵەوانە

گوزارشت دەکات لە لێرە نەبوو (غائب) ی تاکی ناژیر (غیرعاقل) ی نێر و مێ بە واتای (It) (ئەو) دێت بۆ نمونە:

1-It plays football. ئەو (نێر) یاری تۆپی پێ دەکات

ئەو (مێ) یاری تۆپی پێ دەکات

2-It is a hero. ئەو (نێر) پاڵەوانە

ئەو (مێ) پاڵەوانە

(They) گوزارشت دەکات لە کۆی لێرە نەبووەکانی (نێر و مێ) ی ژیر و ناژیر (عاقل و غیر عاقل) وە بە واتای (ئەوان (دووکەس) ، ئەوان (نێر) ، ئەوان (مێ)) دێت بۆ نمونە:

ڕستە	شێوازی خوێندنەوەکەی	واتاکەی
They play football.	ذەی پلەی فوتبۆڵ	ئەوان (دوو کەس) یاری تۆپی پێ دەکەن. ئەوان (کوڕان) یاری تۆپی پێ دەکەن. ئەوان (کچان) یاری تۆپی پێ دەکەن.
They are heroes.	ذەی ئا هیەرەوز	ئەوان (دوو کەس) پاڵەوانن. ئەوان (کوڕان) پاڵەوانن. ئەوان (کچان) پاڵەوانن.

2-ڕاناوەکانی تەواوکەری ڕاستەوخۆ و تەواوکەری بەیاریدە (objective pronouns) :

گوزارشت دەکەن لە تەواوکەر (مفعول بە) ی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یان لەدوای ئامڕازێکی پەیوەندییەوە دێن کە بریتین لە:

(me) بۆ گوزارشت کردن لە قسەکەری تاک بەکاردەهێنرێ و بە واتای (من ، م) دێت بۆ نمونە:

1-She tells me everything. ئەو (کچ) هەموو شتێکم پێ دەڵێت

2-He goes with me. ئەو (کوڕ) لەگەڵم دەڕوات

(us): بۆ گوزارشت کردن لە لە قسەکەری کۆ بەکاردەهێنرێ و بە واتای (ئێمە ، مان) دێت بۆ نمونە:

1-She tells us everything. ئەو کچە هەموو شتێکمان پێ دەڵێت

2-He goes with us. ئەو کوڕە لەگەڵمان دەڕوات

(you) بۆ گوزارشت کردن لە گوێگری تاک و کۆی نێر و مێ بەکاردەهێنرێ و بە واتای (تۆ ، ت) دێت بۆ نمونە:

She prefers to go with you. ئەو کچە پەسەندی دەکات کە لەگەڵت بڕوات

(him) بۆ گوزارشت کردن لە لێرە نەبوو (غائب) ی تاکی نێر بەکاردەهێنرێ و بە واتای (ئەو ، ی) دێت بۆ نمونە:

I know him. من دەی ناسم یان من ئەو دەناسم

(her) بۆ گوزارشت کردن لە لێرە نەبوو (غائب) ی تاکی مێ بەکاردەهێنرێ و بە واتای (ئەو ، ی) دێت بۆ نمونە:

I know her. من دەی ناسم یان من ئەو دەناسم

(it) بەکاردەهێنرێ بۆ گوزارشت کردن لە لێرە نەبووی تاکی (غیر عاقل) و بە واتای (ئەو ، ی) دێت بۆ نمونە:

I read it. من دەیخوێنمەوە

(them): بەکاردەهێنرێ بۆ گوزارشت کردن لە لێرەنەبوو (غائب) ی کۆی زێر و ناژێر (عاقل و غیر عاقل) ، بە واتای (ئەوان ، یان) دێت بۆ نمونە:

I know them well. من بەباشی دەیان ناسم یان من ئەوان بەباشی دەناسم

3-ڕاناوەکانی خاوەنێتی (خاوەنداریێتی) (Possessive Pronouns):

چەند جیاوازییەک هەیە لەنێوان ئاوەڵناوی خاوەنێتی و ڕاناوی خاوەنێتی کە پێویستە بیان زانین ، لەدوای ئاوەڵناوی خاوەنێتییەوە ناوی باس کراو (وەسف کراو) دێت ، وە ڕاناوی خاوەنێتی چەند وشەیەکی تاکن لە شوێنی ئاوەڵناوی خاوەنێتی دادەنرێت و لەپێشیەوە ناوی باس کراو (وەسف کراو) دێت ، لەم نمونانەی لای خوارەوە جیاوازییەکانی ئاوەڵناوی خاوەنێتی و ڕاناوی خاوەنێتی ڕوون دەبێتەوە.

ڕاناوی خاوەنێتی (الضمائر الملكية)	ئاوەڵناوی خاوەنێتی (الصفات الملكية)
This house is mine. ئەم خانووە هی ی منە	This is my house. ئەمە خانووەکەمە
This house is yours. ئەم خانووە هی ی تۆیە	This is your house. ئەمە خانووەکەتە
This house is his. ئەم خاووە هی ی ئەوە (نێر)	This is his house. ئەمە خانووەکەیەتی
This house is hers. ئەم خاووە هی ی ئەوە (مێ)	This is her house. ئەمە خانووەکەیەتی
This house is its. ئەم خانووە هی ی ئەوە (غیر عاقل)	This is its house. ئەمە خانووەکەیەتی (غیر عاقل)
This house is ours. ئەم خانووە هی ی ئێمەیە	This is our house. ئەمە خانووەکەمانە
This house is theirs.	This is their house.

ئەم خانووە هی ی ئەوانە	ئەمە خانووەکەیانە

تێبینی:

1-لەدوای ئامڕازی پەیوەندی (حرف جر) ی (of) ڕاناوی خاوەنێتی دێت نەک ئاوەڵناوی خاوەنێتی بۆ نمونە:

I went to the mosque with a friend of mine. من لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆم چووم بۆ مزگەوت

2-ئەگەر بکەرەکە ناوێکی تاک بێت ئەوا لە کۆتایی ناوەکەدا (ʼs) دادەنێین بۆ خاوەنێتی بۆ نمونە:

This is Ali's house. ئەمە خانووەکەی عەلییە

3-ئەگەر بکەرەکە ناوێکی کۆ بێت و بە (s-) یان (es-) کرابێت بە کۆ ئەوا بۆ دروستکردنی خاوەنێتی برگەی (') دەخەینە کۆتایی ناوە کۆیەکەوە بۆ نمونە:

This is boys' house. ئەمە خانووی کوڕەکانە

4-ڕاناوی خۆیەتی (reflexive Pronouns) : بۆ گوزارشت کردن لە تەواوکەر (مفعول بە) بەکاردەهێنرێ لەکاتێکدا کە بکەرەکە هەمان بکەرە ، وە دروستدەکرێ بە زیاد کردنی پاشگری (self-) بۆ نمونە:

ژمارە	تاک	واتاکەی	کۆ	واتاکەی	بۆچی بەکاردەهێنرێ
1	myself	خۆم	ourselves	خۆمان	بۆ قسەکەر
2	yourself	خۆت	yourselves	خۆتان	بۆ گوێگر
3	himself herself itself	خۆی	themselves	خۆیان	بۆ لێرە نەبوو (غائب)

Examples:

1-She hurt herself in the garden. ئەو کچە خۆی بریندار کرد لە باخچەکەدا

2-He talks to himself. ئەو کوڕە قسە دەکات بۆ خۆی

5-ڕاناوی ئاماژە بۆ کردن (demonstrative Pronouns) : ئاماژە دەکات بۆ ناوێک یان کەسێک کە لەوەوپێش باسکراوە و دوو جۆرن :

أ-ڕاناوی ئاماژە بۆ کردنی دیاری کراو : بەکاردەهێنرێ بۆ نێر و مێ و (غیر عاقل) کە ئەمانەی لای خوارەوەن :

(this) بەکاردەهێنرێ بۆ تاکی نزیکی نێر و مێ و (غیر عاقل) ، وە بە واتای (ئەمە) دێت بۆ نمونە:

This is a table. ئەمە مێزێکە

(that) بەکاردەهێنرێ بۆ تاکی دووری نێر و مێ و (غیر عاقل) ، وە بە واتای (ئەوە) دێت بۆ نمونە:

That is my brother. ئەوە براکەمە

(these) بەکاردەهێنرێ بۆ کۆی نزیکی نێر و مێ و (غیر عاقل) ، وە بە واتای (ئەمانە) دێت بۆ نمونە:

These books are yours. ئەم کتێبانە هی ی تۆن

(those) بەکاردەهێنرێ بۆ کۆی دووری نێر و مێ و (غیر عاقل) ، وە بە واتای (ئەوانە) دێت بۆ نمونە:

Those are my friends. ئەوانە هاوڕێکانمن

ب-ڕاناوی ئاماژە بۆ کردنی دیاری نەکراو :

(they): بە واتای (ئەوان) دێت ، وە بە شێوەیەکی گشتی بە واتای (خەڵک) دێت بۆ نمونە:

They go to picnic. ئەوان دەڕۆن بۆ سەیران

(one) بە واتای (کەسێک ، یەکێک) دێت ، وە هەروەها هەمان واتای (someone) ی هەیە بۆ نمونە:

One tells me the truth. کەسێک ڕاستییەکەم پێ ڕادەگەیەنێت

Someone tells me the truth. کەسێک ڕاستییەکەم پێ ڕادەگەیەنێت

6-ڕاناوی پرسیاری (interrogative pronoun) : بەکاردەهێنرێ بۆ دروستکردنی پرسیار ، وە هەندێک لە ڕاناوە پرسەکان وەک :

Who, when, what, which, whose.

ئەم بابەتە لە باسەکانی داهاتوودا بەباشی ڕووندەکرێتەوە (إن شاء الله).

6-ڕاناوی پێکەوەبەستن (بەیەکەوەبەستن) (relative pronoun) : ئەو ڕاناوانەن کە ئاماژە دەکەن بۆ ناوێک یان دەستەواژەیەک یان بۆ دڵنیابوون لە بکەر و تەواوکەر.

(who) ڕاناوی بکەرە ، وە بە واتای (کە ، کەوا) دێت ، وە ئاماژە دەکات بۆ بکەر و تەنها بۆ ژیر (عاقل) بەکاردەهێنرێ بۆ تاک و کۆ بۆ نمونە:

That is the man who told me the truth. ئەوە پیاوەکەیە کە ڕاستییەکەی پێ وتم

(whom) ڕاناوی تەواوکەر یان تەواوکەری بەیاریدەیە بە واتای (کە ، کەوا) دێت و ئاماژە دەکات بۆ تەواوکەر (مفعول به) و ناوێکی تەواوکەری بەیاریدە (اسم مجرور) وە تەنها بۆ ژیر (عاقل) بەکاردەهێنرێ بۆ تاک و کۆ بۆ نمونە:

That was the man whom I spoke. ئەوە پیاوەکەیە کە قسەم کرد بۆی

(which) ڕاناوی تەواوکەر یان تەواوکەری بەیاریدەیە بە واتای (کە ، کەوا) دێت و تەنها بۆ ناژیر (غیر عاقل) بەکاردەهێنرێ بۆ تاک و کۆ بۆ نمونە:

This is the car which I bought. ئەمە سەیارەکەیە کە کڕیم

(that) بەکاردەهێنرێ بۆ عاقڵ و بێ عەقڵ ، وە زۆربەی جار لە حاڵەتی تەواوکەری ڕاستەوخۆ و تەواوکەری بەیاریدەدا بەکاردەهێنرێ ، وە دەتوانین (that) بەکار بهێنین لە جێگای (who, whom, which) ، وە ناتوانین (that) لە جێگای ناوی مرۆڤ بەکاری بهێنین ، وە تەنها ڕاناوی پرسی (who, whom) بەکاردەهێنرێ بۆ ناوی مرۆڤەکان بۆ نمونە:

This is the man that I can trust. ئەمە پیاوەکەیە کە دەتوانم باوەڕی پێبکەم

This is the man whom I can trust. ئەمە پیاوەکەیە کە دەتوانم باوەڕی پێبکەم

I talked to Ali who went yesterday. قسەم کرد بۆ عەلی کەوا دوێنی ڕۆیشت

I talked to Ali that went yesterday. هەڵەیە ئەم ڕستەیە

تێبینی:

1-دەتوانین ڕاناوی بەیەکەوەبەستنی (which) بەکاربهێنین لەگەڵ ناوی کۆ بۆ نمونە:

This is the team which wears green clothes. ئەمە تیپەکەمانە کە جلی سەوز دەپۆشن

2-ناتوانین ئامڕازی پەیوەندی دابنێین لەپێش ڕاناوی بەیەکەوەبەستنی (that) لەم حاڵەتەدا ئامڕازە پەیوەندییەکە دەخەینە کۆتایی ڕستەکەوە بۆ نمونە:

This is the man that I give the money to.

واتاکەی : ئەمە پیاوەکەیە کە پارەکەی دەدەمێ .

بکەرنادیار (المبنی للمجهول) passive voice

ڕستەی بکەرنادیار دروستدەکرێ لەکاتێکدا کە بکەرەکەی نادیار بێت یان نەناسراو بێت ، وە پێچەوانەی بکەرنادیار بریتییە لە بکەردیار و پێی دەوترێ (active) ، وە (passive) پێچەوانەی (active) ە.

بۆ نمونە:

عەلی گوڵەکە ئاو دەدات (بکەردیارە کە بکەرەکەی بریتییە لە (عەلی))

گوڵەکە ئاودرا (بکەرنادیارە ، نازانرێ کێ گوڵەکەی ئاودا)

لە زمانی ئینگلیزیدا کە بکەرنادیار دروستدەکەین پێویستە تەواوکەر (مفعول بە) (object) بهێنینە سەرەتای ڕستەکەوە پاشان بەپێی حاڵەتی (تەواوکەرەکە و کاتی ڕستەکە) فرمانێکی یارمەتیدەری گونجاو دادەنێین پاشان شێوەی سێهەم (التصریف الثالث) (past participle) ی فرمانی سەرەکی ڕستەکە دەنوسین.

وە هەروەها بکەرنادیار دروستدەکەین کاتێک کە گرنگی دان بە تەواوکەر زیاتر بێت لە گرنگی دان بە بکەر ، وە ئەگەر ویستمان بکەرەکە بنوسینەوە ئەوا دەیخەینە کۆتایی ڕستە بکەر نادیارەکەوە و لەسەر شێوەی (by + subject) دەینوسین ، بەڵام ئەگەر بکەرەکە ماددەیەکی بەکارهێنراو بێت و کەس (شخص) نەبێت کەوا بە ئیشەکە هەستێت ئەوا (with + subject) دادەنێین لە کۆتایی ڕستە بکەرنادیارەکەوە.

تێبینی : تەواوکەر (object) ئەو وشەیەیە کە ڕاستەوخۆ لەدوای فرمانی سەرەکی ڕستەکەوە دێت ، وە تەنها ئەو ڕستانە دەکرێن بە بکەرنادیار کە فرمانەکەیان (تێپەڕ) بێت.

تێبینی : بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر تەواوکەرەکەمان ڕاناو بێت ئەوا لەکاتی گۆڕینی بۆ بکەرنادیار دەیکەین بە ڕاناوی بکەر و دەیان خەینە سەرەتای ڕستە بکەرنادیارەکەوە بەڵام دەوری بکەر نابینن بۆ نمونە:

ڕاناو کە دەیکەینە سەر شێوەی بکەر	ڕاناو کە (object) بێت
he	him
she	her
it	its
I	me
you	you
we	us
they	them

بەهەرحاڵ لەکۆتایی ئەم بابەتەدا بە خشتەیەک بکەرنادیار ڕوون دەکەینەوە بۆ هەموو کاتەکان بەڵام لێرە ئێمە ئاماژە بە پێنج کاتیان دەکەین کە زۆر بەکاردەهێنرێن.

شێوازی دروستکردنی بکەرنادیار:

1-ڕانەبردووی سادە (present simple) :

بەشێوەیەکی گشتی یاساکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

Subject + verb present + object.

کاتێک بکەرنادیار دروستدەکەین ئەوا دەیخەینە سەر ئەم شێوەیە:

Object + (am, is, are) + p.p.

تێبینی :

1-ئەگەر تەواوکەرەکە تاک بێت ئەوا لەدوای تەواوکەر (object)ەوە فرمانی یاریدەدەری (is) دادەنێین پاشان شێوەی سێهەمی فرمانی سەرەکی ڕستەکە دادەنێین بۆ نمونە:

He helps me. ئەو کوڕە یارمەتیم دەدات

I am helped. من یارمەتی دەدرێم

I am helped by him. من یارمەتی دەدرێم لەلایەن ئەو کوڕەوە

2-ئەگەر تەواوکەرەکە کۆ بێت ئەوا لەدوای تەواوکەر (object) ەوە فرمانی یاریدەدەری (are) دادەنێین پاشان شێوەی سێهەمی فرمانی سەرەکی ڕستەکە دادەنێین بۆ نمونە:

He helps us. ئەو کوڕە یارمەتیمان دەدات

We are helped. ئێمە یارمەتی دەدرێین

We are helped by him. ئێمە یارمەتی دەدرێین لەلایەن ئەو کوڕەوە

3-ئەگەر تەواوکەرەکە بریتی بێت لە (me) ئەوا لەدوای تەواوکەر (object) ەوە فرمانی یاریدەدەری (am) دادەنێین پاشان شێوەی سێهەمی فرمانی سەرەکی ڕستەکە دادەنێین بۆ نمونە:

They help me. ئەوان یارمەتیم دەدەن

I am helped. من یارمەتی دەدرێم

با ئێستا سەرنجی چەند نمونەیەک بدەین:

1-They repair the bridge every day. ئەوان پردەکە چاک دەکەنەوە هەموو ڕۆژێک

The bridge is repaired every day. پردەکە چاک دەکرێتەوە هەموو ڕۆژێک

The bridge is repaired every day by them. پردەکە چاک دەکرێتەوە هەموو ڕۆژێک لەلایەن ئەوانەوە

2-Snow covers the mountains. بەفر شاخەکان دادەپۆشێت

The mountains are covered. شاخەکان دادەپۆشرێن

The mountains are covered with snow. شاخەکان دادەپۆشرێن بە بەفر

ئەو دوو ڕستەیەی لای خوارەوە بگۆڕە بۆ بکەرنادیار

1)The wolves eat the sheep. گورگەکان مەڕەکە دەخۆن

The sheep is eaten by the wolves. مەڕەکە دەخورێ لەلایەن گورگەکانەوە

لەو ڕستەیەی لای سەرەوەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە بکەرەکە بریتییە لە (the wolves) واتە گورگەکان وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش بریتییە لە (eat) واتا دەخوات وە تەواوکەرەکەشمان بریتییە لە (the sheep) ، لەبەرئەوە تەواوکەرەکەمان هێنایە سەرەتای ڕستەکەوە وە تەواوکەرەکەمان تاکە بۆ فرمانی یاریدەدەری (is) مان بەکارهێنا ، وە شێوەی سێیەمی فرمانی (eat) بریتییە لە (eaten) وە هەروەها دەتوانین (by the wolves) بنوسین و نەی نوسین.

2)The workers break the bridge. کرێکارەکان پردەکە دەشکێنن

The bridge is broken by the workers. پردەکە دەشکێنرێ لەلایەن کرێکارەکانەوە

لەو ڕستەیەی لای سەرەوەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە بکەرەکە بریتییە لە (the workers) واتە (ئیشکەرەکان ، کرێکارەکان) وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش بریتییە لە (break) واتا دەشکێنێت وە تەواوکەرەکەشمان بریتییە لە (the bridge) ، لەبەرئەوە تەواوکەرەکەمان هێنایە سەرەتای ڕستەکەوە وە تەواوکەرەکەمان تاکە بۆیە فرمانی یاریدەدەری (is) مان بەکارهێنا ، وە شێوەی سێیەمی فرمانی (break) بریتییە لە (broken) وە هەروەها دەتوانین بڕگەی (by the workers) بنوسین و نەی نوسین لە ڕستە بکەرنادیارەکەدا.

2-ڕابردووی سادە (past simple) :

بەشێوەیەکی گشتی یاساکەی بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

Subject + verb past + object.

کاتێک بکەرنادیار دروستدەکەین ئەوا دەیخەینە سەر ئەم شێوەیە:

Object + (was, were) + p.p.

تێبینی :

1-ئەگەر تەواوکەرەکە تاک بێت ئەوا لەدوای تەواوکەر (object) ەوە فرمانی یاریدەدەری (was) دادەنێین پاشان شێوەی سێهەمی فرمانی سەرەکی ڕستەکە دادەنێین بۆ نمونە:

-The workers broke the bridge. کرێکارەکان پردەکە دەشکێنن

-The bridge was broken by the workers. پردەکە شکێنرا لەلایەن کرێکارەکانەوە

2-ئەگەر تەواوکەرەکە کۆ بێت ئەوا لەدوای تەواوکەر (object) ەوە فرمانی یاریدەدەری (were) دادەنێین پاشان شێوەی سێهەمی فرمانی سەرەکی ڕستەکە دادەنێین بۆ نمونە:

-The wolves ate the cows. گورگەکان مانگاکانیان خوارد

-The cows were eaten by the wolves. مانگاکان خوران لەلایەن گورگەکانەوە

3-ئەگەر تەواوکەرەکە بریتی بێت لە (me) ئەوا لەدوای تەواوکەر (object) ەوە فرمانی یاریدەدەری (was) دادەنێین پاشان شێوەی سێهەمی فرمانی سەرەکی ڕستەکە دادەنێین.

با ئێستا سەرنجی چەند نمونەیەک بدەین:

1-They repaired the bridge yesterday. ئەوان پردەکەیان چاک کردەوە دوێنێ

-The bridge was repaired yesterday. پردەکە چاک کرایەوە دوێنێ

-The bridge was repaired yesterday by them. پردەکە چاک کرایەوە دوێنێ لەلایەن ئەوانەوە

2-Snow covered the mountains. بەفر شاخەکانی داپۆشی

-The mountains were covered. شاخەکان داپۆشران

-The mountains were covered with snow. شاخەکان داپۆشران بە بەفر

3-He stole the car. ئەو کوڕە سەیارەکەی دزی

-The car was stolen. سەیارەکە دزرا

4-Ahmed killed Ali. ئەحمەد عەلی کوشت

-Ali was killed by Ahmed. عەلی کوژرا لەلایەن ئەحمەدەوە

ئەو دوو ڕستەیەی لای خوارەوە بگۆڕە بۆ بکەرنادیار

1)The wolves ate the sheep. گورگەکان مەڕەکەیان خوارد

The sheep was eaten by the wolves. مەڕەکە خورا لەلایەن گورگەکانەوە

لەو ڕستەیەی لای سەرەوەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە بکەرەکە بریتییە لە (the wolves) واتە گورگەکان وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش بریتییە لە (ate) واتا خواردی وە تەواوکەرەکەشمان بریتییە لە (the sheep) کە ناوێکی تاکە ، لەبەرئەوە تەواوکەرەکەمان هێنایە سەرەتای ڕستەکەوە وە تەواوکەرەکەمان تاکە بۆ فرمانی یاریدەدەری (was) مان بەکارهێنا ، وە شێوەی سێیەمی فرمانی (ate) بریتییە لە (eaten) وە هەروەها دەتوانین (by the wolves) بنوسین و نەی نوسین.

2)The workers broke the bridge. کرێکارەکان پردەکەیان شکاند

The bridge was broken by the workers. پردەکە شکێنرا لەلایەن کرێکارەکانەوە

لەو ڕستەیەی لای سەرەوەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە بکەرەکە بریتییە لە (the workers) واتە (ئیشکەرەکان ، کرێکارەکان) وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش بریتییە لە (broke) واتا شکاندی وە تەواوکەرەکەشمان بریتییە لە (the bridge) کە ناوێکی تاکە ، لەبەرئەوە تەواوکەرەکەمان هێنایە سەرەتای ڕستەکەوە وە تەواوکەرەکەمان تاکە بۆ فرمانی یاریدەدەری (was) مان بەکارهێنا ، وە شێوەی سێیەمی فرمانی (broke) بریتییە لە (broken) وە هەروەها دەتوانین (by the workers) بنوسین و نەی نوسین.

3-ڕانەبردووی بەردەوام (present continuous) :

بەشێوەیەکی گشتی یاساکەی بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

Subject + (am, is, are) + v.ing + object.

کاتێک بکەرنادیار دروستدەکەین ئەوا دەیخەینە سەر ئەم شێوەیە:

Object + (am, is, are) + being + p.p.

تێبینی :

1-ئەگەر تەواوکەرەکە تاک بێت ئەوا لەدوای تەواوکەر (object) ەوە فرمانی یاریدەدەری (is) دادەنێین پاشان فرمانی بەردەوامی (being) دادەنێین و دوای ئەوە شێوەی سێهەمی فرمانی سەرەکی ڕستەکە دەنوسین.

2-ئەگەر تەواوکەرەکە کۆ بێت ئەوا لەدوای تەواوکەر (object) ەوە فرمانی یاریدەدەری (are) دادەنێین پاشان فرمانی بەردەوامی (being) دادەنێین و دوای ئەوە شێوەی سێهەمی فرمانی سەرەکی ڕستەکە دەنوسین.

3-ئەگەر تەواوکەرەکە ڕاناوی (me) بێت ئەوا لەدوای تەواوکەر (object) ەوە فرمانی یاریدەدەری (am) دادەنێین پاشان فرمانی بەردەوامی (being) دادەنێین و دوای ئەوە شێوەی سێهەمی فرمانی سەرەکی ڕستەکە دەنوسین.

ئەو دوو ڕستەیەی لای خوارەوە بگۆڕە بۆ بکەرنادیار

1)The wolves are eating the sheep now. گورگەکان مەڕەکە دەخۆن ئێستا

The sheep is being eaten now by the wolves. مەڕەکە دەخورێت لەلایەن گورگەکانەوە ئێستا

لەو ڕستەیەی لای سەرەوەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە بکەرەکە بریتییە لە (the wolves) واتە گورگەکان وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش بریتییە لە (eating) واتا (دەخوات (بۆکاتی ئێستا)) وە تەواوکەرەکەشمان بریتییە لە (the sheep) کە ناوێکی تاکە ، لەبەرئەوە تەواوکەرەکەمان هێنایە سەرەتای ڕستەکەوە وە تەواوکەرەکەمان تاکە بۆ فرمانی یاریدەدەری (is) مان بەکارهێنا ، پاشان فرمانی بەردەوامی (being) مان بەکارهێنا ، وە شێوەی سێیەمی فرمانی (eat) بریتییە لە (eaten) وە هەروەها دەتوانین (by the wolves) بنوسین و نەی نوسین.

2)The workers are breaking the bridge. کرێکارەکان پردەکە دەشکێنن

The bridge is being breaking by the workers.

واتاکەی : پردەکە دەشکێنرێ لەلایەن کرێکارەکانەوە

لەو ڕستەیەی لای سەرەوەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە بکەرەکە بریتییە لە (the workers) واتە (ئیشکەرەکان ، کرێکارەکان) وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش بریتییە لە (breaking) واتا دەشکێنێت (بۆ کاتی ئێستا) ، وە تەواوکەرەکەشمان بریتییە لە (the bridge) کە ناوێکی تاکە ، لەبەرئەوە تەواوکەرەکەمان هێنایە سەرەتای ڕستەکەوە وە تەواوکەرەکەمان تاکە بۆ فرمانی یاریدەدەری (is) مان بەکارهێنا ، پاشان فرمانی بەردەوامی (being) مان بەکارهێنا ، وە شێوەی سێیەمی فرمانی (break) بریتییە لە (broken) وە هەروەها دەتوانین (by the workers) بنوسین و نەی نوسین.

4-ڕانەبردووی تەواو (present perfect) :

بەشێوەیەکی گشتی یاساکەی بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

Subject + (have, has) + p.p. + object.

کاتێک بکەرنادیار دروستدەکەین ئەوا دەیخەینە سەر ئەم شێوەیە:

Object + (have, has) + been + p.p.

1-ئەگەر تەواوکەرەکە تاک بێت ئەوا لەدوای تەواوکەر (object) ەوە فرمانی یاریدەدەری (has) دادەنێین پاشان فرمانی (been) دادەنێین و دوای ئەوە شێوەی سێهەمی فرمانی سەرەکی ڕستەکە دەنوسین.

2-ئەگەر تەواوکەرەکە کۆ بێت ئەوا لەدوای تەواوکەر (object) ەوە فرمانی یاریدەدەری (have) دادەنێین پاشان فرمانی (been) دادەنێین و دوای ئەوە شێوەی سێهەمی فرمانی سەرەکی ڕستەکە دەنوسین.

تێبینی : وشەی (police) ناوێکی کۆیە و تاک نییە بۆیە پێویستە بیزانین کە لە ڕستەدا هاتەوە پێویستە حسابی کۆی بۆ بکەین وەک لە نمونەکانی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

Examples:

1-The police have arrested someone.

Someone has been arrested.

2-The police have found the car.

The car has been found by the police.

3-The police have found the weapon.

The weapon has been found by the police.

4-Someone has stolen her book.

Her book has been stolen.

5-داهاتووی سادە (future simple) :

بەشێوەیەکی گشتی یاساکەی بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

Subject + will + base + object.

کاتێک بکەرنادیار دروستدەکەین ئەوا دەیخەینە سەر ئەم شێوەیە:

Object + will + be + p.p.

Examples:

1-He will solve the crime. تاوانەکە چارەسەر دەکات

The crime will be solved. تاوانەکە چارەسەر دەکرێ

2-He will eat an apple.

An apple will be eaten.

3-He will kill Omar.

Omar will be killed by him.

4-She will buy the car.

The car will be bought by her.

6-هەندێک فرمانی یاریدەدەر (some auxiliary verbs):

-دەتوانین بکەرنادیار بەکاربهێنین لەگەڵ هەندێک فرمانی یارمەتیدەری وەکو (should, must, can…etc.).

-بەشێوەیەکی گشتی یاسای ئەو فرمانە یارمەتیدەرانەی سەرەوە کە بکەردیارن بریتییە لە:

Subject + auxiliary verb + base

- کاتێک دەیکەین بە بکەرنادیار یاساکەیان دەبێت بە:

Object + auxiliary verb + be + p.p.

Some examples:

1-He can find the car.

The car can be found.

2-They must tell her.

She must be told.

3-They should not park their cars there.

Their cars should not be parked there by them.

خشتەی بکەرنادیار بۆ هەموو کاتەکان (جميع الأزمنة)

لەم خشتەیەی لای خوارەوەدا هەموو کاتەکانی بکەرنادیار ڕوون کراوەتەوە بە یاساکانییەوە کە زۆر گرنگە بیان زانین ، وە پیتی (O) ئاماژەیە بۆ تەواوکەر واتا (object) وەک لە خشتەکەدا دیارە.

ژ	کاتی ڕستەکە	شێوازی بکەرنادیار
1	Present Simple	O + (am/is/are) + p.p.
2	Present Continuous	O + (am/is/are) + being + p.p.
3	Present Perfect	O + (has/have) + been + p.p.
4	Present Perfect Continuous	O + (has/have) + being + p.p.
5	Past Simple	O + (was/were) + p.p.
6	Past Continuous	O + (was, were) + being + p.p.
7	Past Perfect	O + had + been + p.p.
8	Past Perfect Continuous	O + had + being + p.p.
9	Future Simple	O + will be + p.p.
10	Future Continuous	O + will + being + p.p.
11	Future Perfect	O + will have been + p.p.
12	Future Perfect Continuous	O + will have being + p.p.
13	Future in the Past	O + (was/were) + going to be + p.p.
14	used to	O + used to be + p.p.
15	Auxiliary Verb	O + Aux. Verb + be + p.p.

16	going to	O + (am/is/are) + going to be + p.p.

Negative (النفی) نەرێ

دروستکردنی نەرێ (صیاغة النفی) (Make of Negative) :

یاسایەک هەیە لە زمانی ئینگلیزیدا کە دەڵێت ئەگەر ڕستەیەکت هەبوو ، وە فرمانی یاریدەدەر (auxiliary verb) ی تیادا بوو ئەوا لەدوای فرمانە یارمەتیدەرەکەوە (not) دادەنێین و دەتوانین بە کورتکراوەیی بینوسین بم شێوەیە (n't) ، جگە لە (will) کە دەیکەین بە نەرێ دەبێت بە (won't) ، وە (can) کە دەیکەین بە نەرێ دەبێت بە (can't) ، وە (shall) کە دەیکەین بە نەرێ دەبێت بە (shan't) ، وە دوو فرمانی یارمەتیدەری (may) و (am) هەرگیز کورت ناکرێنەوە.

ئەگەر ڕستەکە فرمانی یارمەتیدەری تیادا نەبوو ئەوا ڕاستەوخۆ لەدوای فرمانی سەرەکی ڕستەکەوە (do not, don't) یان (does not, doesn't) یان (did not, didn't) دادەنێین.

وە (don't) دادەنێین ئەگەر فرمانی سەرەکی ڕستەکە لەسەر شێوەی چاوگ (infinitive) بێت کە ئەمەش لە کاتی ڕانەبردووی سادە (present simple) دا ڕوودەدات کاتێک بکەرەکەی یەکێک بێت لە (I, we, you, they, plural noun) .

وە (doesn't) دادەنێین ئەگەر فرمانی سەرەکی ڕستەکە (s-) ی پێوە بێت لە کۆتاییەکەیدا کە ئەمەش لە کاتی ڕانەبردووی سادە (present simple) دا ڕوودەدات کاتێک بکەرەکەی یەکێک بێت لە (he, she, it, they, singular noun) ، وە فرمانەکەش دەخەینەوە سەر شێوەی چاوگ.

وە (didn’t) دادەنێین ئەگەر فرمانی سەرەکی ڕستەکە ڕابردوو بێت کە ئەمەش لە کاتی ڕابردووی سادە (past simple) دا ڕوودەدات وە فرمانەکەش دەخەینەوە سەر شێوەی چاوگ.

تێبینی : واتای چاوگ بریتییە لەو فرمانەی کە (-s) و (-ing) پێوە نییە وە نەکراوە بە ڕابردووی سادە وە نەخراوەتە سەر شێوەی سێیەمی فرمان.

وە ئێستاس هەندێک کاتی ڕستە دەنوسین و دەیان کەین بە نەرێ

1-ڕانەبردووی سادە (الحاضر البسيط) (present simple) :

Some examples:

1)He plays football.   ئەو یاری تۆپی پێ دەکات

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) نییە ، وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش (-s) پێوەیە کە (-s) ی کەسی سێیەمە ، لەبەرئەوە لەپێش فرمانی سەرەکی ڕستەکەوە (doesn’t) دادەنێین ڕاستەوخۆ ، وە فرمانەکەش (-s) ەکەی لێدەکەینەوە و دەیخەینە سەر شێوەی چاوگ بەم شێوەیەی لای خوارەوە

He doesn't play football.

2)You learn English.

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) نییە ، وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش چاوگە کە ئەمەش لە کاتی ڕانەبردووی سادە دا ڕوودەدات ، لەبەرئەوە لەپێش فرمانی سەرەکی ڕستەکەوە (don’t) دادەنێین ڕاستەوخۆ بەم شێوەیەی لای خوارەوە

You don't learn English.

2-ڕانەبردووی بەردەوام (الحاضر المستمر) (present continuous) :

Some examples:

1)He is playing football. ئەو یاری تۆپی پێ دەکات

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (is) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین بەم شێوەیەی لای خوارەوە

He isn’t playing football.

2)You are learning English.

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (are) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین بەم شێوەیەی لای خوارەوە

You aren’t learning English.

3)I am walking. من دەڕۆم

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (am) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین بەم شێوەیەی لای خوارەوە

I am not walking.

3-ڕانەبردووی تەواو (الحاضر التام) (present perfect) :

Some examples:

1)He has played football.

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (has) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین بەم شێوەیەی لای خوارەوە

He hasn't played football.

2)You have taught English.

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (have) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین بەم شێوەیەی لای خوارەوە

You haven't taught English.

4-ڕانەبردووی تەواوی بەردەوام (present perfect continuous) :

Some examples:

1)He has been playing football since two hours.

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (has) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین بەم شێوەیەی لای خوارەوە

He hasn't been playing football since two hours.

2)You have been teaching English for two years.

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (have) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین بەم شێوەیەی لای خوارەوە

You haven't been teaching English for two years.

5-ڕابردووی سادە (past simple) :

Some examples:

1)He played football.

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) نییە ، وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش ڕابردووی سادەیە ، لەبەرئەوە لەپێش فرمانی سەرەکی ڕستەکەوە (didn’t) دادەنێین ڕاستەوخۆ ، وە فرمانەکەش (ed-) ەکەی لێدەکەینەوە و دەیخەینە سەر شێوەی چاوگ بەم شێوەیەی لای خوارەوە

He didn't play football.

2)You taught English.

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) نییە ، وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش ڕابردووی سادەیە ، لەبەرئەوە لەپێش فرمانی سەرەکی ڕستەکەوە (didn’t) دادەنێین ڕاستەوخۆ ، وە فرمانەکەش کە ڕابردووی سادەیە دەیخەینەوە سەر شێوەی چاوگ بەم شێوەیەی لای خوارەوە

You didn't teach English.

6-ڕابردووی بەردەوام (past continuous) :

Some examples:

1)He was playing football.

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (was) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین بەم شێوەیەی لای خوارەوە

He wasn't playing football.

2)You were teaching English.

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (were) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین بەم شێوەیەی لای خوارەوە

You weren't teaching English.

7-ڕابردووی تەواو (past perfect) :

Example:

He had played football before he was broken his leg.

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (had) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین بەم شێوەیەی لای خوارەوە

He hadn't played football before he was broken his leg.

8-ڕابردووی تەواوی بەردەوام (past perfect continuous) :

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (had) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین بەم شێوەیەی لای خوارەوە

Example:

He had been studying English for two years before he got the job.

He hadn't been studying English for two years before he got the job.

9-داهاتووی سادە (future simple) :

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (will) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین و دەبێت بە (won’t) بەم شێوەیەی لای خوارەوە

Example:

He will go.

He won't go.

10-داهاتووی بەردەوام (future continuous) :

لەم ڕستانەی خوارەوەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (will) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین و دەبێت بە (won’t) بەم شێوەیەی لای خوارەوە

Example:

1-He will be going to school.

He won’t be going to school.

2-He will be asleep.

He won't be asleep.

11-داهاتووی تەواو (future perfect):

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (will) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین و دەبێت بە (won't) بەم شێوەیەی لای خوارەوە

Example:

I will have perfected my English by the time I come back from the U.S.

I won't have perfected my English by the time I come back from the U.S.

12-داهاتووی تەواوی بەردەوام (future perfect continuous):

لەم ڕستەیەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (will) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین و دەبێت بە (won't) بەم شێوەیەی لای خوارەوە

Example:

I will have been waiting for two hours when her plane finally arrives

I won't have been waiting for two hours when her plane finally arrives

13-داهاتوو لە ڕابردوودا (future in the past):

Examples:

1)He would go.

He wouldn't go.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (would) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین و دەبێت بە (wouldn't) .

2)You were going to go.

You weren't going to go.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (were) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین و دەبێت بە (weren't) .

14-لەگەڵ هەندێک فرمانی یاریدەدەر دا (with some auxiliary verbs) :

تێبینی : کاتێک لەدوای فرمانی یاریدەدەری (can) ەوە (not) دابنێین دەنوسین (cannot) نەک (can not) وە کورتکراوەکەشی بریتییە لە (can't) .

Examples:

1)I can go.

I can't go.

لەو ڕستەیەی سەرەوەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (can) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین و دەبێت بە (can't) .

2)I should go.

I shouldn't go.

لەو ڕستەیەی سەرەوەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (should) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین و دەبێت بە (shouldn't) .

3)He is a hero.

He isn't a hero.

لەو ڕستەیەی سەرەوەدا فرمانی یارمەتیدەر (فعل مساعد) هەیە کە (is) ە ، لەبەرئەوە لەدوایەوە (not) دادەنێین و دەبێت بە (isn't) .

ئەم ڕستەیەی لای خوارەوە بکە بە نەرێ (نەفی):

You have a pen.   تۆ قەڵەمێکت هەیە

لەوانەیە لەسەدا نەوەد (90%) ی خەڵک بڵێن بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

You haven't a pen.

بەڵام ئەمەی سەرەوە هەڵەیە و ڕاستەکەشی بریتییە لەوەی خوارەوە چونکە فرمانی (have) فرمانێکی سەرەکییە و لەسەر شێوەی چاوگە ، وە فرمانی (have) فرمانێکی یاریدەدەر نییە.

You don't have a pen.

ئەم ڕستەیەی لای خوارەوە بکە بە نەرێ (نەفی):

He has a pen.   ئەو قەڵەمێکی هەیە

لەوانەیە لەسەدا نەوەد (90%) ی خەڵک بڵێن بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

He hasn't a pen.

بەڵام ئەمەی سەرەوە هەڵەیە و ڕاستەکەشی بریتییە لەوەی خوارەوە چونکە فرمانی (has) فرمانێکی سەرەکییە و فرمانی (has) فرمانێکی یاریدەدەر نییە.

He doesn't have a pen.

15-نەرێ لە فەرمان کردندا:

بۆ ئەوەی ڕستەیەک نەفی بکەین کە لەسەر شێوەی فەرمان کردنە ئەوا (Don't) دەخەینە سەرەتای ڕستەکەوە پاشان فرمانی سەرەکی ڕستەکە دەنوسین لەسەر شێوەی چاوگ.

Examples:

1-Don't worry. دوودڵ مەبە

2-Don't eat this. ئەمە مەخۆ

3-Don’t be stupid. گەمژە مەبە

16-نەرێ کردن بە شێوەی (have no) :

ئەگەر بمانەوێت ڕستەی (I have a pen) بکەین بە نەرێ ئەوا دەنوسین

I don’t have a pen

بەڵام دەتوانین ئەم ڕستەیە بکەین بە نەرێ بە ڕێگایەکی تر کە زیاتر باوە ئێستا لە زمانی ئینگلیزیدا ، وە بەو شێوەی خوارەوەش دەکرێن بە نەرێ

I have no a pen.

English Question پرسیار لە زمانی ئینگلیزیدا

پرسیار کردن لە زمانی ئینگلیزیدا زۆر سادەیە ، وە نزیکە لە یاساکانی نەرێ ، وە (إن شاء الله) لەدواتر نمونەی زۆری لەسەر دەهێنینەوە.

وە دوو جۆر پرسیار کردن هەیە لە زمانی ئینگلیزیدا:

1-وەڵامدانەوە بە (Yes) یان (No) .

2- وەڵامدانەوەی بە درێژی

Making Question دروستکردنی پرسیار

1-وەڵامدانەوە بە (Yes) یان (No) .

وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بە (Yes) دەبێت یان بە (No) دەبێت ، وە بەم دوو شێوەیەی لای خوارەوە دروستدەکرێت

Yes, + Subject + Aux Verb

No, + Subject + Aux Verb + not

یاساکەمان بە بوونی پرسیار کە وەڵامەکەی بە (Yes) یان (No) بێت لە زمانی ئینگلیزیدا دەڵێت : ئەگەر ڕستەیەکت هەبێت کە فرمانی یارمەتیدەری تیادابێت ئەوا فرمانە یارمەتیدەرەکە دەخەینە سەرەتای ڕستەکەوە پاشان ڕستەکە دەنوسینەوە و تەواوی دەکەین و لەکۆتایی ڕستەکەشدا نیشانەی پرسیار (?) دادەنێین.

ئەگەر ڕستەیەکمان هەبێت کە فرمانی یارمەتیدەری تیادا نەبێت ئەوا فرمانی (Do) یان (Does) یان (Did) دەکەینە سەرەتاوە.

فرمانی (Do) دەکەینە سەرەتای ڕستەکەوە کاتێک کە فرمانی سەرەکی ڕستەکە لەسەر شێوەی چاوگ بێت یان بە واتایەکی تر کە بکەری ڕستەکە یەکێک بێت لەمانە (I, we, you, they, plural noun).

فرمانی (Does) دەکەینە سەرەتای ڕستەکەوە کاتێک کە فرمانی سەرەکی ڕستەکە (-s) ی پێوە بێت یان بە واتایەکی تر کە بکەری ڕستەکە یەکێک بێت لەمانە (he, she, it, they, singular noun) وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش دەخەینە سەر شێوەی چاوگ.

فرمانی (Did) دەکەینە سەرەتای ڕستەکەوە کاتێک کە فرمانی سەرەکی ڕستەکە ڕابردوو بێت ، وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش دەخەینە سەر شێوەی چاوگ.

وە ئەمانەی خوارەوە چەند نمونەیەکن لە چەند کاتێکی جیاوازدا.

أ-ڕانەبردووی سادە (present simple) :

1)He plays football.   ئەو یاری تۆپی پێ دەکات

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدا نییە و بکەرەکەشی بریتییە لە (He) وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش پێوەیە لەبەرئەوە (Does) دەخەینە سەرەتای ڕستەکەوە ، وە (-s) ەکەش لە فرمانە سەرەکییەکە دەکەینەوە و لای دەبەین و دەیکەینەوە بە چاوگ و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت (-s) ی کەسی سێیەمی

Does he play football?   ئایا ئەو یاری تۆپی پێ دەکات؟

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, he does.

No, he doesn't.

2)You teach English.   تۆ وانەی زمانی ئینگلیزی دەڵێیتەوە

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدا نییە و بکەرەکەشی بریتییە لە (you) وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش چاوگە لەبەرئەوە (Do) دەخەینە سەرەتای ڕستەکەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Do you teach English?   ئایا تۆ وانەی زمانی ئینگلیزی دەڵێیتەوە؟

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, I do.

No, I don't.

ب-ڕانەبردووی بەردەوام (present continuous) :

1)He is playing football.   ئەو یاری تۆپێ دەکات ئێستا

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (is) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Is he playing football? ئایا ئەو یاری تۆپی پێ دەکات ئێستا؟

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, he is.

No, he isn't.

2)You are teaching English. تۆ وانەی ئینگلیزی دەڵێیتەوە ئێستا

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (are) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Are you teaching English? ئایا تۆ وانەی ئینگلیزی دەڵێیتەوە ئێستا؟

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, I am.

No, I am not.

3)I am walking. من دەڕۆم ئێستا

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (am) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Am I walking? ئایا من دەڕۆم ئێستا؟

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, you are.

No, you aren't.

ت-ڕانەبردووی تەواو (present perfect) :

1)He has played football.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (has) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Has he played football?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, he has.

No, he hasn't.

2)You have taught English.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (have) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Have you taught English?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, I have.

No, I haven't.

ث-ڕانەبردووی تەواوی بەردەوام (present perfect continuous):

1)He has been playing football since two hours.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (has) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Has he been playing football since two hours?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, he has.

No, he hasn't.

2)You have been teaching English for two years.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (have) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Have you been teaching English for two years?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, I have.

No, I haven't.

ج-ڕابردووی سادە (past simple):

1)He played football.

لێرەدا فرمانی یارمەتیدەرمان نییە و فرمانی سەرەکی ڕستەکەش ڕابردووە ، لەبەر ئەوە (Did) دەخەینە سەرەتای ڕستە پرسەکەوە کە دروستی دەکەین وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش دەخەینە سەر شێوەی چاوگ و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Did he play football?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, he did.

No, he didn't.

2)You taught English.

لێرەدا فرمانی یارمەتیدەرمان نییە و فرمانی سەرەکی ڕستەکەش ڕابردووە ، لەبەر ئەوە (Did) دەخەینە سەرەتای ڕستە پرسەکەوە کە دروستی دەکەین وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش دەخەینە سەر شێوەی چاوگ و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Did you teach English?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, I did.

No, I didn't.

ح-ڕابردووی بەردەوام (past continuous):

1)He was playing football.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (was) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Was he playing football?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, he was.

No, he wasn't.

2)You were teaching English.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (were) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Were you teaching English?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, I was.

No, I wasn't.

خ-ڕابردووی تەواو (past perfect):

He had played football before he was broken his leg.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (had) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Had he played football before he was broken his leg?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, he had.

No, he hadn't.

د-ڕابردووی تەواوی بەردەوام (past perfect continuous):

He had been studying English for two years before he got the job.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (had) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Had he been studying English for two years before he got the job?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, he had.

No, he hadn't.

ذ-داهاتووی سادە (future simple):

He will go.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (will) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Will he go?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, he will.

No, he won't.

ر-داهاتووی سادە (future continuous):

They will be going to school.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (will) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Will they be going to school?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, he will.

No, he won’t.

ز-داهاتووی تەواو (future perfect):

I will have perfected my English by the time I come back from the U.S.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (will) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Will I have perfected my English by the time I come back from the U.S?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, you will.

No, you won't.

س-داهاتووی تەواوی بەردەوام (future perfect continuous):

I will have been waiting for two hours when her plane finally arrives.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (will) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Will I have been waiting for two hours when her plane finally arrives?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, you will.

No, you won't.

ش-داهاتوو لە ڕابردوودا (future in the past):

1)He would go.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (would) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Would he go?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, he would.

No, he wouldn't.

2)You were going to go.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (were) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Were you going to go?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, I was.

No, I wasn't.

ص-فرمانە یارمەتیدەرەکان (auxiliary verbs) :

1)I can go.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (can) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Can I go?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, you can.

No, you can't.

2)He should go.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (should) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Should he go?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, he should.

No, he shouldn't.

3)He is a hero.

لەو نمونەیەی لای سەرەوەدا فرمانی یاریدەدەری تێدایە کە (is) ە و دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Is he a hero?

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, he is.

No, he isn't.

Question: make these sentences interrogative.

1-You have a pen.

لەوانەیە لەسەدا نەوەد (90%) ی خەڵک بڵێن بەو شێوەیەی لای خوارەوە دەکرێ بە پرسیاری

Have you a pen?

بەڵام ئەوەی سەرەوە هەڵەیە چونکە فرمانی (have) فرمانی سەرەکی ڕستەکەیە و فرمانی یارمەتیدەر نییە و بە واتای (هەیەتی ، یملک) دێت ، وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش لەسەر شێوەی چاوگە لەبەرئەوە (Do) دەخەینە سەرەتای ڕستە پرسیارییەکەوە و بەو شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Do you have a pen?

2-He has a pen.

لەوانەیە لەسەدا نەوەد (90%) ی خەڵک بڵێن بەو شێوەیەی لای خوارەوە دەکرێ بە پرسیاری

Has he a pen?

بەڵام ئەوەی سەرەوە هەڵەیە چونکە فرمانی (has) فرمانی سەرەکی ڕستەکەیە و فرمانی یارمەتیدەر نییە و بە واتای (هەیەتی ، یملک) دێت ، وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش لەسەر شێوەی (base + s) ە کە لە (have + -s) ەوە هاتووە ، لەبەرئەوە (Does) دەخەینە سەرەتای ڕستە پرسیارییەکەوە و فرمانی سەرەکی ڕستەکەش دەخەینەوە سەر شێوەی چاوگ و بەو شێوەی لای خوارەوەی لێدێت

Does he have a pen?

2-وەڵامدانەوەی درێژ (الجواب المطول) (long response) :

پێش ئەوەی دەست بکەین بە باس کردنی دروستکردنی پرسیاری وەڵام درێژ پێویستە ڕاناوەکان ڕوون بکەینەوە و هەروەها پێویستە کاتەکانی پرسیاریش ڕوونبکەینەوە وەک :

Who **ڕاناوی پرسیارە بۆ پرسیار کردن لە کەسێک بە واتای (کێ) دێت**

Whom **ڕاناوی پرسیارە بۆ پرسیار کردن لە کەسێک بە واتای (کێ) بەڵام تەنها بۆ تەواوکەر (مفعول بە) وە بە ڕاستی شوێنی ڕاناوی** (who) **دەگرێتەوە.**

What **ڕاناوی پرسیارە بە واتای (چی) دێت**

Where **ڕاناوی پرسیارە بۆ پرسیار کردن لە شوێنێکی دیاریکراو بە واتای (لەکوێ) یان (بۆ کوێ) دێت**

Whose **ڕاناوی پرسیارە بۆ پرسیار کردن لە خاوەنی شتێک بە واتای (هی ی کێ) دێت**

When **ڕاناوی پرسیارە بۆ پرسیار کردن لە کات بە واتای (کەی) دێت**

Why **ڕاناوی پرسیارە بۆ پرسیار کردن لە هۆکارێکی دیاری کراو بە واتای (بۆچی) دێت**

How **ڕاناوی پرسیارە بۆ پرسیار کردن لە چۆنێتی بە واتای (چۆن) یان (چەند) دێت**

یاسایەکی پرسیاری وەڵام درێژ هەیە کە دەڵێت : ئەگەر ڕستەیەکت هەبێت فرمانی یاریدەدەری تێدابێت (لەوەوپێش باسمان کرد) ئەوا ئەو ڕاناوە پرسەی کە دەمانەوێت دەیخەینە سەرەتای ڕستەکەوە دوای ئەوە ڕاستەوخۆ فرمانە یارمەتیدەرەکە دەخەینە دوای ڕاناوە پرسەکەوە پاشان ئەو بەشەی ڕستەکە دەسڕینەوە و لای دەبەین کە پرسیارمان دەربارەی کردووە دوای ئەوە پاشماوەی ڕستەکە دەنوسینەوە و لەکۆتایی ڕستەکەدا نیشانەی پرسیار دادەنێین بێجگە لە دوو ڕاناوی (who) **و** (which) **کە جیاوازن و یاساکە نایانگرێتەوە و کەمێک جیاوازییان هەیە کە (إن شاء الله) دواتر بەدرێژی باسی ئەو دووانە دەکەین.**

ئەگەر ڕستەیەکمان هەبێت کە فرمانی یارمەتیدەری تیادا نەبێت ئەوا ڕاناوە پرسەکە دەخەینە سەرەتای ڕستەکەوە و دوای ئەوە ڕاستەوخۆ فرمانی (Do) یان (Does) یان (Did) دادەنێین.

فرمانی (Do) دادەنێین کاتێک کە فرمانی سەرەکی ڕستەکە لەسەر شێوەی چاوگ بێت یان بە واتایەکی تر کە بکەری ڕستەکە یەکێک بێت لەمانە (I, we, you, they, plural noun) .

فرمانی (Does) دادەنێین کاتێک کە فرمانی سەرەکی ڕستەکە (s-) ی پێوە بێت یان بە واتایەکی تر کە بکەری ڕستەکە یەکێک بێت لەمانە (he, she, it, they, singular noun) وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش دەخەینە سەر شێوەی چاوگ.

فرمانی (Did) دادەنێین کاتێک کە فرمانی سەرەکی ڕستەکە ڕابردوو بێت ، وە فرمانی سەرەکی ڕستەکەش دەخەینە سەر شێوەی چاوگ.

پاشان ئەو شتەی کە پرسیاری لێدەکرێ لادەبرێ و ئەگەر هەبوو پاشماوەی ڕستەکە دەنوسینەوە و پاشان لەکۆتایی ڕستەکەدا نیشانەی پرسیار دادەنێین.

تێبینی : ئەگەر پرسیار کرا بە وشە پرسەکان نەک بە فرمانە یاریدەدەرەکان ئەوا وەڵامەکەی بە درێژی دەدرێتەوە و پێی دەوترێ پرسیاری وەڵام درێژ.

Some examples:

1)Your name is Anas. (use what)   ناوی تۆ (أنس) ە

لەو ڕستەیەی سەرەوەدا دەمانەوێت پرسیار بکەین لە وشەی (Anas) ، لەبەرئەوە ڕاناوی پرسی (what) دەخەینە سەرەتای ڕستەکەوە ، دوای ئەوە فرمانی یارمەتیدەری (is) دەخەینە دوای ڕاناوە پرسەکەوە ، پاشان وشەی (Anas) دەسڕینەوە و لای دەبەین کە وەڵامەکەیە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

What is your name?

2)This pen is for Ahmed. (use whose) ئەمە قەڵەمی ئەحمەدە

لەو ڕستەیەی سەرەوەدا دەمانەوێت پرسیار بکەین لە وشەی (for Ahmed) ، لەبەرئەوە ڕاناوی پرسی (whose) دەخەینە سەرەتای ڕستەکەوە ، دوای ئەوە فرمانی یارمەتیدەری (is) دەخەینە دوای ڕاناوە پرسەکەوە ، پاشان وشەی (for Ahmed) دەسڕینەوە و لای دەبەین کە وەڵامەکەیە و بەم دوو شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Whose is this pen?

Who is this pen for?

3)He was sick. (use how)

لەو ڕستەیەی سەرەوەدا دەمانەوێت پرسیار بکەین لە وشەی (sick) ، لەبەرئەوە ڕاناوی پرسی (how) دەخەینە سەرەتای ڕستەکەوە ، دوای ئەوە فرمانی یارمەتیدەری (was) دەخەینە دوای ڕاناوە پرسەکەوە ، پاشان وشەی (sick) دەسڕینەوە و لای دەبەین کە وەڵامەکەیە و بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

How was he?

4)He has gone. (use why)

لەو ڕستەیەی سەرەوەدا دەمانەوێت پرسیار بکەین لە شتێک کە دیار نییە واتە وەڵامەکە باس نەکراوە لە ڕستەکەدا ، لەبەرئەوە ڕاناوی پرسی (why) دەخەینە سەرەتای ڕستەکەوە ، دوای ئەوە فرمانی یارمەتیدەری (has) دەخەینە دوای ڕاناوە پرسەکەوە ، پاشان بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Why has he gone?

5)He lives in Texas. (use where)

لێرەدا فرمانی یاریدەدەرمان نییە و فرمانەکەش (-s) ی پێوەیە و ڕانەبردووە ، لەبەرئەوە (where) دەکەینە سەرەتای ڕستە پرسەکەوە و دوای ئەوە ڕاستەوخۆ (does) دادەنێین ، وە (-s) ەکە لە فرمانە سەرەکییەکە دەکەینەوە و لای دەبەین و فرمانە سەرەکییەکەش دەخەینەوە سەر شێوەی چاوگ وەڵامەکەش کە (in Texas)ە لای دەبەین و بەو شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Where does he live? ئەو لەکوێ دەژی؟

6)She left yesterday. (use why)

لێرەدا فرمانی یاریدەدەرمان نییە و فرمانەکەش ڕابردووە ، لەبەرئەوە (why) دەکەینە سەرەتای ڕستە پرسەکەوە و دوای ئەوە ڕاستەوخۆ (did) دادەنێین ، وە فرمانە سەرەکییەکەش دەخەینەوە سەر شێوەی چاوگ و وەڵامەکەی باس نەکراوە و تیای نییە لەبەرئەوە هیچ شتێک لانابەین لە ڕستەکەدا و بەو شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Why did she leave yesterday?

7)He died yesterday. (use when)

لێرەدا فرمانی یاریدەدەرمان نییە و فرمانەکەش ڕابردووە ، لەبەرئەوە (when) دەکەینە سەرەتای ڕستە پرسەکەوە و دوای ئەوە ڕاستەوخۆ (did) دادەنێین ، وە فرمانە سەرەکییەکەش دەخەینەوە سەر شێوەی چاوگ و وەڵامەکەش کە بریتییە لە (yesterday) لادەبەین لە ڕستەکەدا و بەو شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

When did he die?

8)He will leave the day after tomorrow. (use when)

لێرەدا فرمانی یاریدەدەرمان هەیە کە بریتییە لە (will) ، لەبەرئەوە (when) دەکەینە سەرەتای ڕستە پرسەکەوە و دوای ئەوە ڕاستەوخۆ (will) دادەنێین ، وە وەڵامەکەش کە بریتییە لە (the day after tomorrow) لادەبەین لە ڕستەکەدا و بەو شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

When will he leave?

پرسیار کردن بە (who) : ئەگەر بمانەوێت پرسیار بکەین لە بکەر (فاعل) ئەوا بکەر (فاعل) لادەبەین و لەجێگایدا (who) دادەنێین تەنها بەبێ گواستنەوەی فرمانی یاریدەدەر و زیاد کردنی فرمانی یاریدەدەر ، بەڵام ئەگەر ویستمان پرسیار بکەین لە تەواوکەر (مفعول به) ئەوا یاساکانی پێشووتر جێبەجێدەکەین

Some examples:

1)He travels every day. (use who)

لێردەدا دەمانەوێت پرسیار بکەین لە بکەر کە (He) یە لەبەرئەوە بکەر لادەبەین و لەجێگایدا (who) دادەنێین و ڕستەکەش بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Who travels every day?

2)Ali met Ahmad.

لێردەدا دەمانەوێت پرسیار بکەین لە بکەر کە (Ali) یە لەبەرئەوە بکەر لادەبەین و لەجێگایدا (who) دادەنێین و ڕستەکەش بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Who met Ahmad?

لەم نمونەیەی سەرەوەدا ئەگەر بمانەوێت پرسیار بکەین لە (Ahmad) ئەوا دەڵێین: لێرەدا فرمانی یاریدەدەرمان نییە و فرمانەکەش ڕابردووە ، لەبەرئەوە (who) دەکەینە سەرەتای ڕستە پرسەکەوە و دوای ئەوە ڕاستەوخۆ (did) دادەنێین ، وە فرمانە سەرەکییەکەش دەخەینەوە سەر شێوەی چاوگ و وەڵامەکەش کە بریتییە لە (Ahmad) لادەبەین لە ڕستەکەدا و بەو شێوەیەی لای خوارەوەی لێدێت

Who did meet Ali?

Whom did meet Ali? بەم شێوەیەش هەر دروستە

پرسیار کردن بە (which) : سەرنجی ئەم نمونانەی لای خوارەوە بدە

1)Ali went by his car.

Which car of his cars did he go?

2)He speaks Germany.

Which language does he speak?

3)They study in Oxford University.

Which university do they study?

پرسیار کردن بەشێوەی نەرێ

Some examples:

Don't you want to go? ئایا ناتەوێت بڕۆیت؟

وەڵامەکەشی یان بە (Yes) ە یان بە (No) یە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

Yes, I do.

No, I don't.

یاسای دروستکردنی پرسیاری نەرێ : دواى جێبەجێکردنی یاساکانی پێشەوە بڕگەی (n’t) زیاد دەکەین بۆ کۆتایی فرمانە یاریدەدەرەکە بۆ نمونە:

1)I don't want to go. من نامەوێت بڕۆم

Why don't you want to go? بۆچی ناتەوێت بڕۆیت؟

2)She can go. ئەو کچە دەتوانێت بڕوات

Can't she go? ئەو کچە ناتوانێت بڕوات؟

3) He is smart.

Isn't he smart?

بەڵام ئەگەر نەتەوێت کورتکردنەوە بکەین لەو ڕستانەی پێشوودا ئەوا شێوەکەی جیاوازە ، با سەرنجی ئەم نمونانەی خوارەوە بدەین

1)I don't want to go. من نامەوێت بڕۆم

Why do you not want to go? بۆچی ناتەوێت بڕۆیت؟

2)She can go. ئەو کچە دەتوانێت بڕوات

Can she not go? ئەو کچە ناتوانێت بڕوات؟

3)He is smart.

Is he not smart?

پرسیار کردن لە چەندێتی (كمية)

ئەگەر ناوەکە ژمێرراو بێت ئەوا لەدوای (how) ڕاستەوخۆ (many) دادەنێین ، وە ئەگەر ناوەکە نەژمێرراو بێت ئەوا لەدوای (how) ڕاستەوخۆ (much) دادەنێین

Examples:

1)How many eggs are in the refrigerator? چەند هێلکە لەناو بەفرگرەکەدایە؟

لەم نمونەیەی سەرەوەدا وشەی (eggs) واتە هێلکەکان وە ناوێکی کۆیە و ژمێرراوە ، لەبەرئەوە لەدوای وشەی (how) ڕاستەوخۆ (many) دادەنێین.

2)How much money was here? چەند پارە لێرەبوو؟

لەم نمونەیەی سەرەوەدا وشەی (money) واتە پارە ، وە نەژمێرراوە ، لەبەرئەوە لەدوای وشەی (how) ڕاستەوخۆ (much) دادەنێین.

3)How many kilos of sugar do you want? چەند کیلۆ شەکرت دەوێت؟

لەم نمونەیەی سەرەوەدا وشەی (kilos) ناوێکی کۆیە و ژمێرراوە ، لەبەرئەوە لەدوای وشەی (how) ڕاستەوخۆ (many) دادەنێین.

4)How many letters have you written this week?

لەم نمونەیەی سەرەوەدا وشەی (letters) ناوێکی کۆیە و ژمێرراوە ، لەبەرئەوە لەدوای وشەی (how) ڕاستەوخۆ (many) دادەنێین.

تێبینی : ناتوانین پرسیار بکەین لە تەمەنی کەسێک یان دووری (مسافات) بە بەکارهێنانی (how much) و (how many) چونکە تەمەن و دووری بڕ (کمیات) نین بۆ نمونە:

How much far did you go? ئەمە هەڵەیە

How far did you walk? ئەمە ڕاستە (دووری چەند بە پێ ڕۆیشتیت؟)

پرسیار کردنی ناڕاستەوخۆ (Indirect Question)

بۆ نمونە (ئایا دەزانیت ئەحمەد بۆ کوێ ڕۆیشت؟) یان (من دواتر پرسیار دەکەم کە ناوت چییە؟) یان (من هیچ بیرۆکەیەکم لا نییە بۆکوێ ڕۆیشت؟)

مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم جۆرە نمونانەدا تەنها بەهۆی دانانی بڕگەی یەکەمیان وەک (ئایا دەزانیت....) یان (من دواتر پرسیار دەکەم...) یان (من هیچ بیرۆکەیەکم لا نییە...) پاشان ڕاستەوخۆ ئەو ڕاناوە پرسە دادەنێین کە دەمانەوێت پاشان ڕستەکە تەواو دەکەین وە ئەو بەشەی کە دەمانەوێت پرسیاری دەربارە بکەین لای دەبەین و دەی سڕینەوە ، وە ئەو پرسیارەی

کە دروستمان کردووە دەیکەینە نێوان ("....") ، وە ئەمە نیشانەی پرس نییە ، وە بەبێ ئەوەی کە (فرمانێکی یاریدەدەر بگوازینەوە لە شوێنەکەی خۆی یان فرمانێکی یارمەتیدەری بۆ زیاد بکەین) ، سەرنجی ئەم نمونانەی لای خوارەوە بدە.

1)I don't know where he lives.

2)I can't remember what his name is.

3)I'll ask you when the bus arrives.

4)I have no any idea why she left.

وە دەتوانین ئەو ڕستانەی سەرەوە بەم شێوانەی لای خوارەوەش بنوسین

1)I don't know "Where does he live?"

2)I can't remember "What is his name?"

3)I'll ask "When does the bus arrive?"

4)I have no any idea "why did she leave?"

بەڵام ئەگەر بمانەوێت وەڵام بدەینەوە بە (Yes) یان (No) ئەوا هەمان یاسای پرسیاری گشتی جێبەجێ دەکەین.

(Question tags) کلکە پرسیار

ئەم شێوە پرسیار کردنە بە واتای (وا نییە؟) یان (ئایا وانییە؟) یان (بەو شێوەیە نییە؟) دێت

Example:

You are Englishman, aren't you?

تێبینی : ئەگەر ڕستەکە نەرێ بوو ئەوا کلکەپرسیارەکە بە ئەرێ دەنوسین ، بەڵام ئەگەر ڕستەکەمان ئەرێ بوو ئەوا کلکەپرسیارەکە بە ئەرێ دەنوسین

تێبینی : ئەگەر ڕستەکەمان فرمانی یارمەتیدەری تیادا نەبوو ئەوا (do) یان (does) یان (did) بەکاردەهێنین بە لەبەرچاوگرتنی کات و ئەرێ و نەرێ و بکەری ڕستەکە کە لەوەپێش باسمان کردووە پاشان بکەری ڕستەکە دەنوسینەوە و نیشانەی پرسیار لەکۆتایی کلکەپرسیارەکەدا دادەنێین.

1)He is from London, isn't he?

2)You can swim, can't you?

3)She will be here tomorrow, won't she?

4)She lives in London, doesn't she?

5)You came last week, didn't you?

6)She isn't here, is she?

7)You weren't here, were you?

8)You haven't finished, have you?

9)They don't go to the cinema, do they?

هەندێک ڕێزمانی تر کە پێویستە بیانزانین

ڕێزمانی ئاوەڵفرمانەکان (الأحوال) adverbs :

ئاوەڵفرمانەکان دابەش دەبن بۆ چەند بەشێک لەوانە:

1-ئاوەڵفرمانی کات adverb of time : گوزارشت دەکات لە کاتی ڕوودانی کردارەکە وەک:

yesterday, today, tomorrow, now, then, soon, recently...etc.

2-ئاوەڵفرمانی شوێن adverb of place : گوزارشت دەکات لە شوێنی ڕوودانی کردارەکە وەک:

back , across , in , on , here , there , above...etc.

3-ئاوەڵفرمانی چۆنێتی adverb of manner : گوزارشت دەکات لە چۆنێتی ڕوودانی کردارەکە وەک:

well , badly , hard , fast , slowly , quickly...etc.

4-ئاوەڵفرمانی دووبارەبوونەوە (التكرار) adverb of frequency : گوزارشت دەکات لە ماوەی ڕوودانی کردارەکە وەک:

generally , rarely , always , never , sometimes , often...etc.

5-ئاوەڵفرمانی پلە (الدرجة) adverb of degree : گوزارشت دەکات لە پلەی کردارەکە وەک:

very , much , really , quite , too , so , either...etc.

6-ئاوەڵفرمانی پرسیاری (الإستفهام) adverb of interrogative : بەکاردەهێنرێ بۆ دروستکردنی پرسیار وەک:

when , where , how , why...etc.

7-ئاوەڵفرمانی پێکەوەبەستن (الربط) adverb of linking وەک:

however , firstly , therefore , nevertheless...etc.

8-ئاوەڵفرمانی لێدوان (التعليق) و هەڵوێست (المواقف) adverb of comment and attitude وەک:

yes , no , not , never , perhaps , maybe , possibly , certainly...etc.

9-ئاوەڵفرمانی کۆکردنەوە (الجمع) و سنورداانان (الحد) adverb of adding and limiting وەک:

else , too , either , only , neither , also…etc.

10-ئاوەڵفرمانی بۆچوون (وجهة النظر) adverb of viewpoint وەک:

mentally , morally , officially , strictly…etc.

11-ئاوەڵفرمانی ماوەی کات (المدة الزمنية) adverb of length of time وەک:

long , always , never , just…etc.

تێبینی : دروستکردنی ئاوەڵفرمان : زۆربەی ئاوەڵفرمانەکانی چۆنێتی دروستدەکرێن بەهۆی زیاد کردنی پاشگری (ly-) بۆ ئاوەڵناو.

لەکاتی گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵفرمان بە زیاد کردنی (ly-) پێویستە ئەم گۆڕانکارییانە بکەین:

1-ئەگەر ئاوەڵناوەکە بە (y-) کۆتایی هاتبوو وە لەپێش پیتی (y) کۆتاییدا پیتی نەبزوێن هەبوو ئەوا پیتی (y) دەگۆڕین بۆ (i) پاشان (ly) بۆ زیاد دەکەین زۆربەی جار بۆ نمونە:

noisy + ly = noisily

2-ئەگەر ئاوەڵناوەکە بە (ll-) کۆتایی هاتبوو ئەوا یەک پیتی (l) کۆتایی ئاوەڵناوەکە لادەبەین و پاشان پاشگری (ly) بۆ زیاد دەکەین بۆ نمونە:

full + ly = fully

3-ئاوەڵفرمان دروست ناکرێ لەو ئاوەڵناوانەی کە بە (ly-) کۆتاییان هاتووە ، وە لەم کاتەدا زاراوەیەکی ئاوەڵفرمانی بەکاردەهێنین بۆ بەخشینی بە واتای ئاوەڵفرمان بۆ نمونە:

brotherly (adj.) برایانە ⟶ in a brotherly manner (adv.) بەشێوەیەکی برایانە

4-هەندێک ئاوەڵناو و ئاوەڵفرمان یەک شێوەیان هەیە ، وە ئەمە بەوە جیادەکرێتەوە کە لەدوای ئاوەڵناوەوە ئەو شتە دێت کە باسی چۆنێتییەکەی دەکات بۆ نمونە:

This is a fast train. (ئاوەڵناوە) ئەمە شەمەندەفەرێکی خێرایە

He goes very fast. (ئاوەڵفرمانە) ئەو زۆر خێرا دەڕوات

Some examples on adverbs:

1-Our new neighbor greeted us politely. (manner ڕەفتار، ڕەوشت)

2-How long have you lived here? (place شوێن)

3-We arrived yesterday. (time کات)

4-After that we met her quite frequently. (frequency دووبارەبوونەوە)

5-However, we learned very little about her. (linking پێکەوەبەستن)

6-I hope you will be really happy. (degree پلە)

7-Strangely, she never talked about herself. (comment and attitude لێدوان و هەڵوێست)

8-She talked only about us and the weather. (adding and limiting کۆکردنەوە و سنوردانان)

9-Personally, I found that annoying. (viewpoint بۆچوون)

10-Have you ever met anyone like that? (length of time ماوەی کات)

تێبینی : هەروەک وتمان کە ناتوانرێ ئاوەڵناو ڕاستەوخۆ لەدوای فرمانەوە بێت جگە لە فرمانی (be) یان فرمانە پێکەوەبەستنەکان (linking verbs) بۆ نمونە:

He has run good. هەڵەیە

He has run well. ڕاستە

لەو دوو ڕستەیەی سەرەوەدا : وشەی (good) ئاوەڵناوە وە لێرەدا فرمانی (run) مان هەیە کە یەکێک نییە لە فرمانەکانی (be) یان یەکێک نییە لە فرمانەکانی پێکەوەبەستن لەبەرئەوە پێویستە لەدوای فرمانی (run) ەوە ئاوەڵفرمان بێت ، وە ئاوەڵفرمانی (good) بریتییە لە (well).

تێبینی : هەندێک جار دەتوانرێت لەدوای فرمانەکانی (be) و فرمانەکانی پێکەوەبەستنەوە ئاوەڵفرمان بێت بۆ نمونە:

He is well. ڕاستە و هیچ کێشەی نییە

He is good. باشترە و ڕاستترە

شوێنی ئاوەڵفرمانەکان لەناو ڕستەدا:

1-لەپێش بکەرەوە ڕاستەوخۆ دێت بۆ نمونە:

Occasionally John wakes up early. زۆربەی جار جۆن زوو لەخەو هەڵدەستێت

2-لەدوای فرمانی یاریدەدەری یەکەمەوە دێت ڕاستەوخۆ بۆ نمونە:

John has occasionally waked up early.

3-لەدوای فرمانەکانی (be) یەوە دێت ڕاستەوخۆ بۆ نمونە:

John is occasionally asleep.

4- ئەگەر لە ڕستەیەکدا فرمانی یامەتیدەری تێدانەبوو یان فرمانەکانی (be) تیادا نەبێت ئەوا لەپێش فرمانی سەرەکی ڕستەوە دێت ڕاستەوخۆ بۆ نمونە:

John occasionally wakes up early.

5- لەکۆتایی ڕستەوە دێت بۆ نمونە:

John wakes up occasionally.

تێبینی : نابێت ئامڕازی پەیوەندی (to) لەپێش ئاوەڵفرمانەوە بێت بۆ نمونە:

Go to there. هەڵەیە

Go there. ڕاستە

all (جمیع ، کل) هەموو

چەند شێوەیەکی بەکارهێنانی هەیە بۆ نمونە:

1-all + of + noun

all of the book ((هەموو کتێبەکە (ناوێکی تاکە و ژمێرراوە))

all of the books ((هەموو کتێبەکان (ناوێکی کۆیە و ژمێرراوە))

all of the oil ((هەموو ڕۆنەکە (ناوێکی نەژمێرراوە))

2-all + of + pronoun

all of them ((هەموویان (ڕاناو))

3-all + noun

all the book ((هەموو کتێبەکە (ناوێکی تاکە و ژمێرراوە))

all the books ((هەموو کتێبەکان (ناوێکی کۆیە و ژمێرراوە))

all the oil ((هەموو ڕۆنەکە (ناوێکی نەژمێرراوە))

4-pronoun + all

1- We all enjoyed the play. ئێمە هەمووومان خۆشیمان بینی لە یارییەکە

2- You all are smart. ئێوە هەمووتان زیرەکن

5- بەشێوەی ڕاناو دێت

Would you like to buy anything else? دەتەوێت شتێکی تر بکڕیت؟

No, thank you. That's all. نەخێر ، سوپاس بۆ تۆ . ئەوە هەموو شتێکە

although سەرەڕای ئەوەش ، لەگەڵ ئەوەشدا

Example:

Although this computer is cheap, it is one of the best machines on the market. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم کۆمپیوتەرە هەرزانە ، یەکێکە لە باشترین ئامێرەکان لە بازاڕدا

another and other هیتر ، یەکێکی تر ، ئەویتر ، دیکە

an + other = another

جیاوازی لەنێوان (another) و (other) بریتییە لەوەی کە (another) تەنها لەپێش ناوی (تاک) ەوە بەکاردەهێنرێ بەڵام (other) تەنها لەپێش ناوی (کۆ) وە بەکاردەهێنرێ.

Examples:

1-I don't like this one. Show me another things. هەڵەیە ئەم ڕستەیە

2-I don't like this one. Show me another thing. ڕاستە ئەم ڕستەیە

3-I don't like this one. Show me other things. ڕاستە ئەم ڕستەیە

4-I will read the others books.

واتاکەی : من لە داهاتوودا کتێبەکانی تر دەخوێنمەوە

5-They have two dogs, and now they want another.

some and any

1- وشەی (some) بەکار دەهێنرێت لەگەڵ ناوی کۆی ژمێرراو و ناوی نەژمێرراو ، وە بەکاردەهێنرێت لە ڕستەیەکدا کە ئەرێ بێت و ئاسایی بێت.

Example:

1-There is some cheese in the fridge.

2-We had some books.

3-Somebody was there.

4-He is somewhere.

5-I want some eggs.

بەڵام وشەی (some) لەم سێ حاڵەتەی خوارەوەشدا بەکاردەهێنرێ:

1-لە بابەتی پێشکەش کردن (offer) دا بێت و پرسیاری بێت و تەنها لەم یاسایەدا بەکاردەهێنرێ

Example: Would you like some coffee?

2-لە بابەتی داوا کردن (ask for) دا بێت بۆشتێک و پرسیاری بێت و تەنها لەم یاسایەدا بەکاردەهێنرێ

Example: Can I ask for some fruit?

3-لە بابەتی (suggestion) دا بێت و پرسیاری بێت و نەفی بێت و تەنها لەم یاسایەدا بەکاردەهێنرێ

Example: Why don’t we get some water?

2-وشەی (any) بەکار دەهێنرێت لەگەڵ ناوی کۆی ژمێرراو و ناوی نەژمێرراو ، وە بەکار دەهێنرێت لە ڕستەیەکدا کە ڕستەکە نەرێ بێت یان ڕستەکە پرسیاری بێت

Example:

1-There isn’t any cheese in the fridge. (Negative)

2-Is there any cheese in the fridge? (Interrogative)

3-Do you have any books? (Interrogative)

4-Is anybody at home? (Interrogative)

5-Is he anywhere? (Interrogative)

6-We do not have any books. (Negative)

7-I did not see anybody. (Negative)

8-He is not anywhere. (Negative)

9-Do you want any eggs?

10-I don't want any eggs.

as

چەند مانایەکی هەیە :

1-بە شێوەی ئامرازی پەیوەندی دێت بە واتای (لەو دەچێت (یشبە) ، وەک (مثل)) بۆ نمونە:

1-It looks as if it's going to rain. وا دەردەکەوێت کەوا باران بباریێت

2-He works well as me. ئەو بەباشی ئیش دەکات وەک من

2-بە شێوەی ئامرازی لێکدەر (بەیەکەوەبەستن) دێت و بە هەمان واتای (because) دێت بە واتای (لەبەرئەوە ، چونکە) بۆ نمونە:

As Linda is the eldest, she has to look after the other children.
لەبەرئەوەی لیندا بەتەمەن ترنینیانە پێویستە چاودێری منداڵەکانی تر بکات

because and because of

هەردووکیان بەواتای (لەبەرئەوەی ، چونکە ، بەهۆی) دێت.

جیاوازی لەنێوان (because) و (because of) ئەوەیە کە لەدوای (because) ڕستە دێت ، بەڵام لەدوای (because of) ناودێت یان ڕاناو دێت.

Examples:

1-We couldn't play tennis because it was raining.

واتاکەی : ئێمە نەمانتوانی یاری تێنس بکەین چونکە باران دەباری

2-We couldn't play tennis because of the rain.

واتاکەی : ئێمە نەمانتوانی یاری تێنس بکەین بەهۆی بارانەکەوە

both

ڕاناوێکە تەنها بۆ دوو شت (مثنى) بەکاردەهێنرێ بە واتای (هەردووکیان ، هەردوو) دێت.

لە واتای (all) دەچێت ، بەڵام (both) تەنها بۆ شت بەکاردەهێنرێ.

وە چەند شێوەیەکی بەکارهێنانی هەیە لەوانە:

1-both…and

Example:

Both his mother and father are old. دایک و باوکی ئەو کوڕە هەردووکیان پیرن

2-both + of + plural noun

Both of the players. هەردوو یاریچییەکە

Both of his mother and father…

ئەو ڕستەیەی سەرەوە هەڵەیە چونکە (and) مان هەیە لەبەرئەوە نابێت (of) بەکاربهێنرێ.

3-both + plural noun

Both players هەردوو یاریزانەکە

4-لەدوای ڕاناوە کەسییەکانەوە دێت

They both have similar clothes. ئەوان هەردووکیان هەمان پۆشاکیان هەیە

5-plural noun + both

His father and mother were both excellent cooks.

6- بە شێوەی ڕاناو دێت

This dress is cheaper, but that one is more attractive. I think I'll buy both.

Concert and Abstract Nouns ناوی بەرجەستە و ناوی واتایی

(Concert Nouns) و (Abstract Nouns) پێچەوانەی یەکترن.

ناوی بەرجەستە (Concert Nouns) : ئەو ناوانەن کە دەتونرێ ببینرێن و دەستیان لێبدرێ و شێوەیەکی (فیزیایی)یان هەیە بۆ نمونە:

People: baby , woman , doctor…etc.

Things: wheel , knife , key , chair…etc.

Animals: horse , rabbit , snake , fish…etc.

Places: island , city , mountain , river…etc.

Substances: iron , flesh , skin , glass…etc.

Liquids: water , rain , milk…etc.

Gases: gas , air , steam , oxygen…etc.

ناوی واتایی (Abstract Nouns) : ئەو ناوانەن کە ناتونرێ ببینرێن و دەستیان لێبدرێ (شێوەیەکی فیزیایی نییە) بۆ نمونە:

n.	Abstract Nouns	واتاکەی
1	love	خۆشەویستی
2	knowledge	زانیاری
3	answer	وەڵام
4	start	دەستپێکردن
5	education	پەروەردە ، فێرکردن
6	information	زانیاری
7	power	وزە ، هێز
8	history	مێژوو ، التأريخ

9	advice	ئامۆژگاری ، النصيحة
10	space	بۆشایی ، ماوە ، مسافة
11	time	کات ، الوقت
12	anger	توڕەیی ، غضب
13	help	یارمەتی ، مساعدة
14	research	توێژینەوەی زانستی ، بحث علمی

ناوی بەرجەستە (Concert Nouns) : ئەو ناوانەن کە دەتوانرێ بژمێررێن جگە لە ناوەکانی (gases) و (substances) و (liquids) .

ناوی واتایی (Abstract Nouns) : ئەو ناوانەن کە ناتوانرێ بژمێررێن جگە لە هەندێک ناوی واتایی کەم کە دەتوانرێ بژمێررێن وەکو:

ژمارە	ناوی واتایی تاک	ناوی واتایی کۆ
1	accident	accidents
2	cause	causes
3	deed	deeds
4	difficulty	difficulties
5	example	examples
6	event	events
7	fact	facts
8	poem	poems
9	process	processes
10	month	months
11	visit	visits

Conditional Speeches (الجملة الشرطية) ڕستەی مەرجی

ڕستەی مەرجی چەند حاڵەتێکی هەیە بۆ بەکارهێنان ، وە ئەم بابەتەش خۆی دەبینێتەوە لە چوار یاسادا کەوا لە خوارەوە بەجوانی ڕوون کراونەتەوە ، وە ئەوەی کە زیاتر سەرەکی بێت و بەکاربهێنرێ بریتییە لە (first C, second C, third C) بۆ زانیاریمان.

1-حاڵەتی ڕانەبردوو (present condition) : ئەو شتانەن کەوا هەمیشە ڕاست دەردەچن وە ئەمەی لای خوارەوەش یاساکەیەتی

If + (simple present ڕانەبردووی سادە) + (simple present ڕانەبردووی سادە).

Example:

1-If it rains, you get wet.

2-If you boil water, it becomes steam.

3-If I eat too much, I get fat.

4-If somebody waves a red flag, it usually means danger.

وە دەتوانین ڕستەی (4) و (5) بەم دوو شێوەیەی لای خوارەوە بنوسین

4-When I eat too much, I get fat.

5-When somebody waves a red flag, it usually means danger.

2-(first C) : ئەو حاڵەتانەن کەوا ڕاستەقینە و گونجاون (شیاون) ، ئەگەری هەیە لە داهاتوودا ڕووبدەن ، ئەمەی لای خوارەوەش یاساکەیەتی

If + (simple present ڕانەبردووی سادە) + (simple future داهاتووی سادە).

Example:

1-If I have time, I will watch T.V. later tonight.

2-If it rains tomorrow, I will stay at home.

3-If you eat too much, you will become fat.

4-If she eats all that ice cream, she will feel terrible.

5-She'll feel terrible if she eats all that ice cream.

3-(second C) : ئەو حاڵەتانەن کەوا ناڕاست و نەگونجاون یان مەحاڵە بێتە دی و ڕووبدات لە داهاتوودا ، ئەمەی لای خوارەوەش یاساکەیەتی

If + (simple past) + (s. + would + base).

Example:

1-If I had a lot of money, I would buy a house.

2-If Shakespeare lived today, he would use different English.

3-If I were you, I would buy a new car.

4-If you didn't eat so much, you would lose your weight.

5-You'd lose your weight if you didn't eat so much.

6-If I worked, I would not be poor.

تێبینی : لە حاڵەتی (second C) دەتوانین لەجیاتی فرمانی (was) ، فرمانی (were) دابنێین ئەگەر بکەرەکەشمان تاک بێت و یەکێک بێت لە (he, she, it, singular noun) بۆ نمونە:

If I were you, I would get a job immediately.

4-(third C) : شتێکە کەوا پێویست بوو لە ڕابردوودا ڕووبدات بەڵام هەرگیز ڕووی نەداوە ، وە قسەکەر بە ڕابردوویەکی جیاوازتر پیشانی دەدات.

If + (past perfect ڕابردووی تەواو) + (s. + would + have + p.p.).

1-If you had told me, I would have remembered.

2-If he had lived in Taif, he would have been happy.

3-If he had visited Makkah, he would have seen the Ka'aba.

4-If they had studied so hard, they would have succeeded.

5-They'd have succeeded if they had studied so hard.

6-If I had worked harder, I would have passed the exam.

7-If you hadn't been driving so fast, you wouldn't have crashed.

هەندێک ڕستەی مەرجی تر و یاساکانیان

If + (simple present ڕانەبردووی سادە) + (instructions (أمر) فەرمان کردن).

(Instructions) + If + (simple present).

1-If the radio is too loud, turn it off.

2-Turn the radio off if it is too loud.

3-If you are under 17, don't drive a car.

4-Don't drive a car, if you are under 17.

If + (simple future داهاتووی سادە) + (simple future داهاتووی سادە).

Example:

If he won't agree, there will be a problem.

If + (past simple ڕابردووی سادە) + (present simple ڕانەبردووی سادە).

Example:

If I wanted anything, I always get it.

each هەر، هەریەکە

Examples:

1-Each girl in the class has homework.

واتاکەی : هەرکچێک لە پۆلەکەدا ئەرکی ماڵەوەی هەیە

2-Each of these rooms has a telephone.

واتاکەی : هەریەکێک لەم ژوورانە تەلەفۆنێکی هەیە

لە ڕستەی دووەمی سەرەوەدا (has) مان دانا لەبری (have) هەرچەندە وشەی (rooms) کۆیە لەبەرئەوەی (each of these rooms) واتە (هەریەکێک لەو ژوورانە) وە (هەریەکێک) تاکە.

Other examples:

1-When the children entered, each was given a present.

2-Each rooms. (هەڵەیە (چونکە کۆیە

3-Each of rooms. ڕاستە

else and also هیتر (آخر) و هەروەها (أیضا)

(also) بە شێوەی ئاوەڵفرمان دێت و بەواتای (هەروەها) دێت.

Example:

She also plays tennis. ئەو کچە هەروەها یاری تێنس دەکات

(else) بە شێوەی ئاوەڵفرمان دێت و بەواتای (هیتر) دێت.

Example:

I am very busy, there is someone else help you.

واتاکەی : من زۆر سەرقاڵم ، لەوێ کەسێکی تر هەیە یارمەتیت دەدات

تێبینی : ئەگەر لەپێش وشەی (else) ئامڕازی پێکەوەبەستنی (or) هات کە ئەم شێوەیە دەکات (or else) ئەوا بە واتای (ئەگەرنا ، ئەگینا ، وإلا) دێت و هەمان واتای (otherwise) ی هەیە کە ئەویش هەر بە واتای (ئەگەرنا ، ئەگینا ، وإلا) دێت بۆ نمونە:

You should leave it, or else they will catch you.

You should leave it, otherwise they will catch you.

ئەو دوو ڕستەیەی سەرەوە هەردووکیان بە واتای (پێویستە بەجێی بهێڵیت و بڕۆیت ئەگەرنا دەتگرن) دێت.

ever

(ever) پێچەوانەی (never) ە ، وە (never) واتا (هەرگیز)

(ever) بە واتای (لە هەر کاتێکدا) دێت یان بە واتای (لە هەر کاتێکدا لە ژیانتدا) دێت یان بە واتای (هەتا ئێستا) دێت بۆ نمونە:

Did you ever see a snake?

واتاکەی : ئایا هەتا ئێستا مارێکت بینیوە ؟ (مەبەستی ئەوەیە کە (ئایا لە هەموو ژیانتدا مارێکت بینیوە؟)

every هەموو ، کل

بە نزیکەیی بە واتای (each) دێت ، بۆ نمونە:

Every girl in the class has homework.

لەسەر ئەم شێوانەی لای خوارەوە دێت:

1-every + singular noun ناوێکی تاک

Example:

Every boy has to have a pen. هەموو کوڕێک پێویستە قەڵەمێکی هەبێت

2-every + one یەکێک

Example:

Our cat had five kittens, and every one of them was white.
پشیلەکەمان پێنج بەچکە پشیلەی هەبوو ، وە هەر یەکێک لەوان ڕەنگیان سپی بوو

جیاوازی لەنێوان (each) و (every) چییە؟

(each) و (every) بەنزیکەیی هەمان واتایان هەیە و لەگەڵ ناوی تاک و کۆ دێن ، بەڵام ئەوەندە هەیە وشەی (every) لەگەڵ (دوو شت) بەکارناهێنرێ بە پێچەوانەی (each) کە دەتوانرێ بۆ دوو شت بەکاربهێنرێ بۆ نمونە:

Every one of my parents. هەڵەیە (چونکە دایک و باوک دووانە)

Each of my parents. ڕاستە (چونکە دایک و باوک دووانە)

He was carrying a suitcase in every hand. هەڵەیە چونکە ئەو کوڕە دوو دەستی هەیە

get

واتای زۆری هەیە لەوانە:

1-ئەگەر لەسەر شێوەی (get + noun phrase) هات ئەوا بە واتای (دەستی دەکەوێت ، بەدەستی دەهێنێت) دێت بۆ نمونە:

He got the car from his friend. ئەو کوڕە سەیارەکەی دەستکەوت لە هاوڕێکەی

2-ئەگەر لەسەر شێوەی (get + adjective) هات ئەوا بە واتای (دەبێت بە) دێت ، وە هەمان واتای (become) ی هەیە بۆ نمونە:

You will get fat. تۆ قەڵەو دەبیت لە داهاتوو (تۆ دەبیت بە کەسێکی قەڵەو لە داهاتوو)

3-ئەگەر لەسەر شێوەی (get + place) هات ئەوا بە واتای (دەگات) دێت بۆ نمونە:

When I get home, I will phone you. کاتێک گەیشتمە ماڵەوە تەلەفۆنت بۆ دەکەم

وە فرمانی (get) واتای زۆری هەیە کە خەڵکی بە زۆر بەکاردەهێنرێت لەلایەن هەموو خەڵکەوە بۆ نمونە:

1-(get to) بە واتای (دەست دەکات بە مامەڵە کردن لەگەڵ) دێت یان بە واتای (دەست دەکات بە کردنی شتێک) دێت بۆ نمونە:

1-Leave it with me; I’ll get to it later. لەگەڵ ئەو بەجێم بهێڵە ، دواتر دەست دەکەم بە مامەڵە کردن لەگەڵی

2-When they get to arguing, we’ll never stop them.

واتاکەی : کاتێک ئەوان دەست دەکەن بە گفتوگۆ ، ئێمە هەرگیز نایانوەستێنین

2-(get out) بە واتای (دەڕواتە دەرەوە ، بەجێی دەهێڵێت) دێت.

3-(get up) بە واتای (هەڵدەستێت ، هەڵدەستێتەسەر پێ ، ڕاست دەبێتەوە) دێت.

here and there

(there) و (here) هەردووکیان ئاوەڵفرمانی (شوێن) ن.

(here) گوزارشت دەکات لە شوێنێکی نزیک.

(there) گوزارشت دەکات لە شوێنێکی دوور.

دەتوانرێ لەدوای (there) و (here) ەوە فرمانی (be) بێت بۆ نمونە:

There is a cat. پشیلەیەک لەوێیە

There are cats. پشیلەکان لەوێن

Here is a cat. پشیلەیەک لێرەیە

home

وشەی (home) بە واتای (نیشتمان ، ماڵ) دێت ، وە ئەوەی کە جیای دەکاتەوە لە ناوەکانی تر ئەوەیە کە هەرگیز ئامرازی پەیوەندی لەپێشەوە نایەت جگە لە (at, from) ، وە هەروەها (ئامرازی نەناسین) و (ئامرازی ناساندن) ی لەپێشەوە نایەت بۆ نمونە:

1-Go home.

2-I am at home.

3-I am going to home. هەڵەیە چونکە ئامرازی پەیوەندی لەپێشەوە هاتووە

4-I left the home. هەڵەیە چونکە ئامرازی ناساندنی لەپێشەوەیە

شێوەکانی (-ing) (-ing forms)

حاڵەتەکانی زیاد کردنی (-ing) بۆ سەر فرمان (verb) :

1-لەکاتێکدا ڕستەکە لەسەر شێوەی (ڕانەبردووی بەردەوام) ە ، ئەوا فرمانەکە (-ing) بۆ زیاد دەکەین بۆ نمونە:

He is playing tennis. ئەو کوڕە یاری تێنس دەکات

2-لەکاتێکدا ڕستەکە لەسەر شێوەی (ڕابردووی بەردەوام) ە ، ئەوا فرمانەکە (-ing) بۆ زیاد دەکەین بۆ نمونە:

She was driving a car at 120mph. ئەو کچە سەیارەیەکی لێدەخوڕی بە خێرایی 120 میل لە کاتژمێیێکدا

3-لەکاتێکدا ڕستەکە لەسەر شێوەی (ڕانەبردووی تەواوی بەردەوام) ە ، ئەوا فرمانەکە (-ing) بۆ زیاد دەکەین بۆ نمونە:

I have been working since 7:00.

4-لەکاتێکدا ڕستەکە لەسەر شێوەی (ڕابردووی تەواوی بەردەوام) ە ، ئەوا فرمانەکە (-ing) بۆ زیاد دەکەین بۆ نمونە:

I had been working since 7:00.

5-هەندێک فرمان کاتێک (-ing) زیاد دەکەین بۆیان دەبن بە (ناو) بۆ نمونە:

verb	noun
swim	swimming
cook	cooking

Example:

Swimming is my favorite sport. مەلە کردن وەرزشی پەسەندکراوی منە

6-هەندێک فرمان کاتێک (-ing) زیاد دەکەین بۆیان دەبن بە (ئاوەڵناو) بۆ نمونە:

verb	adjective
fascinate	fascinating
bore	Boring
excite	exciting

7-ئەو فرمانانەی کە لەدوای فرمانەکانی هەستەوە دێن ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەوا (ing-) یان بۆ زیاد دەکەین وە هەندێک لە فرمانەکانی هەست بریتین لە :

(see, hear , feel , watch , smell , notice)

Examples:

1- We saw them leaving the house.

I could smell the burning.

I can hear someone coming.

8-هەندێک فرمان هەن کە دەتوانرێ (ing-) یان بۆ زیاد بکرێ وە بە هەمان واتا دەمێنێتەوە :

أ-ئەو فرمانانەی کە لەدوای (love , hate , prefer) دێن بۆ نمونە:

1-I prefer watching horror films.

واتاکەی : من پەسەندی سەیرکردنی فیلمی ترسناک دەکەم

2-I prefer to watch horror films.

واتاکەی : من پەسەندی دەکەم کە سەیری فیلمی ترسناک بکەم

وە هەردوو ڕستەکەی سەرەوەش ڕاستن.

ب-ئەو فرمانانەی کە لەدوای (like, want, need, know) دێن بۆ نمونە:

1-I like lying in bed late. (British) من حەزدەکەم درەنگ ڕابکشێم لەناو جێگادا

I like to lie in the bed late. (American)

واتاکەی : من حەزدەکەم کە درەنگ ڕابکشێم لەناو جێگادا

2- I want eating this. (British) من دەمەوێت ئەمە بخۆم

2- I want to eat this. (American) من دەمەوێت کە ئەمە بخۆم

تێبینی : فرمانەکانی هەستکردن هەرگیز (ing-) یان بۆ زیاد ناکرێ نە لە زمانی ئینگلیزی بەریتانیدا وە نە لە زمانی ئینگلیزی ئەمەریکیدا بۆ نمونە:

I want ~~knowing~~ what did happen. هەڵەیە

I want to know what did happen. ڕاستە

هەڵە باوەکان (الأخطاء الشائعة)

ئەم بابەتە زۆر گرنگە وە لە خوارەوە هەندێک هەڵەی پیتی (حرفی) دەخەمە ڕوو بۆ نمونە:

1-My age is 20 years. هەڵەیە

I am 20 years. ڕاستە (من تەمەنم بیست ساڵە)

2-It is seven and a half. هەڵەیە

It is half past seven. ڕاستە (کاتژمێر حەوت و نیوە)

3-This book is to me. هەڵەیە

This book is mine. ڕاستە (ئەم پەڕتووکە هی ی منە)

4-The right is with you. هەڵەیە

You are right. ڕاستە (تۆ لەسەر حەقیت ، تۆ ڕاست دەکەیت)

5-York book is with me. هەڵەیە

I have your book. راستە (پەڕتووکەکەی تۆ لای منە)

6-I opened the radio. هەڵەیە

I turned on the radio. ڕاستە (ڕادیۆکەم هەڵکرد)

7-I closed the radio. هەڵەیە

I turned off the radio. ڕاستە (ڕادیۆکەم کوژاندەوە)

8-She sees herself very much. هەڵەیە

She is very proud. ڕاستە (ئەو کچە زۆر شانازی بە خۆیەوە دەکات)

9-She was making herself ill. هەڵەیە

She was pretending to be ill. ڕاستە (ئەو کچە وادەردەکەوت کە نەخۆش بێت)

10-I took permission. هەڵەیە

I got permission. ڕاستە (ڕێگەپێدانم وەرگرت)

11-Let us go from here. هەڵەیە

Let us go this way. ڕاستە (ڕێگامان پێبدەن کە لەم ڕێگایەوە بڕۆین)

12-I saw her one time or two times. هەڵەیە

I saw her once or twice. ڕاستە (ئەو کچەم بینی جارێک یان دووجار)

شێوازی قسەکردنی زمانی ئینگلیزی گشتی

هەندێک وشەمان هەیە کە لە زمانی ڕێزمانیدا جیاوازە و لەکاتی قسەکردنی خەڵکیشدا بەشێوەیەکی گشتی (جلفة) جیاوازە بۆ نمونە (wanna) بە واتای (want to) واتە (دەمەوێت کە ، دەمەوێت بۆ ئەوەی) ، وە هەروەها (gotta) بە واتای (got to) واتا (پێویستە لەسەر کە) ، وە کاتێک ئەو دوو وشەیە بەکاردەهێنرێ کە بکەری ڕستەکە یەکێک بێت لە بکەرەکانی (I, we, you, they, plural noun) بۆ نمونە:

1-I wanna go now. من دەمەوێت کە ئێستا بڕۆم

2-You gotta go. تۆ پێویستە لەسەرت کە بڕۆیت

وە شتێکی تریش هەیە لە شێوازی قسە کردنی ڕێزمانی و گشتیدا ئەویش ڕاناوی (I) و (me) ە بۆ نمونە:

This is I. ڕێزمانییە (ئەمە منم)

This is me. گشتی (ئەمە منم)

وە ئەگەر ڕاناوی (I) لە سەرەتاوە هات و و شەی (too) ی بەدوادا هات ئەوا لە شێوازی قسەکردنی گشتیدا دەبێت بە (me) بۆ نمونە:

I am too. ڕێزمانییە (منیش هەروەها)

Me too. گشتی (منیش هەروەها)

وە هەندێک کورتکراوەشمان هەیە بۆ نمونە:

let us go ⟶ let's go ڕێگامان پێبدە بڕۆین ، دەی بابڕۆین

let

به واتای (لێی گەڕێ ، ڕێگای پێبدە ، بهێڵە) دێت ، وه زۆربەی جار لەسەر شێوەی (فەرمان کردن ، أمر) دێت لەسەر شێوەی (let + object + base) بۆ نمونە:

1-Let me talk.

2-Let's walk.

Note: let + us = let’s

like

واتای زۆری هەیە لەوانە:

1-کاتێک لەسەر شێوەی فرمان دێت بە واتای (پەسەندی دەکات ، حەزی لێیەتی) دێت بۆ نمونە:

I like potato.   من حەزم لە پەتاتەیە

2-کاتێک لەسەر شێوەی (would + like) دێت بەواتای (دەیەوێت) دێت و بە هەمان واتای (want) دێت بەڵام داواکردنێکە بە ڕەوشت و ئەدەبەوە ، بەڵام زۆربەی جار لەسەر شێوەی (فەرمان کردن ، أمر) دێت بۆ نمونە:

1-I would like a coffee.   من دەمەوێت کوپێک قاوە (داوا کردنێکە بە ئەدەبەوەیە)

2-What would you like to do?

واتاکەی : دەتەوێت چی بکەیت؟ (داوا کردنێکە بە ئەدەبەوەیە)

تێبینی : لە نمونەی یەکەمی سەرەوەدا وشەی (coffee) نەژمێرراوە بەڵام ئامرازی نەناساندنی پێوەیە چونکە مەبەستی کوپێک قاوەیە نەک مەبەستی خودی قاوەکە بێت کە نەژمێرراوە.

3-لەسەر شێوەی (ئامرازی پەیوەندی) دێت بەواتای (لەو شتە دەچێت ، وەک) دێت بەڵام بۆ جیاوازی (like) و (as) سەرنجی ئەم دوو نمونەیەی لای خوارەوە بدە :

1-My mother works like a slave.   دایکم ئیش دەکات وەکو جاریەیەک

2-My mother works as a teacher.   دایکم ئیش دەکات وەک مامۆستا

لە نمونەی یەکەمدا (دایکم ئیش دەکات وەکو جاریەیەک) مەبەستی جاریە نییە بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە ئیشەکەی قورسە و زۆر ئیش دەکات وەک جاریە ، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا (دایکم ئیش دەکات وەک مامۆستا) مەبەستی ئەوەیە کە بەڕاستی مامۆستایە.

وە جیاوازییەکی تر ئەوەیە کە (like) لەپێش (if)ەوە نایەت جگە لە چەند حاڵەتێکی دەگمەن بۆ نمونە:

1-It looks like if it's going to rain.   وا دیارە کە باران بباریێت (زۆر دەگمەنە)

2-It looks as if it's going to rain.   وا دیارە کە باران بباریێت (پەسەندترە)

maybe

وشەی (maybe) ئاوەڵفرمانە و بە واتای (لەوانەیە ، ربما) دێت ، وە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان (maybe) و (may) .

دەتوانرێ (maybe) هەمیشە بەکاربهێنرێ لەجیاتی (may).

Examples:

1-He may be coming.

2-He maybe is coming.

3-You may be a doctor.

4-You maybe are a doctor.

5-They may have gone to shop.

6-They maybe went to shop.

وە هەندێک حاڵەت هەیە کە پێویستە (maybe) بەکاربهێنرێ لە جیاتی (may) بۆ نمونە:

1-He maybe will go. ئەو کوڕە لەوانەیە بڕوات

2-He may will go.

ئەم ڕستەیەی سەرەوە هەڵەیە چونکە دوو فرمانی یارمەتیدەر بەسەریەکەوە هاتوون

never

بەکاردەهێنرێ بۆ نەرێ کردن لە ڕستەی (ئەرێ) دا ، وە بە واتای (هەرگیز ، قەد ، إطلاقا ، مطلقا ، قط ، أبدا) دێت بۆ نمونە:

1-I will never talk to you. من هەرگیز قسەت لەگەڵ ناکەم

2-I will not never talk to you. هەڵەیە

3-I will not ever talk to you. ئەمە ڕاستە

تێبینی : ڕستەی سێیەم کە وشەی (ever) ی تێدایە پێچەوانەی وشەی (never) ە.

تێبینی : وشەی (never) لەناو ڕستەدا ، ئەگەر لەناو ڕستەکەدا فرمانی یارمەتیدەر هەبێت ئەوا دەکەوێتە دوای فرمانە یارمەتیدەرەکەوە ، وە ئەگەر لەناو ڕستەکەدا فرمانی یارمەتیدەرمان نەبێت ئەوا دەکەوێتە پێش فرمانی سەرەکی ڕستەکەوە.

noun phrase (گرێ) ی ناوی

گرێی ناوی زۆربەی جار دێت بەهۆی دەستنیشانکەر (determiner) ێکەوە بۆ نمونە:

(my, a, the, this…etc.)

گرێی ناوی بەدوایدا ناوێکی تر دێت یان ئاوەڵناو دێت یان ناوێک پێش دەستنیشانکەرەکە دەکەوێت ...هتد بۆ نمونە:

The City Center, an old man, this book, your cat, a book, the pen, Mary's books, those books…etc.

same هەمان

بە واتای (هەمان ، نفس) دێت بۆ نمونە:

1-My son and you go to the same school.

واتاکەی : کوڕەکەی من و تۆ دەچن بۆ هەمان قوتابخانە

2-Ahmed and I have the same hobby. أحمد و من هەمان هیوایەتمان هەیە

3-We like the same sound of Quran. ئێمە حەزمان لە هەمان دەنگی قورئانە

4-We read the same books. ئێمە هەمان کتێبەکان دەخوێنینەوە

5-We watch the same TV programs.

واتاکەی : ئێمە سەیری هەمان بەرنامەی تەلەفزیۆن دەکەین

so

چەند واتایەکی زۆری هەیە لەوانە:

1-ئەگەر لەسەر شێوەی (so + (adjective,adverb,many,much)) هات ئەوا بە واتای (زۆر very) دێت ، واتا دەتوانین لەجێگای (so) وشەی (very) دابنێین بۆ نمونە:

1-Why are you so late? بۆچی تۆ زۆر درەنگ هاتوویت؟

2-We had to buy so many things. ئێمە پێویست بوو زۆر شت بکڕین

2-ئەگەر وشەی (and) ی لەپێشەوە هات ئەوا بە شێوەی ئامڕازی بەیەکەوەبەستن دێت و بە واتای (وە لەبەرئەوە) دێت بۆ نمونە:

We felt tired, and so we went to bed.

واتاکەی : ئێمە هەستمان کرد ماندووین وە لەبەرئەوە چووین بۆ ناو جێگای نوستن

3-ئەگەر وشەی (that) ی لەدواوە هات ئەوا بە شێوەی ئامڕازی بەیەکەوەبەستن دێت و ڕاناوی بەدوادا دێ و بە واتای (بۆ ئەوەی) دێت بۆ نمونە:

Be quite so (that) she can sleep. بێدەنگ بە بۆ ئەوەی ئەو کچە بتوانێت بخەوێت

4-لەسەر شێوەی ئامڕازی بەیەکەوەبەستن دێت و بە واتای (لەبەرئەوە) دێت بۆ نمونە:

Ben had lost his key, so he had to borrow it from me.

واتاکەی : بێن کلیلەکەی ونکردووە لەبەرئەوە پێویست بوو کە کلیلەکەی من قەرز بکات

5-ئەگەر لەسەرەتای ڕستەوە هات بە شێوەی ئامڕازی بەیەکەوەبەستن دێت و بە واتای (کەواتە) دێت بۆ نمونە:

So what did you do? کەواتە چیت کرد؟

6-دەتوانین وشەی (so) بەکاربهێنین لەجیاتی (that) لەگەڵ هەندێک فرماندا بۆ نمونە:

1-I hope so. من هیوای ئەوە دەخوازم

2-I expect so. من پێشبینی ئەوە دەکەم

3-I believe so. من باوەڕ بە ئەوە دەکەم

7-دەتوانین وشەی (so) بەکاربهێنین لەجیاتی (that) لە ڕستەی (نەرێ) دا بۆ نمونە:

I don't think so.

still تا ئێستا ، لا تزال

(ئاوەڵفرمان) ە و بە واتای (تائێستا ، لا تزال) دێت.

وە سێ شێوەی بەکارهێنانی هەیە لەوانە:

1-لە کاتی ڕانەبردووی سادەدا بەکاردەهێنرێ و لەسەر شێوەی ئەم شێوەیەی لای خوارەوە دێت:

Subject + still + verb present

Example:

He still lives here. ئەو کوڕە تائێستا لێرە دەژی

2-لە کاتی ڕانەبردووی بەردەوام دا بەکاردەهێنرێ و لەسەر شێوەی ئەم شێوەیەی لای خوارەوە دێت:

Subject + be + still + verb-ing

Example:

We are still waiting. ئێمە تائێستا چاوەڕێ دەکەین

3-لە کاتی ڕانەبردووی بەردەوام دا بەکاردەهێنرێ ، بەڵام لەکاتی ئێستادا زۆر بەکارناهێنرێ ، وە لەسەر شێوەی ئەم شێوەیەی لای خوارەوە دێت:

Subject + still + (has/have) + verb past participle

Examples:

1- We still have waited for you.

2- He still has played football.

that ئەوە ، کەوا ، کە

لە دەرسەکانی داهاتوودا (إن شاء الله) بە تێروتەسەلی باسی دەکەین لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی زۆر فراوان بەکاردەهێنرێ و چەند واتایەکی هەیە لەوانە:

1- بە واتای (ئەوە ، ذلک ، تلک) دێت بۆ نمونە:

That man is my friend. ئەو پیاوە هاوڕێی منە

2-بە واتای (کەوا ، الَّذِي ، التي) دێت بۆ نمونە:

The pen that I bought is on the table. ئەو قەڵەمەی کە کڕیم لەسەر مێزەکەیە

3-بە واتای (کە ، أن) دێت بۆ نمونە:

1-It proves that you were his friend. ئەوە دەیسەلمێنێت کە تۆ هاوڕێی ئەوبوویت

2-Are you sure that you want to buy a car?

واتاکەی : ئایا تۆ دڵنیایت کە دەتەوێت سەیارەیەک بکڕیت؟

there is and there are

1-ئەگەر لەسەر شێوەی (there + v. to be + noun) هات ئەوا بە واتای (هەیە ، مەوجوودە ، یوجد ، هنالک) دێت بۆ نمونە:

1-There are cats. چەند پشیلەیەک هەیە ، لەوێ چەند پشیلەیەک هەیە

2-Is there an apple? ئایا سێوێک هەیە؟ ئایا سێوێک هەیە لەوێ؟

2-ئەگەر لەسەر شێوەی (there + v. to be + not + noun) یان لەسەر شێوەی (there + v. to be + no + noun) هات ئەوا بە واتای (نییە ، مەوجوود نییە ، لا یوجد ، لیس هنالک) دێت بۆ نمونە:

1-There are not apples. سێو نییە ، سێو نییە لەوێ

2-There are no apples. سێو نییە ، سێو نییە لەوێ

too and either

هەردوو وشەکە بە واتای (هەروەها) دێت بەڵام جیاوازی نێوانیان بریتییە لەوەی کە (too) تەنها لە ڕستەی (ئەرێ) دا بەکاردەهێنرێ ، بەڵام وشەی (either) تەنها لە ڕستەی (نەرێ) دا بەکاردەهێنرێ بۆ نمونە:

1- John likes to play football, and Mary likes to play football, too.

واتاکەی : جۆن حەزدەکات یاری تۆپی پێ بکات ، وە ماری حەزدەکات یاری تۆپی پێ بکات ،هەروەها.

2- John doesn't like to play football, and Mary doesn't like to play football, either.

واتاکەی : جۆن حەزناکات یاری تۆپی پێ بکات ، وە ماری حەزناکات یاری تۆپی پێ بکات ،هەروەها.

تێبینی : ئەگەر (too) لەسەر شێوەی (too + adjective + for + …) هات ئەوا بە واتای (زیاترە لەوەی کە پێویستە ، أكثر مما ينبغي more than is needed) دێت بۆ نمونە:

This suit is too big for my husband. He needs a smaller size.

واتاکەی : ئەم چاکەتە زیاتر لەوەی کە پێویستە گەورەیە بۆ مێردەکەم. ئەو پێویستی بە قیاسێکی بچوکترە.

تێبینی : وشەی (too) واتایەکی تریشی هەیە و بە واتای (زۆر) دێت و بەکارهێنانی تریشی هەیە ، وە مانایەکی نەرێی هەیە ، وە لە باسی بەکارهێنانەکانی (very, too and enough) دا دووبارە کراوەتەوە ، وە یاساکانیشی بەم شێوانەی لای خوارەوەن :

1-too + adjective + infinitive

2-too + adjective + for someone + infinitive

Examples:

1-The coffee is too hot to drink.

2-The coffee is too hot for me to drink.

3-I am too short to play basketball.

4-It is too cold for us to swim.

Unreal Meaning واتای ناڕاست

دابەش دەکرێ بۆ چەند بەشێک لەوانە:

1-ڕانەبردووی ناڕاست (unreal present) : گوزارشت دەکات لە کردارێک کە ڕاست نییە لەکاتی ڕانەبردوودا بۆ نمونە:

If I had enough money, I would retire early.

واتاکەی : ئەگەر پارەی تەواوم هەبووایە ، بەزوویی خۆم خانەنشین دەکرد.

تێبینی : لە کاتی ڕانەبردووی ناڕاستدا (unreal present time) دەتوانرێ (were) دابنرێ لەجیاتی (was) ئەگەر بکەرەکەشمان یەکێک بێت لە (he, she, it, singular noun).

2-ڕابردووی ناڕاست (unreal past) : گوزارشت دەکات لە کردارێک کە ڕووی نەداوە لە ڕابردوودا بۆ نمونە:

If you had driven more careful, you would have avoided this accident.

واتاکەی : ئەگەر تۆ بە ووریاییەکی زیاتر سەیارەت لێبخوڕیایە لەم ڕووداوە خۆت دەپاراست

3-داهاتووی ناڕاست (unreal future) : گوزارشت دەکات لە کردارێک کە ڕوو نادات لە داهاتوودا و سێ شێوەی هەیە کە یەکێکە لەمانەی خوارەوە :

(would + base) یان (were to + base) یان (Past Simple)

Examples:

1-If he would lend me your bicycle tomorrow, I would go home easily.

2-If he were to lend me your bicycle tomorrow, I would go home easily.

3-If he lent me your bicycle tomorrow, I would go home easily.

ڕێساکانی دروستکردنی ئاوەڵناو لە زمانی ئینگلیزیدا

زۆربەی زۆری ناوەکان لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵناویان هەیە و ئاوەڵناویان لێ دروستدەکرێ.

ئاوەڵناو هەرگیز کۆ ناکرێتەوە و ناکرێ بە کۆ.

Examples:

Smarts boys هەڵەیە

Smart boys ڕاستە

دەتوانین ئاوەڵناو دروستبکەین لە زمانی ئینگلیزیدا بە چەند شێوە و چەند ڕێگایەکی جیاواز ، وە لەو ڕێگا جیاوازانە:

1-هەندێک ئاوەڵناو دروستدەکرێ بە هۆی خستنەسەری پاشگری (y-) بۆ کۆتایی (ناو) بۆ نمونە:

ژمارە	ناو	واتاکەی	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	need	پێویستی ، حاجة	needy	پێویست ، محتاج
2	rain	باران	rainy	باراناوی ، بەباران
3	storm	زریان ، بای بەهێز	stormy	بەباوباران ، زریاناوی
4	cloud	هەور	cloudy	هەوراوی ، هەورگرتوو
5	fog	تەم ، تەم و مژ	foggy	تەماوی ، تەمدار
6	sun	خۆر	sunny	هەتاوی ، خۆرین
7	fun	گاڵتە	funny	سوعبەتچی ، پێکەنیناوی
8	mud	قوڕ	muddy	قوڕاوی
9	stone	بەرد	stony	بەردی ، بەردەڵان ، ڕەق
10	noise	ژاوەژاو ، دەنگەدەنگ	noisy	ژاوەزۆر ، دەنگەدەنگاوی
11	guilt	تاوان	guilty	تاوانبار
12	necessity	پێویستی ، پێداویستی	necessary	پێویست
13	luck	بەخت	lucky	بەختیار ، بەختەوەر

14	wealth	سامان ، سەروەت	wealthy	ساماندار ، دەوڵەمەند
15	health	تەندروستی	healthy	تەندروست ، دروست
16	wind	با (ريح)	windy	فرەبا ، بادار ، بەبا
17	shine	درەوشانەوە	shiny	بریسکەدار ، درەوشاوە
18	snow	بەفر	snowy	بەفراوی ، بەفرین ، بەفری
19	speed	خێرایی	speedy	خێرا

2-هەندێک ئاوەڵناو دروستدەکرێ بە هۆی خستنەسەری (-ly) بۆ کۆتایی (ناو) بۆ نمونە:

ژمارە	ناو	واتاکەی	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	love	خۆشەویستی	lovely	خۆشەویست
2	friend	هاوڕێ ، صاحب	friendly	هاوڕێیانە ، دۆستانە
3	day	ڕۆژ ، يوم	daily	ڕۆژانە
4	brother	برا	brotherly	برایانە

3-هەندێک ئاوەڵناو دروستدەکرێ بە هۆی خستنەسەری (-ing) بۆ کۆتایی (چاوگ) بۆ نمونە:

ژمارە	ناو	واتاکەی	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	bore	بێزاری دەکات ، يمل	boring	بێزارکەر ، ممل

4-هەندێک ئاوەڵناو دروستدەکرێ بە هۆی خستنەسەری (-less) بۆ کۆتایی (ناو) بەڵام لەم کاتەدا ئاوەڵناوەکە واتاکەی پێچەوانە دبێتەوە لەگەڵ ناوەکەیدا بۆ نمونە:

ژمارە	ناو	واتاکەی	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	aim	ئامانج ، مەبەست	aimless	بێ ئامانج

2	care	چاودێری ، سەرپەرشتی	careless	کەمتەرخەم ، بێ موبالات
3	home	ماڵ ، نیشتیمان	homeless	ئاوارە ، دەربەدەر
4	hope	هیوا ، ئومێد	hopeless	بێهیوا ، بێئومێد
5	scent	بۆن	scentless	بێ بۆن

5-هەندێک ئاوەڵناو شێوەکەی هەمان شێوەی فرمانە لە حاڵەتی شێوەی سێیەمدا واتە (p.p) بۆ نمونە:

ژمارە	ناو	واتاکەی	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	make	دروستی دەکات	made	دروستکراو
2	close	دادەخات	closed	داخراو

6-کەمێک لە ئاوەڵناو دروستدەکرێ بە هۆی خستنەسەری (en-) بۆ کۆتایی (ناو) بۆ نمونە:

ژمارە	ناو	واتاکەی	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	wood	دار	wooden	دارین ، لەدار

7-کەمێک لە ئاوەڵناو دروستدەکرێ بە هۆی خستنەسەری (ous-) بۆ کۆتایی (ناو) بۆ نمونە:

ژمارە	ناو	واتاکەی	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	advantage	سوود ، کەڵک	advantageous	بەسوود ، بەکەڵک
2	courage	ئازایەتی	courageous	ئازا
3	danger	مەترسی	dangerous	مەترسیدار
4	fame	ناوبانگ	famous	بەناوبانگ ، ناسراو
5	poison	ژەهر	poisonous	ژەهراوی
6	marvel	جێی سەرسوڕمان	marvellous	سەرسوڕهێنەر

8-کەمێک لە ئاوەڵناو دروستدەکرێ بە هۆی خستنەسەری (able-) بۆ کۆتایی (ناو) یان (فرمان) بۆ نمونە:

ژمارە	ناو یان فرمان	واتاکەی	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	honour (n.)	سەربەرزی ، شەرەف	honourable	سەربەرز ، بەشەرەف
2	change (v.)	دەیگۆڕێت	changeable	دەگۆڕرێت ، لە گۆڕاندایە
3	notice (v.)	تێبینی دەکات	noticeable	تێبینیکراو
4	manage (v.)	بەڕێوەی دەبات	manageable	ئاسان بەڕێوەدەچێت
5	suit (v.)	دەیگونجێنێت	suitable	گونجاو ، شیاو ، شایستە
6	agree (v.)	ڕازی دەبێت	agreeable	ڕەزامەند ، پەسەند
7	love (v.)	حەزی لێ دەکات ، دڵداری دەکات ، خۆشی دەوێت	lovable	خۆشەویست ، دڵگیر
8	use (v.)	بەکاری دەهێنێت	usable	شیاوە بۆ بەکارهێنان
9	desire (v.)	ئارەزووی دەکات	desirable	پەسەندکراو ، ویستراو ، بەدڵ
10	misery (n.)	خەفەت (يأس)	miserable	خەمبار
11	practice (n.)	ڕاهێنان ، کردار	practicable	کرداری ، گونجاو ، لەبار
12	profit (n.)	قازانج	Profitable	بەکەڵک، بەسوود
13	avail (v.)	سوود دەبینێت ، سوود دەبەخشێت ، کەڵک وەردەگرێت ، دەستدەکەوێت	available	بەردەست ، دەستکەوتوو ، بەدەستهاتوو ، هەیە

14	admire (v.)	بەدڵی دەبێت	admirable	نایاب ، جێی سەرسوڕمان ، بەدڵ
15	rely (v.)	پشتی پێ دەبەستێت	reliable	باوەڕپێکراو ، شایانی باوەڕ ، پشت پێبەستراو ، جێی متمانە
16	value (v.)	دەینرخێنێت	valuable	بەنرخ ، بەکەڵک
17	flame (n.)	گڕ	flammable	زوو گڕدەگرێت
18	answer (v.)	وەڵام دەداتەوە	answerable	وەڵام دەدرێتەوە ، بەرپرسیار

9-کەمێک لە ئاوەڵناو دروستدەکرێ بە هۆی خستنەسەری (-ible) بۆ کۆتایی (ناو) یان (فرمان) بۆ نمونە:

ژمارە	ناو یان فرمان	واتاکەی	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	sense (v.)	هەست دەکات	sensible	هەستیار ، حساس
2	respond (v.)	وەڵام دەداتەوە	responsible	لێپرسراو ، بەرپرس
3	digest (v.)	هەرسی دەکات	digestible	زوو هەرس بوو
4	horrify (v.)	دەیترسێنێت	horrible	ترسناک
5	terrify (v.)	دەیترسێنێت	terrible	ترسناک
6	divide (v.)	دابەشی دەکات	divisible	دابەشبوو ، دابەشکراو
7	flex (v.)	نەرم دەبێت ، لول دەبێت	flexible	نەرم
8	vision (n.)	بینین	visible	بینراو

10-کەمێک لە ئاوەڵناو دروستدەکرێ بە هۆی خستنەسەری (ic-) بۆ کۆتایی (ناو) بۆ نمونە:

ژمارە	ناو	واتاکەی	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	atom	گەردیلە	atomic	گەردیلەیی

11-کەمێک لە ئاوەڵناو دروستدەکرێ بە هۆی خستنەسەری (al-) بۆ کۆتایی (ناو) بۆ نمونە:

ژمارە	ناو	واتاکەی	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	education	پەروەردە	educational	پەروەردەیی
2	geometry	ئەندازە	geometrical	ئەندازەیی
3	alphabet	ئەلفوبێ	alphabetical	بەپێی ئەلفوبێیی بە ڕیز
4	centre	ناوەند ، چەق ، سەنتەر	central	ناوەندی ، چەقی ، مركزي
5	nation	نەتەوە	national	نەتەوەیی ، نیشتیمانی
6	nature	سروشت ، طبيعة	natural	سروشتی
7	person	کەس ، شخص	personal	کەسی ، خۆیی ، شخصي
8	part	بەش ، پارچە	partial	بەشی ، جزئي
9	universe	جیهان ، عالم	universal	جیهانی ، عالمي
10	medicine	دەرمان ، دواء	medical	پزیشکی ، طبي
11	origin	بنەڕەت ، أصل	original	بنەڕەتی ، أصلي

12-کەمێک لە ئاوەڵناو دروستدەکرێ بە هۆی خستنەسەری (an-) بۆ کۆتایی (ناو) بۆ نمونە:

ژمارە	ناو	واتاکەی	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	republic	کۆمار	republican	کۆماری

13-کەمێک لە ئاوەڵناو دروستدەکرێ بە هۆی خستنەسەری (-cal) بۆ کۆتایی (ناو) بۆ نمونە:

ژمارە	ناو	واتاکەی	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	history	مێژوو	historical	مێژوویی

14-کەمێک لە ئاوەڵناو دروستدەکرێ بە زیاد کردنی پاشگری (full) بۆ (ناو) دەبن بە (ئاوەڵناو) ، وە یەک (l) لە پاشگری (full) ەکەش کەم دەکرێتەوە دوای ئەوەی کە ئاوەڵناوەکەمان دروستکرد ، بۆ نمونە:

ژمارە	ناو	واتاکەی	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	play	یاری ، گەمە	playful	گاڵتەکەر ، گاڵتەچی
2	mercy	بەزەیی	merciful	بەبەزەیی ، بە ڕەحم
3	use	بەکارهێنان	useful	بەسوود
4	faith	باوەڕ	faithful	باوەڕدار
5	skill	کارامەیی	skillful	لێزان ، کارامە
6	care	چاودێری ، سەرپەرشتی	careful	وریا ، بەئاگا
7	beauty	جوانی	beautiful	جوان
8	hate	ڕق لێبون	hateful	ڕەزا قورس ، ناپەسەند
9	success	سەرکەوتن	successful	سەرکەوتوو
10	peace	ئاشتی	peaceful	ئاشتیخواز ، بێوەی
11	awe	ترس ، خوف	awful	سامدار ، بەترس ، ترسناک
12	duty	ئەرک ، پێویستی	dutiful	گوێڕایەڵ ، مطیع ، بەئەرک هەڵساو

13	wonder	سەرسوڕمان	wonderful	سەرسوڕهێنەر ، ناوازە
14	pain	ئازار	painful	بەئازار ، بەئێش ، بەسوێ
15	help	یارمەتی	helpful	یامەتیدەر ، یاریدەدەر
16	harm	زیان ، ئازار	harmful	ئازاردەر ، زیان بەخش

15-کەمێک لە ئاوەڵناو هەمان شێوەی (base) ی هەیە بۆ نمونە:

ژمارە	ناو	واتاکەی	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	complete	تەواودەکات	complete	تەواو

16-کەمێک لە ئاوەڵناو شێوەی ئاوەڵفرمانی هەیە بەڵام لەکاتی بەکارهێنانی لەناو ڕستەدا ماناکەیان دەگۆڕێت بۆ نمونە:

number	adjective	adverb
1	hard	hard
2	well	well
3	fast	fast

تێبینی : لە زمانی ئینگلیزیدا باسکراو (موصوف) لەدوای ئاوەڵناوەکەوە دێت بە پێچەوانەی زمانی کوردی و عەرەبی بۆ نمونە:

Red robe

سوور ڕۆبی

Beautiful table

میزی جوان

جۆرەکانی ئاوەڵناو

یەکەم: ناوێک بدەینە پاڵ دوای ئاوەڵناوێک واتە نسبەتی بکەیت بۆ لای ئاوەڵناوێک

ئەمە ئاوەڵناوێکی دروستکراوە لە ناوێکی تایبەتی و پیتی یەکەمی ئەم ئاوەڵناوانە بە پیتی گەورە (capital letter) دەنوسرێ و دەخرێتە پێش ناوێکەوە بۆ نمونە:

Arabic language

عەرەبی زمانی

English grammar

ئینگلیزی ڕێزمانی

دووەم: ئاوەڵناوی خۆیەتی (الصفات الملکیة) : ئەم بابەتەیان لە بەشەکانی تردا بە تەواوی ڕوونکراوەتەوە بەڵام وا لە خوارەوە بە کورتی کەمێکیان باس دەکەین بۆ نمونە:

my/your/his/her/its name

our/your/their names.

تێبینی : دەتوانین وشەی (own) بخەینە پێش ئاوەڵناوە خۆییەکەوە بۆ دڵنیاکردنەوە و دڵنیابوون بۆ نمونە:

I will write with my own pen.

تێبینی : دەتوانین وشەی (own) بەکاربهێنین بۆ نەهێشتنی ناڕوونی و وشەی لێڵ و دووماناا (إلتباس) بۆ نمونە:

He did his work.

He did his own work.

سێیەم: ئاوەڵناوی وەسفکەر (نیشانەیی) (پێناسەکەر) (الصفات الوصفية) : ئەو ئاوەڵناوانەن کە ڕوونی دەکاتەوە جۆرێتی (نوعية) ی ئەو شتەی کە باس کراوە و وەصف کراوە یان شێوەکەی یان ڕەنگەکەی یان چۆنێتییەکەی (حالة) ، وە پێویستە لە حاڵەتی تاکدا یەکێک لە ئامرازەکانی نەناساندنی (a, an) لەپێشەوە دابنێین ، وە لە حاڵەتی ناسراودا ئامرازی ناساندنی (the) دەخەینە پێشیەوە نمونە:

a long street شەقامێکی درێژ , a beautiful girl کچێکی جوان

an old house خانوویەکی کۆن

Examples:

1-She is a beautiful girl. ئەو کچێکی جوانە

2-He is smart. ئەو زیرەکە

تێبینی ئەو دوو نمونەیەی لای سەرەوە بکە و ببینە کە لە نمونەی یەکەمدا ئامرازی نەناساندنی (a) مان لەپێش ئاوەڵناوەکەوە دانا چونکە باسکراو (موصوف) لەدوای ئاوەڵناوەکەوە هاتووە ، بەڵام لە نمونەی دووەمدا هیچ ئامرازێکمان بەکارنەهێنا چونکە تەنها ئاوەڵناو هاتووە .

شوێنی ئاوەڵناو بەگوێرەی ناو لەناو ڕستەدا

ئاوەڵناو بە هیچ شێوەیەک ڕاستەوخۆ لەدوای (فرمان) ەوە نایات ، بەڵام ئەگەر فرمانی ڕستەکە یەکێک بێت لە (am , is , are , was , were , be) ئەوا ڕاستەوخۆ ئاوەڵناو دێت ، هەروەها ئەگەر فرمانی ڕستەکە یەکێک بێت لە فرمانەکانی هەست (Perception Verbs) و فرمانەکانی پیشاندان و دەرکەوتن (seeming verbs) و فرمانەکانی گۆڕان (change verbs) و فرمانەکانی مانەوە (remaining verbs) ئەوا دەتوانین لەدوای ئەو جۆرە فرمانانەوە ڕاستەوخۆ ئاوەڵناو دابنێین .

نمونە بۆ فرمانەکانی (هەستکردن) وەکو :

smell , taste , sound , feel

نمونە بۆ فرمانەکانی (پیشاندان و دەرکەوتن) وەکو :

seem , look

نمونە بۆ فرمانەکانی (گۆڕان) وەکو :

become , change , convert

نمونە بۆ فرمانەکانی (مانەوە) وەکو :

stay , remain , keep

تێبینی : ئێمە هەمیشە ئاوەڵناو لەپێش وەسفکراو دادەنێین لە زمانی ئینگلیزیدا بە پێچەوانەی زمانەکانی کوردی و عەرەبییەوە ، بەڵام لەم چەند حاڵەتەی خوارەوەدا ئاوەڵناو لەدوای وەسفکراوەوە دێت .

1-ئاوەڵناو دادەنێین لەدوای فرمانەوە ئەگەر ڕستەکە لەسەر شێوەی ڕستەی هەواڵی (خبری) بێت بۆ نمونە:

1-She is smart.   ئەو زیرەکە

لەو نمونەیەی سەرەوەدا وشەی (smart) ئاوەڵناوە یان تەواوکەرە ، وە فرمانی ڕستەکە بریتییە لە (is) ، وە باسکراو (موصوف) یان (بکەر) بریتییە لە (she) .

2-She has become beautiful. ئەو کچە جوان بووە

لەو نمونەیەی سەرەوەدا وشەی (beautiful) ئاوەڵناوە یان تەواوکەرە ، وە فرمانی ڕستەکە بریتییە لە (become) ، وە باسکراو (موصوف) یان (بکەر) بریتییە لە (she) ، وە فرمانی (become) بریتییە لە فرمانی گۆڕین .

3-The soup smells delicious. شۆرباکە بۆنی وادەردەکەوێت کە بەتامە

لەو نمونەیەی سەرەوەدا وشەی (delicious) ئاوەڵناوە یان تەواوکەرە ، وە فرمانی ڕستەکە بریتییە لە (smell) ، وە باسکراو (موصوف) یان (بکەر) بریتییە لە (The soup) ، وە فرمانی (smell) بریتییە لە فرمانی هەستکردن .

4-The witness kept silent.

لەو نمونەیەی سەرەوەدا وشەی (silent) ئاوەڵناوە یان تەواوکەرە ، وە فرمانی ڕستەکە بریتییە لە (kept) ، وە باسکراو (موصوف) یان (بکەر) بریتییە لە (The witness) ، وە فرمانی (smell) بریتییە لە فرمانی مانەوە .

2-لەکاتی بەکارهێنانی زیاتر لە ئاوەڵناوێک بۆ باسکراو (موصوف) ئەوا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بەکاریان دەهێنین و لەناو ڕستەدا دەیان نوسین بۆ نمونە:

She is a clever, beautiful and rich woman. ئەو ئافرەتێکی زیرک و جوان و دەوڵەمەندە

بەراوردکردنی ئاوەڵناوەکان comparative and superlative

ئەم بابەتە سێ پلە دەگرێتەوە کە ئەمانەن :

1-پلەی یەکسانی equality :

یاساکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

Subject + (am, is, are) + as + adj. + as + Object

Example:

Ali is as tall as Ahmad. علی باڵای بەرزە وەک أحمد

2-پلەی بەراورد لەنێوان دوو شتدا comparative :

یاساکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

Subject + (am, is, are) + comparative adj. + as + Object

Example:

1- Ali is taller than his brother. علی باڵای بەرزترە لە براکەی

2- I want a bicycle larger than this. پاسکیلێکم دەوێت گەورەتر بێت لە ئەمە

3-پلەی باڵا بۆ بەراوردکردن لەنێوان سێ شت یان زیاتردا superlative :

یاساکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

Subject + (am, is, are) + the + superlative adj. + of + Object

Example:

Ali is the tallest of his brothers. علی باڵابەرزترینە لەنێوان براکانیدا

تێبینی : پاشگری (-er) بۆ دروستکردنی پلەی بەرواردە لە ئاوەڵناو ، هەروەها پاشگری (-est) بۆ دروستکردنی پلەی باڵایە لە ئاوەڵناو.

بەراوردکردنی ئاوەڵناوە لە یاسا دەرچووەکان (مقارنة الصفات الشاذة)

هەندێک ئاوەڵناو هەیە کە یاسایان بەسەردا جێبەجێناکرێ بۆ دروستکردنی پلەی بەراورد و پلەی باڵا ، وە بە شێوەیەکی تایبەتی دەگۆڕرێن کە ئەمانەی لای خوارەوەن

ژمارە	ئاوەڵناو		پلەی بەراورد		پلەی باڵا	
1	good	باش	better	باشتر	best	باشترین
2	bad	خراپ	worse	خراپتر	worst	خراپترین
3	much	زۆر	more	زۆرتر	most	زۆرترین
4	many	زۆر	more	زۆرتر	most	زۆرترین
5	little	کەم	less	کەمتر	least	کەمترین
6	far	دوور	farther	دوورتر	farthest	دوورترین

Examples:

1-He is better than her. ئەو کوڕە باشترە لە ئەو کچە

2-He is the best of his friends. ئەو کوڕە باشترینە لە نێوان هاوڕێکانی خۆیدا

3-Ahmed is the best. أحمد باشترینە

بەراوردکردنی ئاوەڵناوە ئاڵۆزەکان (زیاتر لە یەک بڕگە) (مقارنة الصفات المعقدة)

زۆربەی زۆری ئاوەڵناوەکان ئەگەر لە شەش پیت زیاتر بوون یان کاتێک کە ئاوەڵناوەکەمان لە یەک بڕگە زیاتر بوو ئەوا بە زیاد کردنی وشەی (more) بۆ پێش ئاوەڵناوەکە دەکرێ بە پلەی بەراورد ، وە بە زیاد کردنی وشەی (most) بۆ پێش ئاوەڵناوەکە دەکرێ بە پلەی باڵا ، وە یاساکەی بەم شێوانەی لای خوارەوە دەبێت

Subject + (am, is, are) + more + adj. + than + object پلەی بەراورد

Subject + (am, is, are) + the most + adj. + of + object پلەی باڵا

Examples:

1-Ali is more interested than Ahmad.

2-Ali is the most interested of his friends.

جیاوازی چییە لەنێوان ئەم سێ ڕستەیەی لای خوارەوە ؟

1-Red robe. ڕۆبێکی سوور

2-The red robe. ڕۆبە سوورەکە

3-The robe is red. ڕۆبەکە سوورە

لە ڕستەی یەکەمدا (ڕۆبێکی سوور) ، ئاوەڵناو (صفة) و وەصفکراو (موصوف) هەردووکیان نەناسراوان ، وە لە ڕستەی دووەمدا ، ئاوەڵناو (صفة) و وەصفکراو (موصوف) هەردووکیان ناسراوان ، وە ڕستەی سێیەم ڕستەیەکی هەواڵی (خبري) یە .

تێبینی : ئەم چەند ئاوەڵناوەی لای خوارەوە هەمیشە دەکەونە پێش (ناو) ەوە و هەقیان نییە بەسەر ڕیزبەندی ئاوەڵناوەکانەوە ، وە ئەم ئاوەڵناوانەی لای خوارەوە ژمارەیەکی کەمن کە تەنها لەپێش ناوەوە بەکاردەهێنرێن

ژمارە	ئاوەڵناو	واتاکەی
1	northern	باکوری ، شمالي
2	southern	باشوری ، جنوبي
3	eastern	ڕۆژهەڵاتی ، شرقي
4	western	ڕۆژئاوایی ، غربي
5	countless	نەژمێرراو ، بێ ژماردن ، لە ژمارە نەهاتن ، غیر معدود

6	occasional	دەم دەم ، جاروبار ، دەمی
7	lone	تەنها ، تەنیا ، تاک
8	eventful	پڕ کارەسات ، پڕ ڕووداو
9	indoor	ناوخۆیی ، لە ماڵەوە ، ناوماڵ
10	outdoor	دەرەوەیی ، دەشتی

Examples:

1-He lives in the estern district.

2-There were countless problems with the new machinery.

جیاوازی هەندێک وشە لە زمانی ئینگلیزی بەریتانـــــــی و ئەمریکیـــدا

زۆرێک لە جیاوازی هەیە لەنێوان زمانی ئینگلیزی بەریتانی و ئەمەریکی دا لە هەندێک وشە و لە ڕێزمان و لە خوێندنەوەدا ، ئەم بابەتە پێکهاتووە لە هەندێک وشە کە هەمان واتایان هەیە بەڵام لە نوسین و خوێندنەوەدا جیاوازن ، ئەویش پێکهاتووە لە وشەی بەریتانی و وشەی ئەمریکی.

1-ئەو شانەی کە کۆتاییان هاتووە بە (-our) و (-or) :

ژمارە	بەریتانی	ئەمەریکی	واتاکەی
1	arbour	arbor	شوێنێکی سێبەر ، کەپر، سابات
2	armour	armor	زرێ ، چەک
3	behaviour	behavior	ڕەوشت ، ڕەفتار
4	colour	color	ڕەنگ ، لون
5	endeavour	endeavor	هەوڵدان ، تێکۆشان

6	favour	favor	چاکە
7	fervour	fervor	جۆش ، گەرمی
8	glamour	glamor	جادوو ، سحر ، تەلیسم
9	harbour	harbor	بەندەر ، لەنگەرگا
10	honour	honor	ئابڕوو ، شەرەف
11	humour	humor	ڕووخۆشی ، ڕووپێدان
12	labour	labor	کار ، ئیش
13	neighbour	neighbor	دراوسێ ، هاوسێ ، جیران
14	odour	odor	بۆن ، بۆنی ناخۆش
15	parlour	parlor	ژووری دانیشتن
16	rancour	rancor	ڕق ، قین ، حقد
17	rumour	rumor	پڕوپاگەندە
18	saviour	savior	ڕزگارکەر ، نەجاتدەر
19	splendour	splendor	ڕەونەقدار ، مەزن
20	vapour	vapor	هەڵم ، بوخار
21	vigour	vigor	بەهێز ، چالاک

2-ئەو وشانە دەنوسین کە بە (re-) و (er-) کۆتاییان دێت:

ژمارە	بەریتانی	ئەمەریکی	واتاکەی
1	centre	center	چەق ، سەنتەر
2	fibre	fiber	ڕیشاڵ
3	metre	meter	مەتر
4	piastre	piaster	پیزو یان دۆلاری ئیسپانی کۆن ، قرش

5	sombre	somber	تاریک
6	theatre	theater	شانۆ

3-ئەو وشانەی کە بە (logue-) و (log-) کۆتاییان دێت:

ژمارە	بەریتانی	ئەمەریکی	واتاکەی
1	catalogue	catalog	خشتە ، نەخشەی زانیاری ، کاتالۆگ
2	dialogue	dialog	گفتوگۆ
3	monologue	monolog	لەبەرخۆە دوان ، لەبەرخۆە قسەکردن
4	prologue	prolog	پێشەکی ، مقدمة

4-ئەو وشانەی کە پیتی کۆتاییان دەبێت بە دووان (double) :

ژمارە	بەریتانی	ئەمەریکی	واتاکەی
1	counsellor	counselor	ڕاوێژکار ، مستشار
2	jeweller	jeweler	گەوهەرفرۆش ، جوهري
3	kidnapper	kidnaper	ڕفێنەر ، خاطف
4	traveller	traveler	گەشتیار ، مسافر
5	worshipper	worshiper	خواپەرست

5-ئەو وشانەی کە کۆتاییان دێت بە (ce-) و (se-) :

ژمارە	بەریتانی	ئەمەریکی	واتاکەی
1	defence	defense	بەرگری کردن ، دفاع
2	licence	license	رێ پێدان ، ڕێی پێدەدات

3	offence	offense	گوناهـ ، سەرپێچی
4	pretence	pretense	وا پیشاندان ، وا دەرخستن

6-هەندێک وشەی هەمە جۆر:

ژمارە	بەریتانی	ئەمەریکی	واتاکەی
1	aeroplane	airplane	فرۆکە ، تەیارە
2	ageing	aging	پیر دەبێت
3	aluminium	aluminum	ئەلەمنیۆم ، فافۆن
4	analyse	analyze	شی دەکاتەوە ، یحلل
5	apartment	flat	بینای نیشتەجێبوون ، شوقە
6	apologise	apologize	پۆزش هێنانەوە ، داوای لێبوردن کردن
7	arse	ass	بەشی دواوەی مرۆڤ کە لە سەری دادەنیشێت کە سمت دەگرێتەوە
8	aubergine	eggplant	بائینجان
9	autumn	fall	پایز ، خریف
10	bangers	sausage	سوورەوە کراو
11	biscuits	crackers, cookies	پسکیت ، پسکیتی وشک
12	bogeyman	boogeyman	کەسێکی خراپی خەیاڵی کە ئازاری منداڵان دەدات
13	bonnet	hood	بۆنیتی سەیارە

14	butty	sandwich	لەفە
15	capsicum	bell peppers	بیبەری تون
16	cheque	check	چەکی بانک
17	chips	french fries, fries	قاشە پەتاتەی سوورەوە کراو بە درێژی
18	cold on a cob	popsicle	چلورەی دوو دار
19	crisps	chips	قاشە پەتاتە (بەپانی)
20	coriander	cilantro	ڕووەکێکە کە گەڵاکانی یان تۆوەکەی دەکرێتە ناو خواردنەوە بۆ ئەوەی تامێکی تایبەتی هەبێت
21	cosy	cozy	گەرمی مام ناوەند ، شلەتێن
22	courgette	zucchini	کولەکە
23	crisps	potato chips	چیپسی پەتاتە
24	demerera sugar	light brown sugar	شەکرێکی ڕەنگ قاوەیی کاڵ
25	draught	draft	با ، هەوا
26	dreamt	dreamed	خەوی بینی
27	eggy bread	french toast	نانی برژاو کە هێلکەی پێوە کراوە
28	favourite	favorite	پەسەند
29	film	movie	فیلم
30	football	soccer	یاری تۆپی پێ
31	grey	gray	ڕەنگ خۆڵەمێشی
32	holiday	vacation	پشوو ، عطلة

ئامادە کردنی / ئەندازیار (هێمن أحمد قادر حمە أمین) 07501657826 یان 07710250099

33	indicator	blinker (turn signal)	ئیشارەتی پێچ کردنەوە
34	It’s gone off	It’s spoiled	خراپ بووە ، گەنیوە
35	jelly	Jell-o	جەلی
36	kerb	curb	دادەمرکێنێتەوە ، جڵەوی دەگرێت
37	kip, sleep	sleep	دەخەوێت ، خەوتن
38	ladybird	ladybug	خاڵخاڵۆکە ، دعسوقة
39	learnt	learned	فێربوو
40	lift	elevator	مەسعەد ، بەرزکەرەوە
41	lolly	popsicle	مەساسە ، مژمژە
42	lorry	truck	گەڵابە ، لۆری ، شاحنة
43	mad	angry	تورە
44	maize	corn	گەنمەشامی
45	memorise	memorize	بیر دەخاتەوە
46	minced meat, mince	grond meat	قیمە ، گۆشتی قیمە
47	mould	mold	قاڵب
48	moustache	mustache	سمێڵ ، شارب
49	nappy	diaper	دایبی ، حەفازە
50	nick	steal	دەدزێت ، یسرق
51	off you go	go ahead	بەردەوام دەبێت
52	pavement	sidewalk	رصیف ، قیرتاو کردن
53	petrol	gasoline, gas	بەنزین
54	pips	seeds (like apple seeds)	تۆو

55	plough	plow	گاسن
56	porridge	oatmeal	کەشک ، تریتی گۆشتاو
57	post	mail	پۆستە ، بەرید
58	programme	program	بەرنامە
59	prowns	shrimp	ڕۆبیان
60	pudding	desserts	شیرینی
61	pyjamas	pajamas	جلی خەوتن
62	queue There's a queue	stand in a line There's a line	لە ڕیزەکەدا بوەستە لە سەرەکەدا بوەستە
63	rasher	bacon slice	پارچەیەک گۆشتی بەراز
64	rooty-tooty point and shooty	gun	دەمانچە ، سیلاح
65	rubber	eraser	لاستیکی خەت سڕینەوە
	rubbish	garbage, trash	خۆڵ و خاشاک
66	shandy	beer with lemonade	بیرە و ئاوی لیمۆ (حەرامە بیرە خواردنەوە)
67	slappy ham	face	دەم و چاو
68	sulphur	sulfur	کبریت
69	sultanas	golden raisins	مێوژی ڕەنگ ئاڵتونی
70	sweets	candy	شیرینی
71	takeaway	takeout	خواردنی سەفەری کە لە چێشتخانە ئامادە دەکرێ و لە ماڵەوە دەخورێ
72	tap	faucet	بەلوعە
73	taxi	cab	تەکسی ، سەیارەی کرێ

74	timetable	schedule	خشتە
75	tin	can	قوتوو
76	torch	flashlight	لایتی دەست
77	trainers	sneakers	پێڵاوی وەرزش
78	treacle	molasses	دۆشاوی خورما
79	trodden on	stepped on	بێ بەزەییانە مامەڵەی کرد
80	trolley	cart	عەرەبانە
81	trotters	pigs feet	قاچەکانی بەراز ، پێچە
82	tyre	tire	تایە ، تایەی سەیارە
83	waggon	wagon	عەرەبانە ، عەرەبانەی بار
84	whilst	while	لەکاتی ، لە ماوەی
85	whimsy films mark and scribblers	pen	پاندان ، قەڵەم جاف
86	windscreen	windshield	جامی پێشەوەی سەیارە
87	wireless, radio	radio	ڕادیۆ ، بێ تەل
88	wishi-washies	winshield wipers	فلچەی پاککردنەوەی جامی سەیارە

ئاگادار بە خۆت لەم شتانە بپارێزە

زۆر بەداخەوە ئەم بڕگە و دەستەواژانە لە ڕێگای کۆمپانیاکانی جولەکە و ئیلحادییەکانی ڕۆژئاواوە لەسەر جل و بەرگە هاوردە کراوەکان (هێنراوەکان) نوسراون و نەخشێنراون کە لاوەکان و گەنجەکانمان دەیانپۆشن و لەبەریان دەکەن و لە هەمان کاتدا کەشخە و شانازی و فیزی پێوە دەکەن لە شوێنە گشتییەکان و چایخانە و بازاڕەکاندا بێ ئەوەی لە ماناکانیان

تێبگەن ، بۆ ئەوەی کەسێک نەبیت لەو کەسە بێ ئاگایانە ، سەرنجی مانای ئەم دەستەواژانە بدە و وریایان بە

ژمارە	وشەی ئینگلیزی	ماناکەی بە عەرەبی	ماناکەی بە کوردی
1	Adulterer	فاسق	گوناهکار
2	Buy me	اشتريني	بمکڕە ، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کەسێکی لەشفرۆشە
3	Charming	ساحر	جادوگەر
4	Chorus girl	راقصة الملاهي	سەماکەری باڕ
5	Cupid	إله الحب	خوای خۆشەویستی (پەنا بەخوا لەو کوفرە)
6	Dram	كأس خمر	پەرداخی مەی ، جامی مەی
7	Follow me	اتبعني	دوامکەوە ، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کەسێکی لەشفرۆشە
8	Hussy	إمرأة وقحة ، فاجرة	ئافرەتی بەدکار
9	Lusts	شهوات	ئارەزووەکان
10	Nude	العارية ، العاري	بەرەڵا
11	Pig	خنزير	یەکانە ، بەرازی نێر
12	Pork	لحم الخنزير	گۆشتی بەراز
13	Socialism	الإشتراكية	کۆمەڵگەری ، هاوبەشایەتی ، سۆشیالیزم
14	Sow	خنزيرة	بەرازی مێ
15	Take me	خذني	بمبە لەگەڵ خۆت ، هەڵمگرە ، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کەسێکی لەشفرۆشە
16	Theocracy	الشرك بالله	هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا ، هاوبەش دانان بۆ خوا
17	Vice	رذيلة	ئافرەتی نزم ، بێ کەسایەتی
18	Vixen	إمرأة سيئة الخلق	ژنێکی بەد ڕەوشت

19	Whore	عاهر	بەرەڵا ، بێ ئابڕو

تکایە تەنها خواپەرستن و بە هیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ پەیدا مەکەن ، سەرکەوتوو دەبن

Parts of speech بەشەکانی زمان

خوێندکار دەتوانێت بۆ ئەم بابەتە سوود وەربگرێت بۆ دروستکردنی ڕستە و لە هەمان کاتدا بۆ ناسینەوەی بەشەکانی زمان لە ڕستەدا کە ئەوە کێشە و گرفتی سەرەکی خوێندکارە ، ئەم بابەتە هەرچەندە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە (spelling) ەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بە (grammar) ەوە هەیە ، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەتوانین سوودی لێ وەربگرین ، بۆیە بە باشم زانی لەم کتێبەدا ئاماژەی بۆ بکەم ، من لێرەدا ئەو بەشانەی کە زۆر گرنگ و پێویستن بۆ خوێندکارانی ڕوون دەکەمەوە بە پشتیوانی خوای گەورە (توكلت على الله)

1-Noun (n.) ناو

It is a naming word like names of persons, things, places or ideas.

واتاکەی : وشەیەکی ناو لێنانە وەکو ناوی کەسەکان ، شتەکان ، شوێنەکان یان بیرۆکەکان .

It can be recognized through one of these suffixes

واتاکەی : ئەتوانرێ بناسرێتەوە لە ڕێگای یەکێک لەم پاشگرانە

a-(ment): movement, argument, ailment…etc.

b-(ness): fineness, carelessness, fatness…etc.

c-(age): usage, carriage, marriage, passage…etc.

d-(dom): wisdom, freedom…etc.

e-(tion): fermentation, exclamation, invention, prevention…etc.

f-(sion): conclusion, expansion, mission, division…etc.

g-(ance): clearance, importance, affirmance…etc.

h-(ence): occurrence, influence, difference…etc.

i-(ty): safety, nicety…etc.

j-(th): truth, width, length…etc.

k-(hood): fatherhood, neighbourhood, likelihood…etc.

l-(er): speaker, runner, worker, fisher…etc.

m-(or): actor, sailor, factor…etc.

n-(ar): beggar, cellar…etc.

زۆربەی جار (ناو) لە ڕستەدا ئەم دەورانە دەبینێت

1-Subject (s.) بکەر

بکەر لە سەرەتای ڕستەی (ئەرێ) و (نەرێ) ەوە دێت

Hemn eats lunch with his right hands.

Smoking is bad for health.

The pupils didn’t wear uniform clothes.

Truth will never be hidden.

2-Object (o.) تەواوکەر (مفعول به)

تێبینییەکی زۆر گرنگ : تەواو کەر ئەو شتەیە کە ڕاستەوخۆ لەدوای فرمانی سەرەکی ڕستەوە دێت

I build a house.

(o.)

He made a cake.

(o.)

2-Verb (v.) فرمان (کار)

ئیشێکە (کارێکە) کە ئەنجام دەدرێت لەلایەن بکەرێکەوە یان وتەیەکە کە پەیوەندی بەو بکەرەوە هەیە یان بوونی شتێک دەردەخات ، وە زۆربەی جار فرمان لە دوای بکەرەوە دێت لە ڕستەدا یان لە دوای فرمانی یارمەتی دەر (یاریدەدەر) (auxiliary verb) ەوە دێت لە ڕستەدا

شێوەکانی فرمان کە لەناو ڕستەدا دێن بە یەکێک لەم شێوانەی لای خوارەوە دێن :

(base, base + s, v.ing, v (past), v (p.p))

Ex: The worker → (s.) operates → base + s the generator → (o.)(n.) every night.

Ex: They → (s.) play → base volleyball → (o.)(n.) every week.

Ex: Hemn → (s.) will → auxiliary verb buy → base a car → (o.)(n.) tomorrow.

Ex: Hemn has bought a car.

(s.)   auxiliary verb   v (p.p)   (o.)(n.)

3-Adjective (adj.) :   ئاوەڵناو

ئاوەڵناو وشەیەکە کە باس (وصف) ی ناوێک یان ڕاناو (جێناو) ێک دەکات ، وە هەر گیز ئاوەڵناو ناکرێت بە کۆ (plural) ، وە زۆربەی جار لەدوای فرمانەوە دێت و لەپێش ناوەوە دێت ، وە دەتوانرێ بناسرێتەوە بە هۆی یەکێک لەم پاشگرانەی خوارەوە

-ful: cheerful, careful, beautiful…etc.

-less: careless, painless…etc.

-able: capable, advisable, lovable, valuable…etc.

-ible: permissible, visible, sensible…etc.

-ant: important, vigilant…etc.

-ent: sufficient, influent…etc.

-ic: historic…etc.

-ive: creative, native, permissive…etc.

-some: handsome, tiresome…etc.

-ous: ambiguous, famous, dangerous, courageous…etc.

-ly: lovely, friendly…etc.

-ing: amusing, exciting, charming…etc.

-ed: excited, frightened, abashed…etc.

-y: windy, rainy, cloudy, snowy, shiny, sunny, tiny…etc.

-ish: foolish, childish, selfish…etc.

He is selfish.

I am careful.

We are cheerful.

4- Adverb (adv.) ئاوەڵفرمان (ئاوەڵکار)

We could have a test tomorrow.	We could not have a test tomorrow.	Could you have a test tomorrow?	Yes, we could.	No, we could not.
You must go now.	You must not go now.	Must I go now?	Yes, you must.	No, you must not.
You ought to help them.	You ought not to help them.	Ought we to help them?	Yes, you ought to.	No, you ought not to.

(Since) and (For)

1-وشەی (since) واتا (لە کاتێکی یان ماوەیەکی دیاری کراوی کاتی ڕابردووەوە بۆ کاتی ئێستا) یان واتە (لەو کاتەی) ، هەمیشە بەکاردەهێنرێ لە ڕستەی ڕانەبردووی تەواو (present perfect) و ڕانەبردووی تەواوی بەردەوام (present perfect continuous) دا ، وە لەدوای ئەم وشەوە کاتێکی دیاری کراو و زانراو دێت بۆ نمونە:

(January, Sunday, Monday, March, May, 9 a.m., 1980, 2000, 2001, 2 o'clock, yesterday, last night, last week/ last month/ last year, 1996, last century, winter, spring…etc.)

Examples:

1-I have been working since 9 a.m.

2-I have been living here since 1999.

2-وشەی (for) واتا (ماوەیەکی کاتییە و دیاری نەکراوە) ، وە لەدوای ئەم وشەوە کاتێکی دیاری نەکراو و نەزانراو دێت بۆ نمونە

(an hour, two weeks, ten years, along time, ages, a moment, three minutes, many hours, 3 days/ 5 weeks / 4 months, a year, a century…etc.)

Example:

1-He waited at the airport for three hours.

2-we have been watching T.V. for two hours.

3-I have been looking for you for three years.

Little and Four

1-وشەی (little) واتە کەم یان (a little) واتە کەمێک ، هەمیشە بەدوایدا ناوێکی نەژمێرراو دێت

little + unaccountable noun

a little + unaccountable noun

Examples:

1-a little water or little water

2-a little money or little money

3-a little soup or little soup

2-وشەی (few) واتە کەم یان (a few) واتە کەمێک ، هەمیشە بەدوایدا ناوێکی کۆی ژمێرراو دێت

few + accountable noun

a few + accountable noun

Examples:

1-a few days or few days

2-a few people or few people

3-a few books or few books

فرمانەکانی (بوون ، دەبێت) Verb to be

فرمانەکانی بوون (verb to be) بریتین لە پێنج فرمان کە ئەمانەن (am, is, are, was, were) ، وە فرنەکانی (am, is, are) بۆ کاتی ڕانەبردوو بەکاردەهێنین ، وە هەروەها فرمانەکانی (was, were) بۆ کاتی ڕابردوو بەکاردەهێنین ، وە شێوەی سێیەمی ئەم پێنج فرمانە (past participle) بریتییە لە فرمانی (been) ، وە هەروەها ناو (noun) ی ئەم پێنج فرمانە بریتییە لە فرمانی (being) ، وە فرمانەکانی (am, is) کاتێک دەکرێن بە ڕابردوو دەبن بە (was) ، وە هەروەها کاتێک فرمانی (are) دەکرێت بە ڕابردوو دەبێت بە (were) ، وە فرمانی (am) تەنها لەگەڵ ڕاناو (جێناو) ی (I) بەکاردەهێنرێت ، وە فرمانی (is) لەگەڵ ڕاناوەکانی (he, she, it) و بکەری تاکدا بەکاردەهێنرێت ، وە فرمانی (are) لەگەڵ ڕاناوەکانی (we, you, they) و بکەری کۆدا بەکاردەهێنرێ ، وە فرمانی (was) لەگەڵ ڕاناوەکانی (I, he, she, it) و بکەری تاکدا بەکاردەهێنرێت ، وە فرمانی (were) لەگەڵ ڕاناوەکانی (we, you, they) و بکەری کۆدا بەکاردەهێنرێ ، وە دەگونجێت (دەشێت) ئەم پێنج فرمانە ببنە فرمانی سەرەکی لە ڕستەدا ، وە هەروەها دەتوانن ببن بە فرمانی یاریدەدەر لە ڕستەدا ، وە لەکاتی کردنیان بە نەرێ ئەوا (not) دەخەینەبەردەمیان ، وە بۆ پرسیاری فرمانەکە دەخەینە سەرەتاوە ، وە کاتی ڕانەبردووەکانیان بەکاردەهێنرێ بۆ عادات و ڕاستییە جێگیرەکان ، وە شێوازی ڕابردوویان بەکاردەهێنرێ بۆ شتێک کە بەدەستهاتووە و کۆتایی هاتووە لە ڕابردوودا .

ژمارە	ڕانەبردوو	ڕابردوو	شێوەی سێیەمی فرمان	ناو
1	am	was	been	being
2	is	was	been	being
3	are	were	been	being

کاتێک کە ئەو پێنج فرمانە ببن بە فرمانی سەرەکی ڕستە ئەوا بە شێوەیەکی گشتی یاساکانی بەم شێوانەی لای خوارەوەیە

S. + (verb to be) + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)

S.+(verb to be) + not+(adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)

(verb to be) + S. + +(adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)?

ئەگەر فرمانەکە (am) بێت ئەوا یاساکانی بەم شێوانەی لای خوارەوەیە بۆ ئەرێ و نەرێ و پرسیاری

I + am + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place).

I + am + not + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)

Am + I + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)?

ئەگەر فرمانەکە (is) بێت ئەوا یاساکانی بەم شێوانەی لای خوارەوەیە بۆ ئەرێ و نەرێ و پرسیاری

(He, She, It) + is + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)

(He, She, It) + isn't + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)

Is + (he, she, it) + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)?

ئەگەر فرمانەکە (are) بێت ئەوا یاساکانی بەم شێوانەی لای خوارەوەیە بۆ ئەرێ و نەرێ و پرسیاری

(We, You, They) + are + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)

(We, You, They)+aren't +(adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)

Are + (we, you, they) + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)?

Examples:

1-I am a pupil. (noun) (affirmative)

2-I am not a pupil. (noun) (negative)

3-Am I a pupil? (noun) (interrogative)

4-They are sick. (adj.) (affirmative)

5-They aren't sick. (adj.) (negative)

6-Are they sick? (adj.) (interrogative)

7-It is nine o'clock. (adv. Of time.) (affirmative)

8-It isn't nine o'clock. (adv. Of time.) (negative)

9-Is it nine o'clock? (adv. Of time.) (interrogative)

10-He is there. (adv. Of place.) (affirmative)

11-I am happy. (adj.) (affirmative)

12-You are at school. (adv. Of place.) (affirmative)

13-He is hungry. (adj.) (affirmative)

14-She is a nurse. (noun) (affirmative)

15-It is big. (adj.) (affirmative)

16-I am not sad. (adj.) (negative)

17-You aren't at home. (adv. Of place.) (affirmative)

18-He isn't thirsty. (adj.) (negative)

19-She isn't a pilot. (noun) (affirmative)

20-It is not small. (adj.) (negative)

21-We are early. (adj.) (affirmative)

22-You are students. (noun) (affirmative)

23-They are quiet. (adj.) (affirmative)

24-We aren't late. (adj.) (negative)

25-You aren't teachers. (noun) (negative)

26-They aren't noisy. (adj.) (negative)

27-They are happy. (adj.) (affirmative)

28-Are they happy? (adj.) (interrogative)

29-She is rich. (adj.) (affirmative)

30-Is she rich? (adj.) (interrogative)

تێبینی : دەتوانین وشەی (ain't) بەکاربهێنێن لە جیاتی (am not, is not, are not, have not or has not) کە کورتکراوەی (am not, is not, are not, have not or has not) ن ، بەڵام شێوەیەکی ڕەسمی نییە

Examples:

1-I am not powerless.

2-I ain't powerless.

3-I have not broken the window.

4-I ain't broken the window.

Was and Were

ئەمانەی لای خوارەوە هەندێک یاسان کە پێویستە باش بیان زانین

ئەگەر فرمانەکە (was) بێت ئەوا یاساکانی بەم شێوانەی لای خوارەوەیە بۆ ئەرێ و نەرێ و پرسیاری

(I, He, She, It) + was + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)

(I, he, She, It) + wasn't+ (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)

Was + (I, he, she, it) + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)?

ئەگەر فرمانەکە (were) بێت ئەوا یاساکانی بەم شێوانەی لای خوارەوەیە بۆ ئەرێ و نەرێ و پرسیاری

(You, we, They) + were + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)

(You, we, They)+weren't+(adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)

Were + (you, we, they)+(adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)?

ئەگەر فرمانەکە (was) بێت ئەوا یاساکانی بەم شێوانەی لای خوارەوەیە بۆ شێوەی پرسیاری بەو وشە پرسانەی کە بە (wh-) دەست پێ دەکەن

(Where, Why, When) + was + (I, he, she, it) + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)?

(Who) + was + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)?

ئەگەر فرمانەکە (were) بێت ئەوا یاساکانی بەم شێوانەی لای خوارەوەیە بۆ شێوەی پرسیاری بەو وشە پرسانەی کە بە (wh-) دەست پێ دەکەن

(Where, Why, When) + were + (you, we, they) + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)?

(Who) + were + (adj., noun, adv. Of time, adv. Of place)?

Example:

1-She was a nurse.

2-Was she a nurse?

3-We were huappy.

4-Were you happy?

5-Who were happy?

3-Who was the student?

4-Where were you yesterday?

5-Why was he angry?

تێبینی : بۆ وەڵامی کورت یان کورتە وەڵام (short answers) یاساکانی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

1-ئەگەر وەڵامەکە بە (ئەرێ) بدرێتەوە ئەوا یاساکەی بریتی دەبێت لە:

Yes + subject + (verb to be)

Examples:

1-Are you a teacher?

Yes, I am.

2-Were the boys at school?

Yes, they were.

2-ئەگەر وەڵامەکە بە (نەرێ) بدرێتەوە ئەوا یاساکەی بریتی دەبێت لە :

No + subject + (verb to be) + not.

Examples:

1-Are you a teacher?

No, I am not.

2-Were the boys at school?

Yes, they weren’t.

3-کاتێک کە ئەو پێنج فرمانە ببن بە فرمانی یاریدەدەر (یارمەتی دەر) لە ڕستەدا ئەوا لە دوایانەوە فرمان دێت لەسەر شێوەی بەردەوام (ing) بۆ هەردوو کاتی ڕانەبردووی بەردەوام و ڕابردووی بەردەوام.

Examples:

1-I am studying English now.

2-They were working yesterday.

3-He is playing tennis.

4-He was returning home.

5-The children are watching T.V.

6-Hemn is typing now.

7-we ain't playing football.

Verb to do فرمانەکانی (کردن ، دەکات)

فرمانەکانی کردن (verb to do) بریتین لە سێ فرمان کە ئەمانەن (do, does, did) ، وە فرنەکانی (do, does) بۆ کاتی ڕانەبردوو بەکاردەهێنین ، وە هەروەها فرمانی (did) بۆ کاتی ڕابردوو بەکاردەهێنین ، وە شێوەی سێیەمی ئەم سێ فرمانە (past participle) بریتییە لە فرمانی (done) ، وە هەروەها ناو (noun) ی ئەم سێ فرمانە بریتییە لە فرمانی (doing) ، وە فرمانەکانی (do, does) کاتێک دەکرێن بە ڕابردوو دەبن بە (did) ، وە فرمانی (do) لەگەڵ ڕاناوەکان (جێناوەکان) ی (I, we, you, they) و بکەری کۆدا بەکاردەهێنرێت ، وە فرمانی (does) لەگەڵ ڕاناوەکانی (he, she, it) و بکەری تاکدا بەکاردەهێنرێت ، وە فرمانی (did) لەگەڵ هەموو ناو و ڕاناوەکاندا بەکاردەهێنرێت بەبێ جیاوازی ، وە دەگونجێت (دەشێت) ئەم سێ فرمانە ببنە فرمانی سەرەکی لە ڕستەدا ، وە هەروەها دەتوانن ببن بە فرمانی یاریدەدەر لە ڕستەدا ، وە کاتی ڕانەبردووەکانیان بەکاردەهێنرێ بۆ عادات و ڕاستییە جێگیرەکان ، وە شێوازی ڕابردوویان بەکاردەهێنرێ بۆ شتێک کە بەدەستهاتووە و کۆتایی هاتووە لە ڕابردوودا .

ژمارە	ڕانەبردوو	ڕابردوو	شێوەی سێیەمی فرمان	ناو
1	do	did	done	doing

2	does	did	done	doing

1-کاتێک کە ئەو سێ فرمانە ببن بە فرمانی سەرەکی ڕستە ئەوا یاساکانی بە شێوەیەی لای خوارەوەیە بۆ کاتی ڕانەبردوو و ڕابردوو

(I, We, You, They, بکەری کۆ) + do + noun.

(He, She, It, بکەری تاک) + does + noun.

(هەر بکەرێک بێت) + did + noun.

Examples:

1-I do the work. من ئیشەکە دەکەم

2-She does the work. ئەو (کچ) ئیشەکە دەکات

3-We do the exercises every day.

4-He does the home work by himself.

5-We did our best.

6-They did the work.

2-کاتێک کە ئەو سێ فرمانە ببن بە فرمانی یاریدەدەر (یارمەتی دەر) لە ڕستەدا ئەوا لەگەڵ کاتەکانی ڕانەبردووی سادە و ڕابردووی سادە بەکاردەهێنرێ لە نەرێ و پرسیاری دا

Examples:

1-I don’t go. (present simple, negative)

2-We didn’t see him. (past simple, negative)

3-He doesn’t sleep early. (present simple, negative)

4-She didn’t succeed. (past simple, negative)

5-Do you go? (present simple, interrogative)

6-Did you see him? (past simple, interrogative)

7-Did Ali succeed? (past simple, interrogative)

8-Does Ari play well? (present simple, interrogative)

Verb to have فرمانەکانی (هەبوون ، هەیەتی)

فرمانەکانی کردن (verb to have) بریتین لە سێ فرمان کە ئەمانەن (have, has, had) ، وە فرنەکانی (have, has) بۆ کاتی ڕانەبردوو بەکاردەهێنین ، وە هەروەها فرمانی (had) بۆ کاتی ڕابردوو بەکاردەهێنین ، وە شێوەی سێیەمی ئەم سێ فرمانە (past participle) بریتییە لە فرمانی (had) ، وە هەروەها ناو (noun) ی ئەم سێ فرمانە بریتییە لە فرمانی (having) ، وە فرمانەکانی (have, has) کاتێک دەکرێن بە ڕابردوو دەبن بە (had) ، وە فرمانی (have) لەگەڵ ڕاناوەکان (جێناوەکان) ی (I, we, you, they) و بکەری کۆدا بەکاردەهێنرێت ، وە فرمانی (has) لەگەڵ ڕاناوەکانی (he, she, it) و بکەری تاکدا بەکاردەهێنرێت ، وە فرمانی (had) لەگەڵ هەموو ناو و ڕاناوەکاندا بەکاردەهێنرێت ، وە دەگونجێت (دەشێت) ئەم سێ فرمانە ببنە فرمانی سەرەکی لە ڕستەدا ، وە هەروەها دەتوانن ببن بە فرمانی یاریدەدەر لە ڕستەدا ، وە کاتی ڕانەبردووەکانیان بەکاردەهێنرێ بۆ عادات و ڕاستییە جێگیرەکان ، وە شێوازی ڕابردوویان بەکاردەهێنرێ بۆ شتێک کە بەدەستهاتووە و کۆتایی هاتووە لە ڕابردوودا .

ژمارە	ڕانەبردوو	ڕابردوو	شێوەی سێیەمی فرمان	ناو
1	have	had	had	having
2	has	had	had	having

1-کاتێک کە ئەو سێ فرمانە ببن بە فرمانی سەرەکی ڕستە ئەوا یاساکانی بە شێوەیەی لای خوارەوەیە ، وە لەدوای فرمانەکانی (have, has, had) ەوە ناو دێت یان (a + adj. + n.) دێت یان ئاوەڵناو دێت ، وە بۆ کردنی بە نەرێ ئەوا (not) دەخرێتە سەر فرمانەکانی (have, has, had) و دەبن بە (haven’t, hasn’t, hadn’t).

(I, We, You,They, بکەری کۆ) +have+(n. or (a +adj. + n.) or adj.).

(He, She, It, بکەری تاک) + has + (n. or (a + adj. + n.) or adj.).

(هەر بکەرێک بێت) + had + (n. or (a + adj. + n.) or adj.).

Examples:

1-I have two brothers. (adj.)

2-We have a problem. (n.)

3-He has a headache. (n.)

4-They had a car accident. (n.)

5-I had a bad fever last night. (a + adj. + n.)

2-کاتێک کە ئەو سێ فرمانە ببن بە فرمانی یاریدەدەر (یارمەتی دەر) لە ڕستەدا ئەوا لەگەڵ کاتەکانی ڕانەبردووی تەواو و ڕابردووی تەواودا بەکاردەهێنرێ و لەدوایانەوە فرمان دێت لەسەر شێوەی سێیەمی فرمان واتە (past particile) یان بە کورتکراوەیی (p.p.) .

Examples:

1-I have done the work. (present perfect)

2-She has typed the letter. (present perfect)

3-They had arrived before the game ended. (past perfect)

وە کاتێک بکرێنە پرسیاری یاساکانی بەم شێوانەی لای خوارەوە دەبێت

Do + (I, We, You, They, بکەری کۆ) + have+ (n. or (a +adj. + n.) or adj.)?

Does + (He, She, It, بکەری تاک) + has + (n. or (a + adj. + n.) or adj.)?

Did + (هەر بکەرێک بێت) + have + (n. or (a + adj. + n.) or adj.)?

Examples:

1-Do you have done the work?

2-Does she have typed the letter?

3-Did they have arrived before the game ended?

تێبینی : بۆ وەڵامی کورت یان کورتە وەڵام (short answers) کاتێک فرمانی (have) فرمانی سەرەکی بێت ، ئەوا یاساکانی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

1-ئەگەر وەڵامەکە بە (ئەرێ) بدرێتەوە ئەوا یاساکانی بریتی دەبێت لە:

Yes + (I, we, you, they) + do.

Yes + (he, she, it) + does.

Yes + (any subject) + did.

Examples:

1-Do you have a car?

Yes, I do.

2-Does he have a new watch?

Yes, he does.

3-Did they have a new watch?

Yes, they did.

2- ئەگەر وەڵامەکە بە (نەرێ) بدرێتەوە ئەوا یاساکانی بریتی دەبێت لە:

No + (I, we, you, they) + don’t.

No + (he, she, it) + doesn’t.

No + (any subject) + didn’t.

Examples:

1-Do you have a car?

No, I don’t.

2-Does he have a new watch?

No, he doesn’t.

3-Did they have a new watch?

No, they didn’t.

تێبینی : بۆ وەڵامی کورت یان کورتە وەڵام (short answers) کاتێک فرمانی (have) فرمانی یاریدەدەر بێت ، ئەوا یاساکانی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

1-ئەگەر وەڵامەکە بە (ئەریّ) بدرێتەوە ئەوا یاساکانی بریتی دەبێت لە:

Yes, (I, we, you, they) + have.

Yes, (he, she, it) + has

Examples:

1-Have they lived here for a long time?

Yes, they have.

2-Has he lived here for a long time?

Yes, he has.

2-ئەگەر وەڵامەکە بە (نەریّ) بدرێتەوە ئەوا یاساکانی بریتی دەبێت لە:

No, (I, we, you, they) + haven’t.

No, (he, she, it) + hasn’t.

Examples:

1-Have they lived here for a long time?

No, they haven’t.

2-Has he lived here for a long time?

No, he hasn’t.

بەکارهێنانەکانی (verb to have) لە چەند خاڵێکدا:

1-بەکاردەهێنرێ بۆ گوزارشت کردن (تعبیر) لە پێویستییەک لەکاتی ڕانەبردوو و ڕابردوودا بە بەکارهێنانی (have to, has to, had to)

Examples:

1-I have to leave now.

2-He has to leave now.

3-They had to leave now.

2-لەگەڵ هەندێک فرمانی ناتەواو (ناقص) دا بەکاردەهێنرێ وەکو (had better) کە یاساکەشی دەنوسم لە خوارەوە

Subject + had better + base. (had better یاسای)

Example:

You had better see a doctor.

3-بۆ ڕوون کردنەوەی شتێک کەوا بەدەست دێت بەهۆی شتێکی ترەوە

Example:

I have my shoes cleaned every week.

بەکارهێنانەکانی very, too and enough

1-وشەی (very) واتا (زۆر) ، وە واتایەکی ئەرێ یان نەرێی هەیە و یاساکەشی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

very + adjective

Examples:

1-The coffee is very hot, but I can drink it.

2-He is very young.

3-The tree is very high.

2-وشەی (too) واتا (زۆر) ، واتا زۆرتر لەوەی کە پێویستە ، وە مانایەکی نەرێی هەیە ، وە یاساکانیشی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

too + adjective

too + adjective + to + infinitive

too + adjective + for someone + infinitive

Examples:

1-The coffee is too hot to drink.

2-The coffee is too hot for me to drink.

3-I am too short to play basketball.

4-It is too cold for us to swim.

5-This tea is too hot. I can't drink it.

too + adverb

Example:

He drives too fast. It is dangerous.

too much + ناوی نەژمێرراو

Example:

This food is very sweet. It has too much sugar.

too many + ناوی ژمێرراو

Example:

The class has too many students. Some of them don't have desks.

3-وشەی (enough) واتا (تەواو) ، واتا بەشی دەکات و بەشکردووە و تەنها ئەوەندەیە کە پێویستە ، وە یاساکانیشی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە

1-adjective + enough + to + infinitive

2-adjective + enough + for someone + to + infinitive

3-adjective + enough + for someone

Examples:

1-The coffee is hot enough to drink.

2-The coffee is hot enough for me to drink.

3-He is strong enough to climb the wall.

4-It is cheap enough to buy.

5-It is good enough for me.

6-He is very tall. He is tall enough to reach the top shelf.

4-adverb + enough + to + infinitive

Example:

She is a fast runner and I am too. I am fast enough to run with her.

5-enough + noun

Example:

He has enough money to buy a new car.

Reported Speech (الكلام المنقول) شێوازەکانی گێڕانەوەی قسە

ئەم جۆرە لە ڕستە پێی دەوترێ وتەی ناڕاستەوخۆ ، وە چوار جۆر لە وتەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەیە :

1-Statement ڕستەی خەبەری

2-Question پرسیار

3-Command داوا کردن

4-Exclamation سەرسوڕمان

1-Statement ڕستەی خەبەری

بکەر + (said that, told me that) + بکەر + فرمانی ڕابردوو + com.

بۆ گۆڕینی ڕستەی خەبەری لە وتەی ڕاستەوخۆ (direct) وە بۆ وتەی ناڕاستەوخۆ (reported) پێویستە ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە بنێین:

1-ناوەکە یان ڕاناوەکە دادەنێین ، پاشان فرمانی (said) .

2-ئامرازی پێکەوە بەستنی (that) دادەنێین ، وە دەشتوانین پێویستمان پێی نەبێت و لای بەرین.

3-ڕاناوەکان دەگۆڕین بەپێی واتا ، وە گرنگترین ڕاناوەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

ڕاناوەکە پێش گۆڕینی	ڕاناوەکە دوای گۆڕینی دەبێت بە
I	he, she
my	his, her
our	their
we	they

4-کاتەکان دەگۆڕین بۆ نمونە:

پێش گۆڕینی کاتەکە	دوای گۆڕینی کاتەکە
present	past
past	past perfect

5-هەندێک وشە دەگۆڕین ئەگەر هەبوو وەک ئەمانەی لای خوارەوە:

پێش گۆڕینی	دوای گۆڕینی دەبێت بە
now	then
here	there
last night	the night before
this	that
yesterday	the day before
tomorrow	the following day

ئەمانەی لای خوارەوەش هەندێک نمونەن لەسەر ڕستەی خەبەری و گۆڕینی بۆ ناڕاستەوخۆ

I live in Riyadh.	He said that he lived in Riyadh.
We are happy.	They said that they were happy.

She said: "I have not been in the school library recently"	She said that she had not been to the school library recently.
He said to me: "I shall see you tomorrow"	He told me that he would see me the next day.
I am quite interested in tennis.	She told me that she was quite interested in tennis.
I often watch it on T.V.	He said that he often watch it onT.V.
I will go to Piramagroon.	He said he would go to Piramagroon.

تێبینی : ئەگەر خاڵ (نقطة) (.) هەبوو لەنێوان دوو ڕستەدا ئەوا لە جێگای ئەو خاڵە بڕگەی (and added that):دادەنێین بۆ نمونە

They said to him: "We shall see you tomorrow. We shall visit Ahmed".

They told him that they should see him the next day and added that they should visit Ahmed.

تێبینی : ئەگەر وتەی (say) یان (says) هەبوو لە ڕستەیەکدا ئەوا وەکو خۆی دەینوسینەوە و کاتی ڕستەکە ناگۆڕێت بەڵکو تەنها ڕاناوەکان دەگۆڕێن بۆ نمونە:

1-She says: "I will cook the food tomorrow".

She says that she will cook the food tomorrow.

2- We say: "We are playing football now".

We say that we are playing football now.

2-Question پرسیار

بۆ گۆڕینی پرسیار لە وتەی ڕاستەوخۆوە بۆ وتەی ناڕاستەوخۆ ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە دەنێین:

1-فرمانی (asked) کاتی ڕستەکە دیاری دەکات وەک لای خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

پێش گۆڕینی کاتەکە	دوای گۆڕینی کاتەکە
present	past
past	past perfect

2-ئەگەر پرسیارەکە بە وشەی پرس کرابوو ئەوا هەمان وشە پرسەکە دەنوسینەوە وەکو ئامرِازی بەیەکەوە بەستن.

3-ڕستە پرسیارییەکە دەکەین بە ڕستەی خەبەری و بکەر دەچێتە پێش فرمانە یاریدەدەرەکەوە.

4-تێبینی گۆڕینی هەندێک ڕاناو دەکەین بەپێی ماناکەی لە ڕستەدا.

"What is your name?"	He asked me what my name was.
"Why are you late?"	The teacher asked me why I was late.
"Where is your book?"	He asked me where my book was.

تێبینی : وشەی (if) بەکاردەهێنین وەک ئامرِازی بەیەکەوە بەستن بۆ ئەو پرسیارانەی کە بە وشەی پرس دەست پێناکەن بۆ نمونە:

1-"Is your school very large?"

-He asked me if my school was very large.

2-"Did Ahmed buy a new car?"

-Ali asked me if Ahmed had bought a new car.

تێبینی : ئەگەر پرسیارەکە دەستی پێکردبوو بە (do) یان (does) یان ئەو دوانەی تیادابوو ئەوا لایان دەبەین و کاتی ڕستەکەش دەگۆڕین بۆ ڕابردووی سادە بۆ نمونە:

1-"Where do you live?"

-He asked me where I lived.

2-"Does he go to school?"

-I asked him if he went to school.

تێبینی : ئەگەر پرسیارەکە دەستی پێکردبوو بە (did) یان (did) ی تیادابوو ئەوا لای دەبەین و کاتی ڕستەکەش دەگۆڕین بۆ (had + past participle) بۆ نمونە:

1-"Where did you go yesterday?"

-Sami asked me where I had gone the day before.

تێبینی : ئەگەر لە پرسیارەکەدا وشەی (ask) یان (asks) مان بەکارهێنا بۆ کاتی ڕانەبردوو ئەوا کاتی ڕستەکەش ناگۆڕین و تەنها ڕاناوەکان دەگۆڕین بۆ نمونە:

1-"Who is your English teacher?"

-They ask me who my English teacher is.

2-"What are your marks?"

-He asks me what my marks are.

3-Command داوا کردن (فەرمان کردن)

بۆ گۆڕینی ڕستەی داواکاری (فەرمان کردن) لە ڕاستەوخۆوە بۆ ناڕاستەوخۆ ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە دەنێین:

1-ئەمانەی لای خوارەوە جێبەجێ دەکەین ئەگەر هەبوو:

أ-فەرمانی کرد (ordered) بەکاردەهێنین ئەگەر وتەکە مەبەستی فرمان کردن بوو.

ب-تکایکرد (begged) بەکاردەهێنین ئەگەر وتەکە مەبەستی تکا کردن و داوا لێکردن بوو.

ت-ئامۆژگاری کرد (advised) بەکاردەهێنین ئەگەر وتەکە مەبەستی ئامۆژگاری کردن بوو.

ث-پێی وت یان هەواڵی پێدا (told) بەکاردەهێنین

2-کەوانە کراوەکان (أقواس المفتوحة) بسڕەوە و لایان بەرە و وشەی (to) دابنێ لەپێش فرمانەکەوە.

3-هەردوو وشەی (please, do) لاببە و بیان سڕەوە لە ڕستەکەدا ئەگەر هەبوو.

4-هەندێک وشە و ڕاناو بگۆڕە بەپێی مانا هەروەک باسکرا لە ڕستەی خەبەریدا.

بکەر + (told, asked, promised, advised, invited, offered, wanted) + (me, us) + to + base + com. ئەرێ

بکەر + (told, asked, promised, advised, invited, offered, wanted) + (me, us) + not to + base + com. نەرێ

وتەی ڕاستەوخۆ	وتەی ناڕاستەوخۆ
Study hard.	He advised me to study hard.
Don't play with fire. (the teacher advised me….)	The teacher advised me not to play with fire.
He said to the servant: "bring me a glass of water."	He ordered the servant to bring him a glass of water.
The son said to his father: "please, give me some money".	The son begged his father to give him some money.
The doctor said to me: "Drink a lot of water".	The doctor advised me to drink a lot of water.

He said to me: "Do not go to the market tonight".	He told me not to go to the market that night.

4-Exclamation سەرسوڕمان

بۆ گۆڕینی وتەی ڕاستەوخۆ کە شێوازی سەرسوڕمانی تێدایە بۆ وتەی ناڕاستەوخۆ پێویستە ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە بنێین:

1-وشەی سەرسوڕمان بسڕەوە و لە شوێنیدا وشەیەک بنوسە کە واتای سەرسوڕمانەکە دەگەیەنێت وە ئەو وشانەی کە پێویستە لایان بەرین بریتین لە:

With regret, with joy, with anger, with sadness, with admiration

2-کەوانەکان لابەرە و وشەی (that) دابنێ.

3-هەندێک وشە و ڕاناو بگۆڕە بەپێی مانا هەروەک باسکرا لە ڕستەی خەبەریدا.

تێبینی : وشەی سەرسوڕمان یان وشەیەکی پرسە کە مانای سەرسوڕمان دەگەیەنێت وەکو (how, what) وە بەوە دەناسرێتەوە کە بۆ مەبەستی سەرسوڕمان بەکارهاتووە چونکە نیشانەی سەرسوڕمان لە کۆتایی ڕستەکەدایە کە بریتییە لە (!) ، یان بەهۆی خودی وشەی سەسوڕمانەوە دەیناسینەوە کە مەبەستی پێ سەرسوڕمانە وەکو (Alas, Hurrah, Oh) وە نیشانەی سەرسوڕمان ڕاستەوخۆ لەدوای خودی وشەی سەرسوڕمانەوە دێت کە بریتتیە لە (!) .

ڕاستەوخۆDirect	ناڕاستەوخۆ Indirect
He said: "Alas! I will not find my money".	He said with sorrow that he would not find his money.
He said: "How foolish I have been!"	He said with regret that he had been foolish.

Classification/kælsifikeiʃn/ (n) پۆلێن کردن، تصنيف /كلاسيفيكەيشن/

Classify/kælsifai/ (v) پۆلێن دەكات /كلاسيفاى/

چەند یاسایەکمان هەیە کە بەکاریان دەهێنین بۆ پۆلێن کردنی شتەکان بۆ چەند لقێک ، بۆ نمونە ئاوەکان دابەش دەبن بۆ چەند بەشێک وەکو ئاوی شیرین و ئاوی سوێر ، وە زۆر شتی تریش .

1-We can classify (divide) + ناو + into + ژمارە + types + لقەکان

2-There are + ژمارە + types of + ناو + لقەکان

3- ناو + can be classified (divided) + into + ژمارە + kinds+ لقەکان

4- ناو + fall (s) +into + ژمارە + types + لقەکان

5- ناو + have (has) + ژمارە + divisions + لقەکان

6- ناو + is (are) + classified (divided) + into + ژمارە + types+ لقەکان

7- لقەکان + can be classified as (under) + ناوی گروپ

تێبینی /

1-ئەگەر (ناو) ەکە لە دوای وشەی (classify) هات لە پرسیارەکەدا ئەوا بە شەش یاسای یەکەم شیکاری دەکەین .

2-ئەگەر (ناو) ەکە لە دوای وشەی (classify) نەهات بەڵکو لقەکان هاتبوون ئەوا بە یاسای حەوتەم شیکاری پرسیارەکە دەکەین یان ئەگەر کۆمەڵێک ناو (لق) ت بداتێ و بڵێت بیگێڕەوە بۆ گروپە سەرەکییەکەی ئەوا تەنها بە یاسای ژمارە (7) شیکاری دەکەین .

3-بۆ یاسای ژمارە (4) ئەگەر ناوی پۆلێن کراو تاک بوو ئەوا (falls) بەکاربهێنە ، بەڵام ئەگەر ناوی پۆلێن کراو کۆ بوو ئەوا وشەی (fall) بەکار بهێنە .

4-بۆ یاسای ژمارە (5) ئەگەر ناوی پۆلێن کراو تاک بوو ئەوا (has) بەکاربهێنە ، بەڵام ئەگەر ناوی پۆلێن کراو کۆ بوو ئەوا وشەی (have) بەکار بهێنە .

5-بۆ یاسای ژمارە (6) ئەگەر ناوی پۆلێن کراو تاک بوو ئەوا (is) بەکاربهێنە ، بەڵام ئەگەر ناوی پۆلێن کراو کۆ بوو ئەوا وشەی (are) بەکار بهێنە .

6-دەتوانین لە یاساکاندا لە جیاتی وشەی (classify) وشەی (divide) بەکاربهێنین .

7-دەتوانین لە یاسای ژمارە حەوت لە جیاتی وشەی (as) وشەی (under) بەکار بهێنین .

8-دەتوانین لە جیاتی وشەی (types) وشەی (kinds) یان (sorts) بەکار بهێنین کە بە مانای (جۆر – نوع-) دێت .

9-دەشێت (دەگونجێت) لە جیاتی وشەی (ژمارە) لە یاساکاندا وشەی (several) بەکاربهێنین بە مەرجێک ژمارەکە لە (دوو) زیاتر بێت ، واتە مەرج نییە وشەی (several) بەکار بهێنین بەڵکو دەڵێین دەتوانین بەکاری بهێنین .

10-وشەکانی وەکو (geometry , furniture , engineering) وەکو ناوێکی تاک حسابیان بۆ دەکین چونکە نەژمێرراون و ڕاناوەکەیان دەبێت بە (it) .

11-ئەگەر لە پرسیارەکەدا نەی وتبوو بە چی یاسایەک شیکاری بکە ، ئەوا خۆت بە یاسایەک لە یاساکان شیکاری بکە کە لەگەڵ شێوەی نمونەکەدا دەگونجێت .

هەندێک نمونە لەسەر پۆلێن کردن :

Examples:

1-classify angles. Use the prompt (right, acute and obtuse)

- پۆلێنی گۆشەکان بکە . بەکاری بهێنە (وەستاو ، تیژ ، کراوە) ، گۆشەکان بریتییە لە (ناو) ەکە کە لە یاساکاندا ئاماژەی پێکراوە ، پاشان ئەو سێ گۆشەیەی کە دراون لەناو کەوانەکەدا بریتین لە لقەکان وە ژمارەی لقەکان بریتین لە سێ دانە .

-We can classify angles into three types: right, acute and obtuse.

-There are three types of angles: right, acute and obtuse.

-Angles can be classified into three types: right, acute and obtuse.

-Angles fall into three types: right, acute and obtuse.

-Angles have three divisions: right, acute and obtuse.

-Angles are classified into three types: right, acute and obtuse.

-Classify the following words into their group (ships): steamers, destroyers and carriers.

2-Classify shaving machines into battery, electrical. Begin with: we…………………………..

-We can classify shaving machines into two sorts: battery and electrical.

ئەم نمونەیە تەنها بە یاسای حەوتەم شیکار دەکرێت چونکە داوات لێدەکات کە بیانگێڕیتەوە بۆ گروپەکەی وە بەم شێوەیەی لای خوارەوە شیکار دەکرێت :

- Steamers, destroyers and carriers can be classified as ships.

تێبینی : یاسای (subdivided) کاتێک دەتوانین بەکاری بهێنین کە ئەگەر لەناو یەک کرداری پۆلێن کردندا هەنگاوی پۆلێن کردنی دووەم و سێیەم هەبێت .

Ex: show the classification of English sounds: vowels and consonants.

Vowels: pure and diphthongs

Consonants: voiced and voiceless

ئەم نمونەیەی سەرەوە پێکهاتووە لە پۆلێن کردن وە لەناو پۆلێن کردنەکەشدا پۆلێن کردنی دووەم و سێیەم هەیە کەواتە بە یاسای (subdivided) شیکاری دەکەین ، وە پۆلێنی یەکەم

بە یەکێک لە (شەش) یاساکان شیکاری دەکەین بەڵام پۆلێنی دووەم و سێیەم بە یاسای (subdivided).

-We can classify English sounds into two types: vowels and consonants.

-Vowels are subdivided into pure and diphthongs.

-Consonants are subdivided into voiced and voiceless.

-یاسای (according to) واتا (بەگوێرەی) یان (بەپێی) وە بە عەرەبیش واتا (حسب) : ئەم یاسایە بەکاردەهێنرێ بۆ پۆلێن کردن ئەگەر هاتوو لە پرسیارەکەدا وشەی (according to) هەبوو یان لە ڕێگای مانای پرسیارەکەوە دەبێت بیزانین ، لەم حاڵەتەدا کە ناوە سەرەکییەکە پۆلێن دەکرێ (ژمارە) مان نابێت چونکە ناوەکە پۆلێن دەبێت بۆ چەند شتێکی جیاواز لە یەکتری ، وە هەروەها بە هەموو یاساکان شیکار ناکرێت چونکە لەگەڵ هەموو یاساکان مانا نابەخشێت و مانادار نییە ، وە تەنها دەتوانین لەگەڵ ئەم سێ یاسایە بەکاری بهێنین :

1- We can classify + ناو + according to + لقەکان.

2- ناو + can be classified according to + لقەکان.

3- ناو + are classified according to + لقەکان.

Examples:

1-classify books according to authors and titles.

-We can classify books according to authors and titles.

-Books can be classified according to authors and titles.

-Books are classified according to authors and titles.

2-Use (according to) to classify internets into models and prices.

-We can classify internets according to models and prices.

-دەشێت (دەگونجێت) (division) یان (subdivision) بەپێی ئەم یاسایەی خوارەوە بەکاربهێنین :

ناوی سەرەکی + of + is a division (subdivision) + ناوی پۆلێن کراو (لقێک)

تێبینی / بەکارهێنانی (subdivision) بۆ پۆلێن کردن وەکو یاسای (subdivided) وایە بۆ پۆلێنی دووەم (هەنگاوی دووەم لەناو یەک هەنگاوی پۆلێن کردندا) ، وە هەندێک جاریش پرسیارەکە دەستنیشانی دەکات .

Ex: Show the classification of the scientific branch of secondary schools. Use (division).

-A scientific branch is a division of secondary school.

Ex: What is a voiced consonant? (Classification – use – subdivision).

-A voiced consonant is a subdivision of English sounds.

- ئەم نمونەیەی سەرەوە ناوە سەرەکییەکەی نەداوە پێویستە خۆت بزانیت کە دەنگی (نەبزوێنی دەنگدار (ئاوازدار)) لقێکە لە لقەکانی دەنگەکانی زمانی ئینگلیزی .

تێبینی / لەوانەیە پرسیار لە تاقیکردنەوە بێتەوە خۆی بە یاسایەک پرسیارەکەی شیکار کردبێت بە یەکێک لە یاساکان و داوا لە تۆ بکات بە یاسایەکی تر شیکاری بکەیت بۆ نمونە :

-Complete the following sentences in such a way that each new sentence means the same as the sentence before it:

Ex: Script falls into two types: print and cursive.

-There are ....

-There are two types of script: print and cursive.

Ex: We can classify lines into four types.

-Lines ....

-Lines can be classified into four types.

- هەندێک نمونەی بەکەلۆری و هی تر و شیکارەکانیان لەسەر بابەتی (classification) .

1-Classify furniture into: bed, chair and table.

-We can classify furniture into three types: bed, chair and table.

2-Show the classification of aeroplanes.

-Aeroplanes: civil and military.

-Military: bombers, fighter-bombers and transports.

-Aeroplanes fall into two types: civil and military.

-Military are subdivided into three types: bombers, fighter-bombers and transports.

3-Explain the classification of "bank accounts " deposit and current.

-There are two types of bank accounts: deposit and current.

4-Classify winter sport competitions into: skiing, skating, and ice-hockey.

-Winter sport competitions are classified into three kinds: skiing, skating and ice-hockey.

5-Show the classification of sounds: vowels and consonants.
Consonants: voiced and voiceless.

-Sounds have two divisions: vowels and consonants.

-Consonants are subdivided into voiced and voiceless.

6-Show the classification of cars according to prices and models.

-We can classify cars according to prices and models.

7-Classify geometry into plane and solid.

-Geometry can be classified into two sorts: plane and solid.

8-Classify watches: (Use the prompts: price and model).

-Watches are classified into two types: price and model.

9-Classify flowers: wild and garden. (Use: fall).

-Flowers fall into two types: wild and garden.

10-Classify typewriters, pens, pencils as writing implements.

-Typewriters, pens and pencils can be classified as writing implements.

11-Use (according to) to classify computers. Use the prompt (qualities, models, prices).

-We can classify computers according to qualities, models and prices.

12-Use fall to classify water (salty, fresh).

-Water falls into two types: salty and fresh.

13-Classify cars according to price. Use (can) and the prompts (expensive and cheap).

-We can classify cars according to expensive and cheap.

14-Classify accommodation. Use "the prompts (houses, flats and rooms". Begin your answer with : there……

-There are three types of accommodation : houses, flats and rooms.

15-Wecan classify lines into three groups. Use : there….

-There are three groups of lines.

16-Classify shoes into rubber, leather.

-We can classify shoes into two types: rubber and leather.

17-Classify heaters into electrical, kerosene.

-We can classify heaters into two types: electrical and kerosene.

Introduction پێناساندن

ئەم بابەتە دەبێت بە سێ بەشەوە :

1-Informal introduction پێناساندنی نارەسمی

2-Formal introduction پێناساندنی ڕەسمی

3-Self introduction خۆ پێناساندن

1-Informal introduction پێناساندنی ڕەسمی

ئەم جۆرە پێناساندنە بەزۆری لەنێوان هاوڕێ و کەسی نزیک لە یەکتر ڕوودەدات ، بە گشتی ئەم جۆرە وشانە لەم جۆرە پێناساندنەدا بەدی دەکرێ :

(friend, father, brother, sister, cousin, uncle…etc.)

یاساکەشی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە :

کەسی دووەم + I'd like you to meet + کەسی یەکەم . کەسی یەکەم + this is + کەسی دووەم.

Example:

1-Introduce your friend Aram to your brother Ari.

Ari, I'd like you to meet my friend Aram. Aram this is my brother Ari.

2-Introduce your friend nephew Ari to Hozan.

-Hozan, I'd like you to meet my nephew Ari. Ari this is my nephew Ari.

لە وەڵامیشدا دەڵێین :

Hello. Glad to meet you.

Hello. Glad to meet you.

2-Formal introduction پێناساندنی ڕەسمی

ئەم شێوەیە جیاوازە لە شێوەی ناڕەسمی ، جۆرێک لە ڕەسمی دەگرێتە خۆی ، بەزۆری لەنێوان کەسانێکدا ڕوودەدات کە پلەی وەزیفییان هەبێت ، وە لە پرسیارەکەدا کورتکراوەی وەکو Miss., Mrs., Mr. بەدی دەکرێ ، یان لە پرسیارەکەدا وشەی وەکو assistant, headmaster, accountant, manager ی تێدایە ، یان لە ڕێگای شوێنە ڕەسمییەکانەوە دەناسرێتەوە وەکو office, ministry, bank .

کەسی دووەم + may I introduce + کەسی یەکەم ? کەسی یەکەم + this is + کەسی دووەم.

Example:

You are a manager. Introduce your assistant Dara to Mr. John.

Mr. John may I introduce my assistant Dara Ahmad? Dara Ahmad this is Mr. John.

لە وەڵامیشدا دەڵێین :

How do you do + ناو .

How do you do + ناو .

3-Self introduction خۆ پێناساندن

هەندێک جار لە پرسیاردا داوات لێدەکرێ کە خۆت بناسێنیت بە خەڵکی تر بەبێ ئەوەی کەسی سێیەم لەنێوانتاندا هەبێت ، وە ئەم جۆرە خۆپێناساندنە دەناسرێتەوە بەهۆی بڕگەی (Introduce yourself) .

یاساکەی :

May I introduce myself ? My name is + ناو .

Example:

1-Introduce yourself to a foreign journalist. (your name is daban)

May I introduce myself? My name is daban.

2-Your name is Rebar. How will you introduce yourself to an Italian post office master?

-May I introduce myself? My name is Rebar.

Other examples:

1-How would you respond to this statement?

Ali says , this is my friend Omer.

Hello. Glad to meet you. Or Hello sara. Glad to meet you.

تێبینی : بڕگەی (you are introduced) واتە تۆ دەناسێنرێیت ، لەم حاڵەتەدا پێناساندن تەواو بووە ، داواکارییەکە بریتییە لە وەڵامی پێناساندنەکە جا چ بە ڕەسمی بێت یان بە نارەسمی ، وە ئەویش لە پرسیارەکەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەسمییە یان نارەسمییە.

Example:

You are introduced to someone at the ministry.

How would you respond?

لەم پرسیارەدا وشەی (ministry) هەیە واتە (وەزارەت) ئەویش شوێنێکی ڕەسمییە ، بۆیە دەبێت بە ڕەسمی وەڵام بدەیتەوە ، وە لێرەدا ناوی ئەو کەسەی نەهێناوە کە تۆ پێی دەناسێنرێیت ، لەبەرئەوە لەکۆتایی وەڵامەکەدا ناوی کەسەکە نانوسرێ ، بەڵام ئەگەر تۆ بە کەسێک ناسێنرایت و ناوی کەسەکە ئاماژەی بۆ کرابوو ، ئەوە دەبێت لەکۆتایی وەڵامەکەدا ناوی کەسەکە دەنوسینەوە.

How do you do.

Example:

-What will you say if you are introduced to Dana?

-How do you do Dana.

Other examples:

1-What do you say if you want to introduce Safeen to Salar?

-Salar, I'd like you to meet safeen. Safen, this is salar.

2-What do you say when you meet someone you don't know?

دەتوانین بەم شێوەیە وەڵام بدەینەوە :

-Hello.

وە دەتوانین بەم شێوەیەی تریش وەڵام بدەینەوە :

-Hello. Glad to meet you.

3-What do you say when you are introduced to Mr. Ali?

-How do you do Mr. Ali.

4-Introduce the accountant to Mr. Ahmad.

Mr. Ahmad, may I introduce the accountant? The accountant, this is Mr. Ahmad.

وە باشتر وایە وەڵامەکە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بنوسین :

Mr. Ahmad, may I introduce Ali, the accountant? Ali, this is Mr. Ahmad.

5-You have got a new job as an accountant in an office, introduce yourself to a manager. Your name is Ahmad Zeki.

-May I introduce myself? My name is Ahmad Zeki.

6-What do you say when you are introduced to someone at the office?

-How do you do.

7-Introduce your clerk Noori to your visitor Mr. Hadi, the famous writer.

- Mr. Hadi, the famous writer, may I introduce my clerk Noori? My clerk Noori, this is Mr. Hadi, the famous writer.

8-Introduce one friend to another at a party.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە خۆمان دوو ناو هەڵبژێرین بۆ تەواو کردنی وەڵامەکە بەم شێوەیەی لای خوارەوە :

-Hemn, I'd klie you to meet Ziyad. Ziyad, this is hemn.

9-You are introduced to someone in a bank. What would you say to him?

-How do you do.

10-Introduce the clerk Mr. Noori to the new headmaster.

لەم نمونەیەدا پێویستە ناوێک بۆ (the new headmaster)دابنێین بۆ ئەوەی وەڵامەکەمانی پێ تەواو بکەین ، وە گریمان ناوی (Harem) ە .

-Harem, may I introduce Mr. Noori? Mr. Noori, this is Harem.

11-Your name is Haval. Introduce yourself to a stranger.

-May I introduce myself? My name is Haval.

12- Your name is Farhang. Introduce yourself to Spanish engineer.

-May I introduce myself? My name is Farhang.

13-You have been introduced to a new colleague named Avan. What would you say?

لەم نمونەیەدا پێویستە واتای (colleague) بزانین کە واتای (هاوڕێ) یە ، وە ئەمەش پێناساندنی نارەسمییە و بەو شێوەیەی لای خوارەوە شیکار دەکرێ .

-Hello. Glad to meet you. Or Hello Avan. Glad to meet you.

14-If you introduced Ari to Ali, what would they say to each other?

Hello. Glad to meet you.

Hello. Glad to meet you.

14-If you introduced Safeen to Ari, what would they say to each other?

Hello. Glad to meet you.

Hello. Glad to meet you.

Greeting سڵاو کردن

ئەم بڕگانەی لای خوارەوە بەکاردەهێنین بۆ مەبەستی سڵاو کردن :

1-سڵاوی بەیانی : ئەم سڵاوە لە کاتژمێر (12:00 a.m.) ەوە تاوەکو کاتژمێر (11:59 a.m.) بەکاردەهێنرێ و یاساکەشی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە :

-Good morning.

-Good morning. وەڵامەکەی هەمان شتە

2-سڵاوی پاش نیوەڕۆ : ئەم سڵاوە لە کاتژمێر (12:00 p.m.) ەوە تاوەکو کاتژمێر (4:59 p.m.) بەکاردەهێنرێ و یاساکەشی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە :

-Good afternoon.

-Good afternoon. وەڵامەکەی هەمان شتە

3-سڵاوی ئێوارە یان شەو : ئەم سڵاوە لە کاتژمێر (5:00 p.m.) ەوە تاوەکو کاتژمێر (11:59 p.m.) بەکاردەهێنرێ و یاساکەشی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە :

-Good evening.

-Good evening. وەڵامەکەی هەمان شتە

تێبینی : ئەگەر بتەوێ سڵاو لە کەسێک بکەیت لە کاتژمێر (12:00 a.m.) ئەوا پێویستە بڵێیت (good morning) هەرچەندە شەویش بێت ، وە ئەم سڵاوە درێژترین ماوەی هەیە کە (12) کاتژمێرە.

تێبینی : ئەگەر بتەوێ سڵاو لە کەسێک بکەیت بەڵام کاتەکەی دیار نەبێت و ئاماژە بەکات نەکرابێت ، ئەوا یاساکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە :

-Hello.

-Hello. وەڵامەکەی هەمان شتە

Example: What do you say if you want to greet a close friend?

-Hello.

تێبینی : وشەی (supper) واتا (last meal of the day) واتا (ژەمی کۆتایی ڕۆژ) یان (نانی ئێوارە یان شەو) ، وشەی (supper) وەکو وشەی (dinner) ڕەسمی نییە ، وە ئەوەی

گرنگ بێت بۆ تۆ بۆ سڵاو کردن لەم کاتەدا ئەوەیە کە پێویستە (good evening) بەکاربهێنین بۆ نمونە :

Example: Greet your brother at supper time.

-Good evening.

Other examples:

1-Greet someone at night.

-Good evening.

2-Greet your friend in the evening.

-Good evening.

3-Greet your friend at night.

-Good evening.

4-Greet your neighbour at supper time.

-Good evening.

Starting Conversation دەستکردن بە گفتوگۆ

دەستکردن بە گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکانێک کە لەوانەیە پێشتر نەمان ناسیبن ، ئەوا پێویستە ئەم بڕگانەی لای خوارەوە بەپێی پێویست بەکاربهێنین.

تێبینی : بڕگەکان بریتین لە وەڵامی پرسیارەکان ، ئەویش بە مەبەستی ئەوەی بزانیت چۆن لە تاقیکردنەوە پرسیار لەسەر بڕگەکان دێتەوە.

1-Starting a conversation asking about seat. پرسیارکردن لە جێگای دانیشتن

-Is this seat taken? ئایا ئەم جێگایە گیراوە ؟

تێبینی : ئەم بڕگەیەی سەرەوە بەکاردەهێنرێ لە شوێنە گشتییەکان ئەویش بۆ پرسیار کردن لە جێگایەکی بەتاڵ وەکو ئەم شوێنانەی لای خوارەوە :

(bus, cinema, theatre…etc.)

2-Starting a conversation talking about weather. گفتوگۆکردن لەسەر کەش وهەوا

تێبینی : ئەگەر کەش و هەوا خۆش بێت ئەوا ئەم یاسایەی لای خوارەوە بەکاردەهێنین:

-Such a + ئاوەڵناو + weather, isn't it?

تێبینی : ئەگەر کەش و هەوا ناخۆش بێت ئەوا ئەم یاسایەی لای خوارەوە بەکاردەهێنین:

-ئاوەڵناو + weather, don't you think?

تێبینی : ئەم ئاوەڵناوانەی لای خوارەوە بەکاردەهێنین بۆ کەش و هەوای خۆش:

(sunny, beautiful, wonderful, fine, good, nice, lovely…etc.)

تێبینی : ئەم ئاوەڵناوانەی لای خوارەوە بەکاردەهێنین بۆ کەش و هەوای ناخۆش:

(dreadful, bad, rainy, horrible, cloudy, dismal, stormy, hot, cold, terrible…etc.)

3-Starting a conversation asking about the time. پرسیارکردن لە کات

-Excuse me, could you tell me the time?

4-Starting a conversation asking about help. داوای یارمەتی کردن

-Could (Can) you help me?

تێبینی : لەو یاساییەی سەرەوەدا دەتوانین (Could) بەکاربهێنین ، وە هەروەها دەشتوانین (Can) بەکارهێنین ، هیچ جیاوازییەکیان نییە بۆ زانیاریمان.

5-Starting a conversation asking about the way. پرسیار لە ڕێگا نیشاندان

-Excuse me, can you show me (tell me) the way to the + ناوی شوێن ?

تێبینی : لەو یاسایەی سەرەوەدا دەتوانین (show me) بەکاربهێنین ، وە هەروەها دەشتوانین (tell me) بەکارهێنین ، هیچ جیاوازییەکیان نییە بۆ زانیاریمان.

Examples:

1-What would you say when you want to start a conversation about a new camera?

لەم نمونەیەی سەرەوەدا دەبینین هیچ کام لە شێوەکانی گفتوگۆی تێدا نییە ، لەبەرئەوە پێویستە بەو شێوەیەی لای خوارەوە شیکاری بکەین:

-Such a new camera, isn’t it?

Other examples:

1-Use (such) to start a conversation about a nice camera.

-Such a nice camera, isn’t it?

2- Start a conversation with a stranger talking about the weather. Use (dismal).

-Dismal weather, don’t you think?

3-How will you ask someone to show you the way to the ministry of health?

-Excuse me, can you show me the way to the ministry of health?

4-Ask someone to show you the way to the station.

-Excuse me, can you show me the way to the station?

5-Ask someone about the way to the public library.

-Excuse me, can you show me the way to the public library?

6-Start a conversation with someone asking him about a wonderful car.

-Such a wonderful car, isn't it?

7-You get on a bus and see an empty seat. start conversation.

-Is this seat taken?

Leave – taking خواحافیزی

ئەم بڕگانەی لای خوارەوە بەکاردەهێنین بۆ خواحافیزی :

1-Goodbye

-Goodbye وەڵامەکەی

ئەو دوانەی سەرەوە بەشێوەیەکی ڕەسمی یان نارەسمی لەناو هاوڕێکاندا بەکاردەهێنرێ ، هەروەها کاتی بینینەوەش دەستنیشان ناکرێ.

2-Bye.

-Bye. وەڵامەکەی

ئەو دوانەی سەرەوە بەشێوەیەکی نارەسمی تەنها لەناو هاوڕێکاندا بەکاردەهێنرێ ، هەروەها کاتی بینینەوەش دەستنیشان ناکرێ.

3-See you.

-See you. وەڵامەکەی

ئەو دوانەی سەرەوە بەشێوەیەکی نارەسمی تەنها لەناو هاوڕێکاندا بەکاردەهێنرێ ، هەروەها کاتی بینینەوەش دەستنیشان ناکرێ.

4-See you + کات .

ئەو بڕگەیەی سەرەوە کاتێک بەکاردەهێنرێ کە بتەوێت لەدواییدا یەکتر ببینیتەوە ، وە لەگەڵ بڕگەی (see you) کاتەکەش دەوترێ ، وە کاتەکانیش بریتین لە (later, soon, tomorrow) ، بۆ نمونە ئەگەر کاتێک هەڵبژێریت دەڵێیت (see you tomorrow) .

وە لە وەڵامی ئەو بڕگەیەی سەرەوەدا یەکێک لەم بڕگانەی خوارەوە بەکاردەهێنین :

1-O.K

2-All right.

3-Fine.

5-When leave-taking in the evening or retiring to bed.

-Good night.

-Good night. وەڵامەکەی

ئەو دوو بڕگەیەی سەرەوە کاتێک بەکاردەهێنین کاتێک بمانەوێت خواحافیزی بکەین لە شەودا یان بمانەوێت جیاببینەوە و بخەوین ، وە پێویستە ئاگادار بیت کە (Good night) بۆ خواحافیزی بەکاردەهێنرێ نەک بۆ سڵاو کردن وەکو زۆر جار لە تاقیکردنەوەدا بەرچاو کەوتووە.

6-Goodbye and good luck.

-Goodbye and all the best.

-Thank you. Goodbye. وەڵامەکەی

ئەو دوو بڕگەیەی سەرەوە کاتێک بەکاردەهێنین بۆ خواحافیزی لەکاتی جیابوونەوە بۆ ماوەیەکی درێژ وەکو سەفەر کردن بۆ هەر مەبەستێک بێت و جۆری گەشتەکەش دیاری نەکرابێت کە بە ئاودا گەشت دەکات یان بە ئاسماندا گەشت دەکات.

وە ئەگەر بمانەوێت خواحافیزی بکەین لە کەسێک کاتێک کە گەشت دەکات بە وشکانیدا ئەوا ئەو یاسایەی لای خوارەوە بەکاردەهێنین :

-Goodbye and have a nice trip (journey). خواحافیزت بێت و بەهیوای بوونی گەشتێکی خۆش

-Thank you. Goodbye. وەڵامەکەی

وە ئەگەر کەسەکە بە ڕێگای ئاویدا بڕوات و بڕگەی (sea, ship, water) هەبوو لە نمونەکەدا ، یان ئەگەر وشەی (harbour) واتا (بەندەر) بەکارهات ئەوا ئەو یاسایەی لای خوارەوە بەکاردەهێنین :

-Goodbye and have a nice voyage. خواحافیزت بێت و بەهیوای بوونی گەشتێکی خۆش

-Thank you. Goodbye. وەڵامەکەی

وە ئەگەر کەسەکە بە ڕێگای هەوادا یان ئاسماندا بڕوات و بڕگەی (air, plane, airport) هەبوو لە نمونەکەدا ، ئەوا ئەو یاسایەی لای خوارەوە بەکاردەهێنین :

-Goodbye and have a nice flight. خواحافیزت بێت و بەهیوای بوونی گەشتێکی خۆش

-Thank you. Goodbye. وەڵامەکەی

Examples:

1-Your friend is wishing you a nice trip. What do you say to him?

-Thank you. Goodbye.

2- Your friend is leaving for England. You wish him a good luck. What does he say to you?

-Thank you. Goodbye.

3-What do you say when your friend is leaving for france?

-Goodbye and good luck.

4-What will you say when you leave your boss at the end of the day’s work?

-Goodbye.

5-What will you say to your teacher when you leave him at 3:00 p.m.?

-See you tomorrow.

لەو نمونەیەی سەرەوەدا باسی مامۆستا دەکات ، تۆش بەنیازیت ببینیتەوە بۆیە ئەو بڕگەیەمان بەکارهێنا.

6-Respond to your friend who has just said (See you tomorrow)?

-All right.

7-My friend, Dara, flew to London. I said to him……...

-Goodbye and have a nice flight.

8-Your friend is leaving for france. You wish him good luck. What does he say?

-Thank you. Goodbye.

Invitation دەعوەت کردن – بانگهێشت کردن-

دەعوەت کردن دوو جۆرە :

1-بۆ خواردن و خواردنەوە فرمانی (have) بەکار دەهێنین.

2-بۆ ڕۆیشتن بۆ شوێنێک فرمانی (go) یان (come) بەکاردەهێنین.

یاساکان ئەمانەن کە بەکاریان دەهێنین بۆ مەبەستی دەعوەت کردن ، وە ئەو (.obj) انەی کە لە یاساکاندا نوسراوە جاری وا هەیە نییە ، جاری واش هەیە نییە بۆیە ئەگەر نەبوو ئەوا لەدوای (base) ەکە کۆتایی بە وەڵامەکە بهێنە :

1-Would you like to + base + com. ?

2-Would you be free to + base + com. ?

3-Would you care to + base + com. ?

4-Could you + base + com. ?

5-Let's + base + com. , shall we?

تێبینی : ئەگەر شوێن و کاتەکە دەستنیشان کرابوو لە پرسیارەکەدا ، ئەوا لە کۆتایی ڕستەی دەعوەت کردنەکە دەنوسرێ ئەویش لە پێشدا شوێنەکە پاشان کاتەکە.

تێبینی : (.com) کورتکراوەی (complement) ە واتە (تەواوکەر) واتە ئەو بەشەی کە ڕستەکە تەواو دەکات ، وە جاری واش هەیە تەواوکەرمان نییە.

Some solved examples:

1-Would you like to come to the pictures tomorrow?

2-Would you be free to come to the theatre this evening?

3-Would you care to have dinner here tonight?

4-Could you come to the party in my house this night?

5-Let's go to the cinema, shall we?

Example:

-Invite your frind to the movie.

لەم نمونەیەی سەرەوە دا دەبینین کە دەعوەت کردنەکە بریتییە لە ڕۆیشتن بۆ شوێنێک کە ئەویش (movie) ە واتا سینەما ، بۆیە پێویستە لێرەدا فرمانی (go) یان (come) بەکاربهێنین:

-Would you like to come to the movie?

-Let's go to the movie, shall we?

Accepting (agreement) ڕازی بوون

بۆ مەبەستی ڕازی بوونی دەعوەت کردن چوار یاسامان هەیە کە ئەوانیش بریتین لە:

1-Thank you very much. That's very kind of you. (ڕەسمی و نارەسمی)

2-Thank you very much. I'd like to very much. (نارەسمی)

3-Thank you very much. I'd like love to. (نارەسمی)

4-Yes, with pleasure. (ڕەسمی)

Refusing ڕازی نەبوون

بۆ مەبەستی ڕازی نەبوون بۆ دەعوەت کردن دوو یاسامان هەیە کە بریتین لە :

1-Well, that's very kind of you but Iam afraid + پاساو.

2-I wish I could Iam afraid + پاساو.

ئەمانەی لای خوارەوە بریتین لە پاساو هێنانەوە بۆ نەچوون و نارازی بوون بۆ چوون بۆ دەعوەت :

1-I have this wretched exam.

2-I'm rather tied up.

3-I'm very busy.

4-I'm very tired.

5-I'm very sick.

تێبینی / ئەم ڕاناوانەی لای خوارەوە لە کاتی دروستکردنی (invitation) دا دەگۆڕێت وەکو :

ژمارە	پێش گۆڕینی	دەگۆڕێ بۆ
1	with you	With me
2	to you	to me
3	your	my
4	his, her, their	your
5	him, her, them	you

تێبینی : کاتێک بمانەوێت بڕگەی (let's) بەکاربهێنین ئەوا پێویستە بڕگەی (with you) لاببەین.

Examples:

1-Invite your friend to the pictures. (use: let)

-Let's go to the pictures, shall we?

2-Invite Samir to have lunch with you.

-Would you like to have lunch with me?

3-State how would you accept Hemn's invitation to have a cup of tea with him.

-Thank you very much. That's very kind of you.

4-You are invited to the theatre. Accept it.

-Yes, with pleasure.

5-Your friend has invited you to a party. Refuse it. What do you say to him?

-I wish I could but I'm afraid I'm rather tied up.

6-You are holding an informal party in your house tonight. (Use: free) to invite your friends.

-Would you be free to come to a party in my house tonight?

7-Refuse an invitation. Use (I'm afraid)

-Well, that's very kind of you but I'm afraid I have an exam.

8-You are invited to a party, you won't like. Refuse giving reasons.

- Well, that's very kind of you but I'm afraid I have an exam.

9-Use (let) to express an invitation.

-Let's go to the theatre, shall we?

10-How would you invite Ahmed to your house to see your new computer? (Use: care to)

-Would you care to come to my house to see my new computer?

11-Let's go to the pictures this afternoon, shall we? Refuse , using (a lot of work)
